ڕۆژنامە

٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەرهێنەکات

ژمارە 586 سێشەممە 15/ 6/ 2010 نرخ 750 دینار

No.586 Tue 15/ 6/ 2010



ئەمڕۆ هەولێری پایتەخت چلەی شەهید سەردەشت لە خۆ دەگرێت



هەقە خەڵکی کەرکوک لە دژی ئیدارەی شار خۆپیشاندان نەکەن

بۆ ل٨

ڕێکخراوێکی ئەمریکی: دەسەڵاتی کوردی مامەڵەی دوژمنکارانە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن دەکات

ڕۆژنامە

ڕێکخراوێکی ئەمریکی لەتازەترین هەڵسەنگاندنیدا بۆ ئەدای هێزی ئۆپۆزسیۆن لەهەرێمی کوردستان، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە دەسەلاتی کوردی (پارتی و یەکێتی) بەچاوی دوژمن سەیری ئۆپۆزسیۆن دەکات.

ئەو ڕاپۆرتە کە ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد(ئاسک)، چەند ڕۆژێکە ئامادەی کردووە هەڵسەنگاندنی بۆ کاری ئۆپۆزسیۆن کردووە، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: ئۆپۆزسیۆنبوون لە ژیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەرکەوتێکی نوێیە، بۆیە لە ڕوانگەی دەسەلاتەوە وەک «جەستەیەکی نامۆ» سەیردەکرێتو تارادەیەک بە دیدێکی دوژمنکارانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لەبەرئەوەش بەرەو ڕووی زۆر ئاستەنگو گرفت بووەتەوە.

د.جەعفەر عەلی، پەرلەمانتاری کوردستان هاوڕایە لەگەڵ ئەو بەشەی ڕاپۆرتەکەو پێیوایە: تا ئێستا لە کوردستان ئۆپۆزسیۆن مامەڵەیەکی تەندروستی لەگەڵ ناکرێت، ئەوەش هێندەی پەیوەندیی بەو بنەما ناتەندروستو ئەو بونیادە سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئابووریەوە هەیە کە لە شاخ حیزبی لەسەر دامەزراوە، «هێندە پەیوەندیی بەو کەسانەوە نییە کە لە ناو پەرلەمانو حکومەتدان».

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی (ئاسک)دا هاتووە: ئەدای ئۆپۆزسیۆن لە دیدی فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنەوە، ئیجابیبوون ئەوەیە کە جیاوازییەکان بپارێزرێنو بکرێن بە هێزێکی یەکخستنی گەورەو ئاراستەکردنی سیاسەتی حکومەت، بەڵام بە تێگەیشتنی دەسەڵات، ئیجابیبوون بریتییە لە پیشتگیریی ڕەها لە گوتارو پڕۆژەو بڕیارەکانی دەسەڵات.

بۆ ل٧



فۆتۆ: ڕۆژنامە

(٥٤٪)ی هاوڵاتیان دەستووری هەرێم ڕەتدەکەنەوە

ڕۆژنامە

بەپێی ڕاپرسییەکی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE) سەبارەت بە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان (٥٤٪)ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە پەسەند نازانن.

ڕاپرسییەکە، کە لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، (٧٢٪)ی هاوڵاتیان پێیان باشە ئەو کەسەی پۆستی سەرۆکی هەرێم وەردەگرێت پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەدەست بهێنێت، (٥٧٫٥٪) بڕوایان وایە ئەو دەسەڵاتەی لە پڕۆژەی دەستوورەکەدا دراوەتە سەرۆکی هەرێم، زۆرەو کاریگەریی لەسەر سیستمی پەرلەمانی دادەنێت، لە پاشکۆی ڕای گشتییدا زیاتر بڵاوکراوەتەوە.

حیزبیی نەبێت، سەبارەت بە سەروەتو مالی بەرپرسانیش (٨٢٫٦٪)ی هاوڵاتیان داوا دەکەن، کە دەقێکی دەستووریی هەبێت لەبارەی دیاریکردنی سەرو سامانی بەرپرسانی دەوڵەتو کاربەدەستان پێش وەرگرتنو پاش کۆتاییهاتنی پۆستەکانیانو دیاریکردنی سەرچاوەکانی، هەروەک (٥٧٫٥٪) بڕوایان وایە ئەو دەسەڵاتەی لە پڕۆژەی دەستوورەکەدا دراوەتە سەرۆکی هەرێم، زۆرەو کاریگەریی لەسەر سیستمی پەرلەمانی دادەنێت، لە پاشکۆی ڕای گشتییدا زیاتر بڵاوکراوەتەوە.

«پەرلەمان بووە بە تەمەڵخانە»

بەرهەم خالید

زیاتر لە سێ هەفتەیە پەرلەمانی کوردستان هیچ دانیشتنێکی ئاسایی ئەنجامنەداوەو سەرەتای مانگی داهاتووش پشووی (٦٠)ڕۆژەی هاوینەی وەردەگرێتو پەرلەمانتارێکیش خولی ئەمجارەی پەرلەمان بە «تەمەڵخانە» وەسفدەکات.

عەبدوللا مەلا نوری، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ڕەخنە لە ئەدای پەرلەمانەکەی دەگرێت کە لەم خولەیدا نەیتوانیوە وەک پێویست ڕۆڵی خۆی ببینێت، ئەویش بەهۆی کەم دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە، لە کاتێکدا کوردستان پێویستی زۆری بە یاسایە لە بواری جۆراوجۆرەکانداو دەڵێت: «پەرلەمان زۆر سستو ناچالاکو بێهێزەو بە ئەرکە یاساییەکانی خۆی هەڵناسێتو بووە بە تەمەڵخانە»، ئەوەش پێچەوانەی بنەمای کاری پەرلەمانەو خەمساردیی پەرلەمانتارانیش لەوبارەیەوە مایەی نیگەرانییو تەنانەت ئۆپۆزسیۆنیش لە ئاست ئەو کەمتەرخەمیەدا بێدەنگە».

بەپێی نەریتی کاری پەرلەمان، دەبێت لانی کەم هەفتانە سێ دانیشتن ئەنجام بدرێت، بەڵام لە ماوەی زیاتر لە (٩)مانگ کارکردنی ئەم خولەی پەرلەماندا تەنیا (٢٥) دانیشتنی ئاسایی ئەنجامداوە، لەکاتێکدا پێویست بوو لانیکەم (٩٠) دانیشتنی ئەنجامبدایەو جگە لە بودجەی ئەمساڵ تەنها (٣) پڕۆژە یاسای پەسەند کردووە، ئەوەش کاری پەرلەمانی ناچالاک کردووە.

حەمە سەعید حەمە عەلی، پەرلەمانتاری کوردستان، نیگەرانیی خۆی لە سستیو کەمیی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەردەبڕێتو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: ئێستا پڕۆژەیاسایەکی زۆر لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەو هێشتا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکراوە، هەروەها چەند پڕۆژەیاسایەک خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە.

بەهۆی سەردانی سەرۆکی پەرلەمانەوە بۆ بەغدا، پێناچێت ئەم هەفتەیەش پەرلەمان دانیشتنی ئاسایی ئەنجام بدات، ئەوەش دەبێتە سێیەم هەفتە کە هیچ دانیشتنێک ئەنجام نادرێتو پاش دوو هەفتەی دیکەش پەرلەمان پشووی (٦٠)ڕۆژەی خۆی وەردەگرێت.

ئەندامێکی کۆنگرە: نوێبوونەوە لە یەکێتیدا ڕووینەدا

بۆ ل٣

سەروەریی خاکی هەرێم لە ئەستۆی کێدایە؟

بۆ ل٤

چوار ڕۆژە شاندی لیستە کوردییەکان هیچ لایەنێکی عێراقیی نەبینیوە

سەنگەر جەمال

تائەمڕۆ کە چوار ڕۆژەکات، وەفدی (ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان) لە بەغدا هیچ لایەنێکی عێراقییان نەبینیوەو ئەندامێکی وەفدەکەش دەڵێت وەک وەفدێکی فەرمییو نیشتمانیی بایەخیان پێنەدراوە.

ئازاد چالاک، ئەندامی شاندی ئیئتیلافەکە لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە، ئاشکرایکرد، کە تائێستا وەفدی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا هیچ دیدارو کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان ئەنجامنەداوە جگە لە وتوێژی ناوخۆی نێوان کوتلە کوردستانییەکان لە هەرێمو بەغدا، وتی: «کۆبوونەوەیەکمان لە هەولێر لە تەلاری پەرلەمان بە ئامادەبوونی هەموو لایەنە بەشداربووەکان ئەنجامدا جگە لە نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە کۆبوونەوەکەی بەغداش سەرجەم ئەندامانی لایەنە کوردستانییەکان جگە لە ئەندامانی یەکێتی، کە تەنیا یەک ئەندامیان ئامادەبوو کۆبوونەوەیەک بەڕێوەچووە».

لەبارەی ئەو هۆکارانەی بوونەتە ڕێگر لە بەردەم دەستبەکاربوونی وەفدی لیستە کوردستانییەکان لە بەغدا، وتی: «دوو هۆکاری سەرەکیی ڕێگر بووە، یەکەمیان: پەیوەندیی بەو دۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی عێراقەوە بەهۆی دواکەوتنی ڕێکەوتنی لایەنە سیاسییە عێراقییەکان بە پێکهێنانی کوتلەیەکی یەکگرتووی پەرلەمانی، کە بتوانێت لەگەڵ لایەنەکانی دی حکومەتی ئایندەی عێراق پێکبێنێت»، دووەم هۆکاریشی بۆ شێوازی ڕێکخستنی وەفدە کوردییەکە گەڕاندەوەو وتیشی: «بەڕای من کەموکوڕی زۆری پێوە دیارەو وەکو وەفدێکی فەرمییو نیشتمانیی هەرێمی کوردستان بایەخی پێنەدراوە لەکاتێکدا تەنیا ئەم وەفدە نوێنەری هەموو لایەنە سیاسییە کوردییەکانی براوەی پەرلەمانی عێراقن خاوەنی مافی دانوستانیان هەیە».

دادگا، داوای سێ پاسەوانی عومەر فەتاح دەکات

ئەلەند مەحوی

ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، وەلامی سێ داواکاریی دادگای نەداوەتەوە کە تایبەت بوون بە (داواکردن)ی سێ تۆمەتبار کە هەرسێکیان پاسەوانی جێگری پێشووی سەرۆک وەزیران بوون.

بەپێی ڕاپۆرتێکی سەنتەری گەشەپێدانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ (DHRD) کە تایبەتە بەو پێشێلکارییانەی ڕووبەڕووی دادگاکان بوونەتەوەو لە مانگی ڕابردوودا بڵاوکراوەتەوە، دادگای سلێمانی، داوای سێ پاسەوانی عومەر فەتاح، جێگری سەرۆک وەزیرانی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران، وەلامی دادگای نەداوەتەوە.

ڕاپۆرتەکەی (DHRD) ئاشکرای دەکات کە ئەو دۆسیەیە بەپێی مادەی (٤٣١)ی یاسای سزادانی عێراقی لە بنکەی پۆلیسی بەختیاری لێکۆڵینەوەی تێداکراوەو دادگا بەداواکارییەکانی (٢١٣٩، ٢٥١٦، ٢٨٩٢) داوای ناردنی هەریەک لە تۆمەتباران (ر)،(ک)،(م)ی کردووە، بەڵام وەک ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێدەکات: «لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، هیچ وەڵامێکی نووسراوەکانی دادگا نەدراوەتەوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەو ناردنی ئەو سێ تۆمەتبارە».

بۆ ل٢

ئەندامێکی کۆنگرە: نوێبوونەوە لە کۆنگرەی یەکێتیدا رووینەدا

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

ئەندامێکی کۆنگرەی یەکێتی ڕەخنە لە سەرکردایەتی حیزبەکەی دەگرێت، کە ئەو بانگەشەیەی پێشتر بۆ نوێبوونەوەو چاکسازیی دەیکرد، لە کۆنگرەدا ئەنجامەکەی وا دەرنەچوو.

دوای (١١) ڕۆژ لە بەردەوامبوونی سێیەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پێڕێ یەکێتی کۆتایی هێنا بەو کۆنگرەیەی کە بە مەبەستی بەخۆداچوونەوە لە سیاسەتو پەیڕەوی ئیشکردنی حیزبەکەیدا بەستبووی و تێیدا (٤٨) ئەندام بەشێوەی هەڵبژاردن بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردران (لەگەڵ سکرتێرو دوو جێگر لە دەرەوەی سیستمی هەڵبژاردن)و هەڵبژاردنی (١٠١) ئەندام بۆ ئەنجومەنی ناوەند (٢٠)یان بەشێوەی تەزکییە لەلایەن سکرتێرەوە دیاری دەکرێن).

ئاریز عەبدوللا، ئەندامی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی ئاماژەی بەوەکرد: کە کۆنگرە گۆڕانکاریی گەورەی بەسەر یەکێتیدا هێناوەو بەرنامەو پەیڕەوی حیزبەکە گۆڕاوەو سەرکردایەتی نوێ هەڵبژێردراوەتەوەو بڕیارو ڕاسپاردەی تێدا دراوە، «کە ئەگەر وەک خۆیان جێبەجێبکرێن، ئەوا دەتوانین بڵێین: یەکێتی هەنگاوی گەورەی ناوە، چونکە سیاسەتی یەکێتی لەگەڵ ئەو بارودۆخەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە، یەکێک بووە لەو تەوەرانەی کە جەختی لەسەرکراوەتەوە».

ئەو گەشبینییەی ئاریز عەبدوللا، لەناو سەرجەم ئەندامانی کۆنگرەدا بەدی ناکرێتو ژمارەیەکیان پێیانوایە: کە ئەو گۆڕانکارییە ڕووینـەداوە کە یەکێتی بەنیازی ئەنجامدانی بوو.

عـەدالـەت عـەبـدوڵـلا، ئـەنـدامـی کۆنگرەکەی یەکێتی بۆ ڕۆژنامە وتی: «تارادەیەکی زۆر مەترسیم هەیە لەوەی کە ئەم کۆنگرەیە نەتوانێت ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکات کە داویەتی، ئەویش لەبەر ئەوەی کە بڕیاربوو پێکهاتەی پێشووی سەرکردایەتی گۆڕانکاریی بەسەردابێت، بەڵام ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکراو هەموو بـرادەرانـی پێشووی سەرکردایەتی سوورببوون لەسەر ئەوەی کە هەموویان جـارێـکـی دیـکـە لـە سـەرکـردایـەتـی یەکێتیدابن».

هەرچەندە پێش بەستنی کۆنگرە یەکێتی بەڵێنی بەلایەنگرانی دابوو کە جیلێکی تـازەو خوێندەوارو ڕۆشنبیر بباتە پێشەوەو ئـەوان ڕۆلیان هەبێت لە بڕیاری سیاسیی، بـەڵام بە وتەی عەدالەت، ئەو بەڵێنە نەبرایەسەر، وتیشی: «بەداخەوە دەرکەوت جۆرێک لە ڕێکەوتن هەبوو کە کێ لە سەرکردایەتی یەکێتیدا بمێنێتەوە، ئەمەش لادان بوو لە پرۆژەی چاکسازیی لەناو یەکێتیدا، کە لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن کە وێستگەیەکی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بوو، ئەو بەڵێنە جێبەجێ نەکرا».

ئەو کادیرەی یەکێتی جەخت لەوە دەکاتەوە: کە ئەندامانی سەرکردایەتی پێشووی یەکێتی دان بەوەدا دەنێن کە ئەوان بەرپرسیارن لەو پاشەکشەیەی کە بەسەر یەکێتیدا هـاتـووە، «بـەڵام لەجیاتی ئەوەی مافی دەنگهێنانی خۆیان بەکاربێنن، پاداشت کرانو کرانەوە بە ئەندامانی سەرکردایەتی، ئەمە لەکاتێکدا کە کەسێک ئەگەر هەڵەبکات شایەنی پاداشتکردن نییە».

لـە بـەرامـبـەردا ئـاریـز عەبدوڵلا، ئاماژە بەوە دەکات: کە ئەو ئەندامانەی چوونەتە کۆمیتەی سەرکردایەتییەوە، بە هەڵبژاردن چـوون، هـەروەک وتی: «ئەو کەسانەی کە دەرچوون هەموویان لە ئەنجامی ململانێیەکی سیاسیی توندی ناوخۆیی دەرچـووندو کـەس خێری پێنەکراوە».

بەڵام عەدالەت عەبدوڵلا، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد: کە لە سەرەتای دەستپێکردنی کۆنفرانسی مەڵبەندەکانەوە لـەلایـەن بەشێکی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتییەوە هەوڵدرا کە ئەو کەسانە ببنە ئەندامی کۆنگرە کە گرەنتی دەدەن بەدەنگانەوەیان بۆ ئەو سەرکردایەتییەی کە پێشتر هەبووە، وتیشی: «ڕاستە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بەویژدانو دڵسۆز بۆ یەکێتی لە کۆنگرەدابوون، بەڵام لەکۆتاییدا بەشی زۆری ئەندامانی کۆنگرە کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەندامانی پێشووی سەرکردایەتییەوەو بەئاشکرا دەبینرا کە داوایـان لێدەکرا دەنگیان پێبدەن، ئەمەش پێچەوانەی مومارەسەی دیموکراسییە لەناو یەکێتیدا».

بەو هۆیەشەوە عەدالەت عەبدوڵلا، پێیوایە: «ئەو بانگەشەو بەڵێنانەی کە پێشتر سەرکردەکانی یەکێتی سەبارەت بە نوێبوونەوەی حیزبەکە دابوویان، وادەرنەچووە».



پارتیو یەکێتی پێش کۆنگرە بڕیاری خۆیان داوە
یەکێتیی نووسەران، بێ سەرۆک کۆنگرە دەبەستێت!

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

لە چوارچێوەی سەرۆک بۆ یەکێتیو جێگر بۆ پارتی، یەکێتیی نووسەرانی کورد مانگی داهاتوو کۆنگرە دەبەستێت، لەکاتێکدا سەرۆکی یەکێتییەکە ئاگادارنەکراوەتەوەو ئەندامانیش لە میکانیزمی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە ناڕازین.

پاش تێپەڕبوونی (١٩) ساڵ بەسەر بەستنی شەشەمین کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە شارۆچکەی شەقڵاوە، بڕیارە لە ٢٠١٠/٧/١ بە ئامادەبوونی زیاتر لە (١١٠) ئەندام حەوتەمین کۆنگرەی یەکێتییەکە لە سلێمانی سازبکرێت.

بەستنی ئەو کۆنگرە لەکاتێکدایە کە بەپێی ڕێکەوتنامەی ستراتیژیی نێوان پارتی دیموکرات‌و یەکێتیی نیشتمانیی پێش بەستنی، سەرۆکو جێگری یەکێتییەکە دیاریکراوە، کە سەرۆکەکەی بۆ یەکێتییەو کاکە مەم بۆتانی دەستنیشانکراوە، هاوکات جێگرەکەی بۆ پارتییەو بڕیارە ئازاد عەبدولواحید بێت.

ڕۆژنامە پەیوەندیکرد بە کاکە مەم بۆتانییەوە، لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەر کاتێک باسی کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کورد دێتە پێشەوە، نـاوی مـن وەک سـەرۆک دێـت، بـەڵام بـە عەمەلیی هیچ لایـەنـێـک منی لەو حاڵەتە ئـاگـادارنـەکـردووەتـەوەو تەنیا لە ڕۆژنامەکان بیستوومە پالێوراوی سەرۆکی یەکێتییەکەم».

لەبارەی بڕیارە پێشوەختییەکانو تەداخولاتی حیزبیی، شێرکۆ بێکەس، یەکێک لە دامەزرێنەرانی لقی سلێمانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بۆ ڕۆژنامە وتـی: «بەستنی کۆنگرەی نـووسـەران لەم قۆناغەدا پێویستە بۆ کۆکردنەوەی سەرجەمی نـووسـەرانـی کـورد، بەڵام لەگەڵ هیچ بڕیارێکی پێشینە نیم، ئەوە مافی ئەندامانی کۆنگرەیە کە هەموو بڕیارەکان بدەنو بە ئازادیی سەرۆکو جێگر هەڵبژێرن، بڕیاری پێشوەخت دژی دیموکراسیو ئازادیی بیروڕایەو جۆرێکە لە فەرزکردن، کە باوەڕناکەم نووسەران قبوڵی بکەن».

لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی یەکێتیی نووسەران پێکهاتووە لە هەریەک: محەمەد ڕۆژبەیانی، قوبادی جەلی زادە، محەمەد موکریو هەر چـوار سەرۆکی لقەکانی یەکێتییەکە لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، کـەرکـوکو دهـۆک بـۆ ئەو مەبەستەش هەرچوار لقەکە پێشتر لە ناو خۆیان ئەندامانی کۆنگرەیان وەک مەندوب هـەڵـبـژاردووە، هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەش وەک مەندوب نارەزایی لە ئاستی ئەندامانی یەکێتییەکە لێکەوتووەتەوە.

د.عەبدوللا ئاگرین، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کـورد، ئاماژەی بەوەکرد: پێشتر یەکێتیی نـووسـەران ڕەشمالی کۆکردنەوەی ئەدیبان بووە بێ جیاوازی بیروڕاو ئینتیمای سیاسییو ئایینی، بەپێی پەیڕەو دەبـوو چەند ساڵێک لەمەوبەر کۆنگرە سازبکرایە، ئێستا کە بڕیارە کۆنگرە ببەسترێت، هەر چاکە، بەڵام بەوشێوەی لیژنەی ئامادەکار بڕیارياندداوە ئەدیبان نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن، ئەمە کارێکە ناشەرعییەو دژی ئازادیی بیروڕای مافی ئەدیبانە.

ئاگرین وتیشی: «زۆربەمان ئاگامان لە کارەکانی ئامادەکارانی کۆنگرە نەبووە، لەبەرئەوە دەنگی نـارەزایـی بەرامبەر هەڵسوڕاوان بەرزبووەتەوە، چونکە پێشتر خاسیەتی ئەو یەکێتییە ئەوەبووە لەسەر ئاستی تاکەکەس مومارەسەی مافەکان کـراوە، نەک بەمشێوە ناتەندروستەی ئێستا».

عـەبـدوڵـلا ئـاگـریـن لـە ئەندامانی بـەشـداری شـەش کۆنگرەی پێشووی یەکێتییەکەیەو یەکێک لە ئامادەکارانی کۆنگرەی پێشووشە، ڕەخنە لەشێوەی ئامادەسازییەکانی حەوتەمین کۆنگرە دەگرێتو دەڵێت: «ئەوساو ئێستا کاری وا ناتەندروست نەکراوە، ڕاستتر وابوو هەموو لایەنەکان کۆببنەوەو لەسەر چۆنێتی بەرنامەی کۆنگرەکە ڕێکبکەون، چونکە بەو هەوڵەی ئێستایان ئەو دەستەیە خۆیان دەخەنە ژێر پرسیارەوە، بەوەی کێ ئەو بڕیارە هەڵەیەی داوە بەشداری کۆنگرە بە نمایندەی ئەندامان بێت، ئەوە لەپشت پـەردەوە کـراوەو مەترسیی پەرتبوونی ریزەکانی ئەدیبانی لێدەکرێت، هەنگاوەکان شەفاف نینو دژ بە کەشی دیموکراسییەتو میژووی سەربەرزی یەکێتیی نووسەرانن».

هەرچەندە عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کوردە، بەڵام وەک خۆی بۆ ڕۆژنامەی ئاشکرا دەکات، سەیریی ئامادەسازیی ئەو کۆنگرەیە لەوەدایە سەرۆکیان لە کۆبوونەوەکان ئـاگـادارنـەکـردووەتـەوە!، هاوکاتیش بە ئەمری حیزبیی کۆنگرەکە بەڕێوەدەچێت.

پرۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ بۆ ڕۆژنامە وتی: «دەڵێن من سەرۆکی یەکێتیی نـووسـەرانـی کـوردم، بـەڵام ئەگەر سەرۆک بوومایە بانگ دەکرامو لە کۆبوونەوەکان ئاگادار دەکرامەوە».

سەرۆکی یەکێتیی نووسەران زیاتر وتی: «کۆبوونەوەو هەڵبژاردنی نوێنەرەکان هـەمـووی ئـازاد جـونـدیـانـی ئەمری پێکردوونو ئەوان جێبەجێیان کردووە، پارتیو یەکێتی دەڵێن تۆ سەرۆکی، کەچی ئازاد جوندیانی یەکێکی دیکەی داناوە بۆ سەرۆکو ئیشی بۆ دەکەن!، نازانم سەرۆک ئاگای لە ئامادەسازیی کۆنگرە نەبێت، شەرعییەتی ئەو کۆنگرەیە لە چیدایە؟».

لـەبـارەی دواکـەوتـنـی کۆنگرەی نووسەرانی کورد لـەدوای ڕاپەڕینەوە، عیزەدین مستەفا ڕایگەیاند: «لـەدوای ڕاپەڕین ئیشکراوەو لقەکان کۆنگرەیان کـردووەو خۆیان ڕێکخستووە، بەڵام هۆکاری نەبەستنی کۆنگرە تەنیا لەبەر لاوازیی ئیمکانییەتی مادیی بووە».

قوبادی جەلی زادە، ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە، هۆکاری هەڵبژاردنی مەندوب لەلایەن ئەندامانی نووسەرانەوە بۆ کۆنگرە، بۆ زۆریی ژمارەی ئەندامانی یەکێتییەکە دەگێڕێتەوەو بۆ ڕۆژنامە وتی: «ژمارەی ئەندامانی نووسەران زیاتر لە (٥٠٠) کەسن، دابینکردنی خەرجیی شوێنو خـواردنو شوێنی مانەوە لە سلێمانی زۆری تێدەچێت، بۆیە بڕیاری ئەوەمان دا ئەندامەکان مەندوبی خۆیان هەڵبژێرن بۆ کۆنگرە».

جەلی زادە، وتیشی: «هەڵبژاردنی مەندوب بە مانای فەوتانی دەنگی ئەندامی نووسەران نییە، چونکە ئـەوان کەسێک هەڵدەبژێرنو کەسی هەڵبژێردراویش دەبـێـتـە دەنـگـو ڕەنـگـی ئـەنـدامـان لە کۆنگرەدا».

پ. عیزەدین مستەفا:

دەڵێن من سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کوردم، بەڵام ئەگەر سەرۆک بوومایە بانگ دەکرامو لە کۆبوونەوەکان ئاگادار دەکرامەوە

د. عەبدوللا ئاگرین:

هەنگاوەکان شەفاف نینو دژ بە کەشی دیموکراسییەتو میژووی سەربەرزی یەکێتیی نووسەرانن

ئەمڕۆ هەوڵێری پایتەخت چلەی سەردەشت لەئامێزدەگرێت

دڵێر عەبدولخالق

خێزانی شەهیدی رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان)، ئەمڕۆ لە هەولێر مەراسیمی چلەی تیرۆرکردنی سازدەکەنو رۆژی دواتریش چلەی تیرۆرکردنی ئەو رۆژنامەنووسە لە سلێمانی ڕێکدەخرێت.

بەشدار عوسمان، بـرای شەهید سەردەشت، بە رۆژنامەی وت:«بۆ ڕێزگرتن لەگیانی سەردەشت، خۆمان بەهاوکاریی قوتابیانی هاوڕێی لە زانکۆی سەلاحەدین مەراسیمێک بۆ چلەکەی ڕێکدەخەین، کە تێیدا فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر ژیانی پێشکەش دەکرێتو لە پەیامێکیشماندا بۆ دەزگا ئەمنییەکان داوادەکەین بەزووترین کات بکۆژانی سەردەشت، بدۆزرێنەوەو لێکۆڵینەوەکان بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکرێن».

بەشدار عوسمان، وتیشی: «داوامان لە خەڵکی کوردستان ئەوەیە، بەردەوامیی بـدەن بە چالاکییەکانیانو بە دەزگـا ئەمنییەکانیش دەڵێین: هەرگیز ئەو کەیسە داناخەین».

لەسەر داوای خێزانی (سەردەشت عـوسـمـان)و بـۆ بـەشـداریـکـردن لەو مەراسیمە، بڕیارە کەمپەینی چالاکی «بێدەنگ نابین» ڕۆژی دوای چلەکەی، واتە: چوارشەممە (٢٠١٠/٦/١٦) چلەی ماتەمینی لەبەر دەرکی سەرا لە سلێمانی بەڕێوەببەن.

لەلایەکی تـرەوە، شـۆڕش ئەمین، ئەندامی کەمپەینی چالاکییەکە ئاماژەی بـەوەکـرد: ئەمڕۆ بەشداریی لە چلەی (سەردەشت عوسمان)، دەکەن لە هەولێرو بەیانیش چلەی ماتەمینی لە بەردەرکی سەرای سلێمانی بەڕێوەدەبرێتو تێیدا داوا لە حکومەت دەکرێت هەرچی زووە تاوانباران بدۆزرێنەوەو بەسزای خۆیان بگەن، هاوکاتیش ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر ئەو کەیسە کراوە بۆ خەڵک ئاشکرا بکرێن.

شۆڕش وتیشی: «ئێمە بەردەوامدەبین لە فشارو چالاکییە مەدەنییەکانمان بۆ دۆزینەوەی بکۆژانی سەردەشتو دووبارە نەبوونەوەی حاڵەتی لەوشێوەیە».

سەردەشت عوسمان، ڕۆژنامەنووسو خـوێـنـدکـاری زانـکـۆی سـەلاحـەدیـن بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٤ لەبەردەم کۆلێژی ئەدەبیات لە هەولێر دەرفێندرێتو دوو ڕۆژ دوای ئەو بەرواڕە تەرمەکەی لە موسڵ دەدۆزرێتەوە.


فۆتۆ: سەنگەر جەمال

سۆسیالیستو زەحمەتکێشان:
ناچینە ناو یەکێتیی نیشتمانییەوە

ڕۆژنامە

سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشان، ئەو هەواڵانە ڕەتدەکەنەوە کە ئاماژە بـەوەدەکـەن حیزبەکانیان دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرە بچنە ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە.

محەمەد حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو هەواڵانەی باس لەوە دەکەن سۆسیالیست دەچێتە ناو یەکێتییەوە، ڕاست نییە، چونکە هیچ کەسێک لە سەرکردایەتی ئەو حیزبە بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیی بەئێمەوە نەکردووەو هاوکات ئێمەش هیچ بەرنامەیەکی لەو شێوەیەمان نییە».

لای خۆشیەوە، فەتاح زاخۆیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، وتی: «هیچ دەستپێشخەرییەک لەلایەن یەکێتییەوە بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ ئێمە نەکراوە، ئێمەش هیچ بڕیارێکی لەو شێوەیەمان نییە».

زاخۆیی، وتیشی: «ئەگەر یەکێتی گرووپێکی نـەنـاسـراو لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە کە لە شاری کفری بڵاویانکردووەتەوە، هەڕەشەی تەقاندنەوەی بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە شارەکانی کوردستان دەکەن.

ڕۆژان سـەرۆەت، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی نووسینگەی کفری فراکسیۆنی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوێنێ لە شاری کفری گرووپێک بەناوی (گرووپی گەنجان هێزی دووپشک) بەیاننامەیەکیان بـڵاوکـردووەتـەوەو چـەندین تۆمەتی خیانەتکردنیان داوەتـە پاڵ سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕانو هەڕەشەی تەقاندنەوەی بارەگاکانی گۆڕان دەکەن.

بەیاننامەکە، کـە وێنەیەکی دەسـت ڕۆژنـامـە کـەوتـووەو ئاراستەی خەڵکی کوردستان کراوە تێیدا هاتووە: «جەماوەری خەڵکی کوردستان ڕوونـە لاتان، کە گرووپێک ئەمڕۆ لەژێر ناوی بزووتنەوەی گۆڕان، کە دەتوانین بۆ خەڵکی کوردستانی بسەلمێنین، کە گرووپێکی مافیایی نەبێت هیچی تر نییە، دەیانەوێت تۆوی دووبەرەکی لەم خاکە پیرۆزەدا بچێنن، بۆیە باشترواید ئـەو گـرووپـو تاقمە دەسـت لەکارە نابەجێیەکانیان هـەڵـبـگـرن، ئـەگـەرنـا لـە پـاش بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاگەیاندنەمان ئەگەر واز لەکاری گێرەشێوێنی نەهێنن، ئـەوا ئێمە ناچاردەبین نووسینگەو بارەگاکانتان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان بکەینە ئامانجو خۆمان لە نووسینگەکانتاندا دەتەقێنینەوە».

وتیشی: «هەرچەند ئاسایشی گـەرمـیـان بـەیـانـنـامـەکـەی کۆکردووەتەوە، بەڵام پەیوەندییان پێوە نەکردووینو بەدواداچوونیان بۆ ڕووداوەکە نەکردووە».

ڕۆژنـامـە پەیوەندیی کـرد بە لێپرسراوی ئاسایشی کفری، تەنیا ئەوەی ئاشکرا کرد، کە حاڵەتەکەیان ڕەوانەی سەرووی خۆیان کردووە، بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە لە دوای ئەوە دێت کە ماوەیەک بەر لەئێستا نارنجۆکێک لە بـەردەم نووسینگەی فراکسیۆنی گۆڕان لە کفری دانرابوو.


قادر عەزیز


محەمەدی حاجی مەحمود

لەوبارەیەوە دەستپێشخەری بکات، ئەوکات دەکرێت کۆبوونەوەی لەسەر بکەینو گفتوگۆو بڕیاری لەسەر بدەین».

فەرمانبەرانی وێستگەیەکی کارەبا دەستبەسەرن

ئارام جەمال: کەرکوک

بەهۆی گەندەڵیی و کەمتەرخەمیی لە کارەکانیان (٥) ڕۆژە بە بڕیاری وەزیری کارەبای عێراق تەواوی فەرمانبەرانی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای (مەلا عەبدوڵڵا) لە کەرکوک دەستبەسەرن.

لە سەرەتای وەرزی هاوینەوە کارەبای نیشتمانیی لە شـاری کەرکوک بەتەواوی کەمبووەتەوە، ئەمەش خەڵکو ئەنجومەنو ئیدارەی کەرکوکی نیگەرانکردو لەماوەی ئەم دوومانگەدا چەند جارێک ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک فشاری خستە سەر وەزارەتی کارەبای عێراق و دواجاریش ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بڕیاریدا، ئەگەر لەماوەی (٤٨) سەعاتدا کارەبای نیشتمانیی زیاد نەکرێت، کارەبای ئەو پارێزگایانە دەبڕێت کە لە وێستگەکانی کەرکوکەوە بۆیان ڕەوانە دەکرێت.

کەمتر لە (٤٨) سەعاتی پێنەچوو ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، کەریم وەحید، وەزیری کارەبای عێراق، گەیشتە شاری کەرکوکو لەگەڵ ئیدارەو ئەنجومەنی شارەکەدا تاووتوێی کێشەکەیان کردو بڕیاریدا کارەبای شارەکە لە (١٤٣) مێگاواتەوە بۆ (٢٧٠) مێگاوات زیاد بکرێت.

هەمان ڕۆژ وەزیری کارەبا وێستگەکانی بـەرهـەمـهـێـنـانـی کـارەبـای کـەرکـوکـی بـەسـەرکـردەوەو بـەهـۆی کەمتەرخەمیی گەندەڵییەوە تەواوی فەرمانبەرانی وێستگەی (مەلا عەبدوڵڵا)ی دەستبەسەر کرد.

سەرچاوەیەکی ئاگـادار بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەهۆی لەکارکەوتنی زۆربـەی تۆربینەکانی ئەو وێستگەیەوە، وەزیـری کارەبا سـزای بـەڕێـوەبـەرو فەرمانبەرانی وێستگەی (مەلا عەبدوڵڵا)ی داوەو بڕیاری دەستبەسەرکردنیانی دەرکـردووە تاکو تۆربینەکان چاک دەکەنەوە».

ئەو سەرچاوەیە، وتیشی: «لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابـردوودا تەنیا ئێوارانِ فەرمانبەرە ژنەکان بۆیان هەبووە بچنە ماڵەوەو لەوماوەیەدا بەهۆی تونديی سزاکەیانەوە فەرمانبەرانی وێستگەکە ناچـاربـوون چـوار تۆربایینی وێستگەکە بخەنەوە کارو بەردەوامیشن لە چاککردنەوەی وێستگەکانی دیکە»، ئەوەشی وت: «بەپێی بڕیارەکە کاتێک سزاکەیان لەسەر هەڵدەگیرێت، کە تـەواوی ئەو تۆربایینانەی وێستگەکە چاکبکەنەوە، کە بەهۆی گەندەڵیی و کەمتەرخەمییەوە لەکارکەوتوون».

هەڕەشەی تەقاندنەوەی بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکرێت

پەیامنێری گەرمیان

گـرووپـێـکـی نـەنـاسـراو لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە کە لە شاری کفری بڵاویانکردووەتەوە، هەڕەشەی تەقاندنەوەی بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە شارەکانی کوردستان دەکەن.

ڕۆژان سـەرۆەت، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی نووسینگەی کفری فراکسیۆنی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوێنێ لە شاری کفری گرووپێک بەناوی (گرووپی گەنجان هێزی دووپشک) بەیاننامەیەکیان بـڵاوکـردووەتـەوەو چـەندین تۆمەتی خیانەتکردنیان داوەتـە پاڵ سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕانو هەڕەشەی تەقاندنەوەی بارەگاکانی گۆڕان دەکەن.

بەیاننامەکە، کـە وێنەیەکی دەسـت ڕۆژنـامـە کـەوتـووەو ئاراستەی خەڵکی کوردستان کراوە تێیدا هاتووە: «جەماوەری خەڵکی کوردستان ڕوونـە لاتان، کە گرووپێک ئەمڕۆ لەژێر ناوی بزووتنەوەی گۆڕان، کە دەتوانین بۆ خەڵکی کوردستانی بسەلمێنین، کە

تێکڕای پەرلەمانتارانی گۆڕان، پارەی ئۆتۆمبێلەکانیان ڕەتکردەوە

ڕۆژنامە

دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەوەی کە (٤) پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، هاوڕانەبوون بۆ وەرنەگرتنی پارەی ئۆتۆمبێل لە پەرلەمان، ئەو (٤)پەرلەمانتارەش بڕە پارەکە ڕەتدەکەنەوە.

پاش ئەوەی پەرلەمانی کوردستان، بڕیاریدا بۆ هەر پەرلەمانتارێک ئۆتۆمبێلێک بە (٤٠) هەزار دۆلار بکرێت، پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گـۆڕان بە کۆی دەنـگ، ئەو ئۆتۆمبێلانەیان ڕەتکردەوە. سەرهەنگ فـەرەج، پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی گـۆڕان، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە جەختی لەوەکردەوە کە لە سەرەتاوە هاوڕابوون وەک فراکسیۆن کە ئۆتۆمبێلەکان ڕەتبکەنەوە، بەڵام لەو کاتەی نووسراوەکەیان کردبوو، ئەو (٤)پەرلەمانتارە لەوێ ئامادە نەبوونو لێکتێنەگەیشتنێک هەبووە.

ئەو پەرلەمانتارە، وتیشی: «نووسراویان بە دەستوخەتی خۆیان ئاراستەی پەرلەمان کـردووە، کە ئامادە نین پـارەی ئۆتۆمبێل لەپەرلەمان وەربگرن».

دانیشتنی پەرلەمانی عێراق بەکراوەیی بەجێهێڵرا

ڕۆژنامە

یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی نوێی عێراق بە کراوەیی هێڵرایەوەو پەرلەمانتارە کوردەکانیش بە کوردی سوێندیان خوارد.

دوێنێ یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەسەرۆکایەتی د فوئاد مەعصوم وەک بە تەمەنترین پەرلەمانتاری ئامادەبوو سازدراو پەرلەمانتاران سوێندی یاساییان خواردو لە پەرلەمانتارە کوردەکانیش جگەلە زمانی عەرەبی بە زمانی کوردیش سوێندیان خواردو دواتر سەرۆکی فراکسیۆنەکان کۆبوونەوەیان ئەنجامداو ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بە کراوەیی بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی لیستەکان لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان ڕێکدەکەون.

پاشماوەی... دادگا، داوای سێ پاسەوانی ...

حاکم لەتیف شێخ مستەفا، دادوەری پێشووی دادگای لێکۆڵینەوە، پێیوایە: بەشێکی زۆر لە دادوەرەکان خەڵکی دادپەروەرنو ناچنە ژێردەستی دەسەلاتدارانەوە، بەڵام دەسەلاتیان نییەو ناشتوانن لێپرسینەوە لەو بەرپرسو لایەنانە بکەن کە فەرمانەکانیان جێبەجێ ناکەن.

سەنتەری گەشەپێدانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ، ئەوەش دەخاتەڕوو، کە ڕۆژی (٢٠٠٨/٧/٦)، دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاریداوە کە ڕەزامەندیی مەرجەعی یەکێک لە تۆمەتبارەکان وەربگیرێت کە پێشمەرگەیە لە فەوجی تایبەت بە جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەڵام تا (٢٠٠٩/٢/١٦) کە ئەو ڕاپۆرتە لەلایەن (DHRD)وە ئامادەکراوە، ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکراوە.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، هەرکەسێک فەرمانی دادوەر جێبەجێ نەکات، تۆمەتبارە بە تاوانی بێڕێزیکردن بە دادگاو د. لەتیف، لەمبارەیەوە جەخت لەوە دەکاتەوە: بەپێی یاساکانی هەرێمی کوردستانیش، هەرکەسێک فەرمانی دادگا جێبەجێ نەکات، سزادەدرێت.

لەدوای ڕەتکردنەوەی پارەی ئۆتۆمبێل بۆ پەرلەمانتاران

ڕێگرتن لە بەهەدەردانو دزینی سامانی گشتیی، پێویستی بە یاسایە

ڕاپۆرتی: بەرهەم خالید



ڕەتکردنەوەی پارە بۆ وەرگرتنی ئۆتۆمبێلی پەرلەمانتار، هەڵوێستێکە بۆ ڕێگرتن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی

فۆتۆ: ڕۆژنامە

دزینو بەتالانبردنی سامانی گشتیی لە هەرێمی کوردستاندا بە یاسا قەدەغە نەکراوە، لەکاتێکدا ڕێژەی گەندەڵی لە ئاستێکی بەرزدایەو داهاتی هیچکام لە گومرگو باجو شیرینی گرێبەستە نەوتییەکان دیارنین.

پاش ئەوەی پەرلەمانی کوردستان زیاتر لە (٥)ملیار دیناری بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل بۆ پەرلەمانتاران تەرخانکرد، مشتومڕێکی زۆری لە ناوەندە ڕۆژنامەوانیو سپاسییەکاندا دروستکرد، کە ئەو پارەیە لە مالی گشتیی بۆ پەرلەمانتاران تەرخانکراوەو بەوهۆیەشەوە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان، وەرگرتنی ئەو پارەیەیان ڕەتکردەوە.

کاروان سالح، پەرلەمانتاری کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە باس لەوە دەکات، کە وەرنەگرتنی ئەو بڕە پارەیە، وەک هەڵوێستێک بووە دژ بە بە هەدەردانی سامانی گشتییو نەتەوەیی بۆ ئەوەی نەریتێک دروستبێت کە پارەی زیاد خەرج نەکرێتو لە بری ئەوە لە شوێنو پرۆژەی پێویستدا خەرج بکرێت.

وتیشی: «بەشێکی زۆر لە سەروەتو سامانی کوردستان بە شێوازی جیاجیا بەهەدەر دەڕواتو پارەیەکی زۆر خراوەتە بەردەم بەرپرسانی حکومیو حیزبیو پاش ڕۆیشتنیشیان ئەو ئیمتیازاتانە ناگەڕێننەوە بۆ حکومەت».

بەپێی پێناسەی نەتەوەییەکگرتووەکان بۆ گەندەڵی، هەر ڕۆڵێکی گشتیی بخرێتە خزمەت بەرژەوەندیی تایبەتەوە، دەبێتە گەندەڵی، بە واتایەکی تر بەکارهێنانی پۆستو پایەو مالی گشتیی لەپێناو خۆت، یان خێزانو حیزبو ناوچەکەی خۆت، دەبێتە گەندەڵیو بەهەدەردانی مالی گشتیی.

بە بڕوای سەروەر محەمەد، کە ماستەری لە زانستی ئابووریی سیاسیدا هەیە، هەرێمی کوردستان ئەو پێناسەیەی بەسەردا جێبەجێدەکرێت، بەو پێیەی ئێستا زۆر کەس پارەی حکومەت وەردەگرێت بەبێ ئەوەی ئیشی هەبێت، یان دەزگای حیزبی مووچەو نەسریە لە حکومەت وەردەگـرن، یاخود چەند ناوچەیەکی دیاریکراو بڕێکی باش لە بودجەی گشتیی بۆ تەرخانکراوە کە بۆ بەرژەوەندیی شەخسیو حیزبیی بەکاردەهێنرێتو لە بەرامبەردا چەندین ناوچە هیچ خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆی نییەو پێویایە، کڕینی ئۆتۆمبێلو پێدانی ئیمتیازی زۆر بە پەرلەمانتارانو وەزیرو بەرپرسانی دیکە، بەشێکی تری لە بەهەدەردانی سامانی گشتیو ئەو چاودێرە دەپرسێت: «ئایا نوێنەری خەڵک ئەوە بکات، ئەی چۆن لە حکومەت دەپرسێتەوە؟».

پەرلەمانتارەکەی گۆڕانیش جەخت لەوە دەکاتەوە، کە چەندین دەزگاو کادیری حیزبیی لەسەر بودجەی گشتیی مووچە وەردەگرن، ئەوەش بەشێکە لە بەهەدەردانی سامانی گشتییو لەلایەکی دیکەوە تا ئێستا داهاتی فرۆشی نەوت دیارنییەو تەنانەت وەزارەتـی دارایـیش نازانێت چەندەو هـەزاران فەرمانبەری وەهمیو ژمارەیەکی زۆر پاسەوانی بەرپرسان هەن کە مووچەیان پێدەدرێتو پرۆژە هەیە چەندینجار بودجەی بۆ تەرخانکراوە، هەروەها ئەو خانوو و ماڵو ئیمتیازاتانەی دراوە بە بەرپرسان، دوای کۆتاییهێنان لە پۆستەکانیشیان، نەیانگەڕاندووەتەوە بۆ حکومەت.

کاروان، هەروەها وتیشی: «لەسەرەتای هاتنی بودجەشدا بۆ پەرلەمان، نادیاریو ناشەفافی زۆر هەبوو لە داهات کە هەندێک وەزارەت هەیە زیـاد لە پێویستی خۆی داهاتی هەیە، بەڵام بودجەیەکی زۆری بۆ دیاریکراوەو ئیمەش وەک ئۆپۆزسیۆن پەنجەمان لەسەر ئەو برینە دانـاوەو بە دەسـەڵات دەڵێین، بەسە بەفیڕۆدانو بە هەدەردانی سامانی خەڵک».

تا ئێستا لە کوردستاندا حیسابات خیتامی سەرۆکایەتییەکان نانێردرێنە پەرلەمان کە چۆنێتی خەرجکردنی بودجەی تەرخانکراو بۆیان دەخـاتـەڕوو، بەو هۆیەوە هەر سێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی کوردستان، لە یاداشتێکدا داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە کە بە زووترین کات، حیسابات کۆتایی هـەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم (پەرلەمان، حکومەت، ئەنجومەنی دادوەریی) ئاراستەی پەرلەمان بکرێن، تا پەرلەمان ئاگاداری چۆنێتیی خەرجکردنی بودجەی ئەو سێ سەرۆکایەتییە بێت، بۆ ئـەوەی بزانرێتو بەرچاوڕوونییەک هەبێت سەبارەت بە چۆنێتیی سەرفکردنی بودجەکە، تا ڕێگەش بگیرێت لە گەندەڵی دارایـیو بەفیڕۆدانی سـەروەتو سامانی خەڵک.

سەروەر محەمەد، مامۆستای زانستی ئابووریی سیاسیی، ڕەخنە لەو کەلتوورە دەگرێت کە هەتا ئێستا لە کوردستاندا چ لە پەرلەمانو چ لە حکومەت، حیساباتی خیتامی نییە، کە بریتییە لە بڕی بودجەی خەرجکراو لە بودجەی خەملێنراو و خستنەڕووی ئەوەی ئایا بڕی داهات چەند بووە، هەروەها دەڵێت: «تا ئێستا ئەوەی پێیدەوترێت شیرینی نەوت، دیار نییە کە نزیکەی بودجەی سالێکی هەرێم دەبێت، هیچی دیار نییە، لە کاتێکدا دەبێت ئەو ناوچەیەی پێ ئاوەدانبکرێتەوە کە نەوتەکەی لێدەردەهێنرێت، هەروەها نادیاریی لە گومرگو باجدا هەیەو نازانرێت ئەو بڕە داهاتە چەندەو تەنیا بڕی بودجە دیاریکراوە، ئەوەش بە هەدەردانی مالی گشتییە».

لە ئێستادا چاودێرانو پەرلەمانتاران، بـوونـی یاسایەک بـۆ لێپرسینەوە لە بەهەدەردانی سامانی گشتیی بە پێویست دەزانن، بۆ ئەوەی ڕێگەبگرێت لەو کەسانەی مالی گشتیی خەڵک بە فیڕۆدەدەن.

بە بڕوای سەروەر محەمەد، هەرێمی کوردستان پێویستی بە دەزگایەکە بۆ بەدواداچوونو لێپێچینەوە لە گەندەڵی، بە مەرجێک «ئەسەرێکی ڕەجعی» هەبێت، واتە ئەو کەسانەی کە پێشتریش بەرپرسیارێتیان هـەبـووەو بەهۆیەوە دەوڵەمەندبوون، لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێتو یاساکەیان بەسەردا جێبەجێبکرێت، ئەوەشی وت: «ئەوە بە دەزگایەکی بنبڕکردنی گەندەڵی دەکرێت لەسەر ئاستی نیشتمانیو بەوەش تارادەیەکی زۆرباش گەندەڵی کەمدەبێتەوە».

لەلای خۆیەوە کاروان سالح، ئاماژە بۆئەوە دەکات: ئەوان بە وردیی چاودێریی هەموو دەزگـاو بەرپرسەکان دەکـەن بۆ ئـەوەی ڕێگە لـەو دیـاردەیـە بگرنو لایەنە بەرپرسەکانو ڕای گشتیی لێ ئاگاداربکەنەوەو وتیشی: «کار بۆ ئەوە دەکـەیـن، لە ڕێگەی یاساوە سەرجەم داهاتەکان ئاشکرا بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ڕێگریی لە بەهەدەردانی مالو سامانی گشتیی بکەین».

ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک لە سووڕی متبووندان

ڕاپۆرتی: چاوان عەلی



ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک هاوڵاتیانیان بێئومێد کرد

ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک لە سووڕی متبووندان

ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک، کۆبوونەوەکانیان ڕادەگـرنو ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆکیش پـێـیـوایـە: دەســـەڵات حـەز بـە بوونی ئەنجومەنەکان ناکات.

ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک، بە بیانووی نەبوونی یاسایەکو دروستبوونی ئەو بۆشاییەوە کە نازانرێت کار بەکام یاسا بکرێت، کۆبوونەوەو کارەکانیان ڕادەگرن، بێئەوەی هیچ لایەنێک لێپێچینەوەیان لێبکات.

لـەوبـارەیـەوە، ســۆران عیزەدین، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک بۆ ڕۆژنامە بدات‌و وتی: «حەزناکەم، لەم مەسەلەیەدا قسە بکەم».

لەبەرامبەردا مەلا ماجید، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنـامـە جەختی لـەوەکـردەوە کە نزیکەی سالێکە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر کۆبوونەوەی دەورییان نەکردووە، بەڵام ئەگەر بابەت هەبێتو پێویست بە کۆبوونەوە بکات، ئەوا لە بری جارێک، مانگی دووجاریش کۆدەبنەوە.

مـەلا ماجید، ئەوەشی خستەڕوو: لیژنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر کارناکەن، تەنیا لیژنەی پـڕۆژەکـانو شـارەوانـیـیـەکـان کـە سەرپەرشتی پڕۆژەکانی پارێزگا دەکـەن بە کارایی ماونەتەوە.

هاوکات، حەسەن عەلوی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆکیش ئەو ڕاستییەی دووپاتکردەوە، کە ماوەیەکە لیژنەکانی ئەوانیش کـارا نینو وەک پێویست کارەکان ناڕۆن بەڕێوە.

کارانەبوونی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاسایەکو ئەو بۆشاییە یاساییەی تێیدان، ئەو یاسایەشی لە پەرلەمان بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان دەرچـووە، لە خولی داهاتووەوە کاری پێدەکرێت، ئەمەش وای کردووە کە کاری ئەنجومەنەکان وەک پێویست نەبێت.

ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، کە لە (٢٠٠٥/١/٣١)ەوە هەلبژێردراون، لە ئێستادا لە بۆشاییەکی یاساییدا ماونەتەوەو لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانیش، کار بۆ دۆزینەوەی میکانزمێک دەکات بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشەیە لە ڕێی هەموارکردنی مادەی (٤١)ی یاسای ژمارە(٣)ی سالی (٢٠٠٩)ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە ڕێگە لە کارکردنی ئەنجومەنی ئێستای پارێزگاکان دەگرێت بەو یاسایە.

شـێـرزاد حـافـز، ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پێیوابوو: لەبەرئەوەی نازانرێت کەی هەلبژاردنی ئەنجومەنی پـارێـزگـاکـان دەکـرێـتو لە ئێستاشدا ئەنجومەنی پارێزگاکان پێویستیان بە یاسایەکە بۆئەوەی کاری پێبکەن، بۆ ئەو مەبەستەش داوایـان لە لیژنەی یاسایی پەرلەمان کردووە، لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەولێرو دهۆکو سلێمانی کۆببنەوەو کاربکەن بۆ ئەوەی ئەو مادە یاساییە لابببرێتو ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ئێستادا بۆیان هەبێت ئەم یاسایە پەیڕەو بکەن.

ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، لایـان ڕۆشـن نییە کە کەی هەلبژاردن دەکرێتو چۆن چارەسەری کارکردنی ئەوان دەکرێت.

حەسەن عەلوی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دهـۆک، بە ڕۆژنـامـەی وت: «وادیـــارە کـە دەســەڵاتـی سیاسیی لە کوردستان، حەز بە بوونی ئەنجومەنی پارێزگاکان ناکاتو نایەوێت دەسەڵاتیان هەبێت کە ئەمەش لەگەڵ بانگەشەی دیموکراسیو کۆمەڵگەی مەدەنیدا، یەکناگرێتەوە».

سەروەریی خاکی هەرێم، لەئەستۆی کێدایە؟

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە



دەستووری عێراق، پاراستنی سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستانی وەک بەشێک لە دەوڵەتی عێراق خستووەتە ئەستۆی حکومەتی ناوەندیو هەریەک لە سەرۆک کۆمارو وەزارەتی دەرەوەش ئەرکی لایەنی دیبلۆماسی ئەو پرسەیان لە ئەستۆیە. هاوکات چاودێرانی سیاسیش پێیانوایە؛ بەشێک لە ئەرکی پاراستنی سەروەریی خاکی هەرێم لە ئەستۆی خودی هەرێمە.

سەروەریی هەرێمو حکومەتی ناوەندی

بەپێی مادەی (١١٠)ی دەستووری عێراق، حکومەتی عێراقی وەک فەرماندەی هێزە چەکدارەکان، بەرپرسە لە پاراستنی سنووری هەرێم وەک بەشێک لە خاکی عێراق لەکاتی پێشێلکردنی ئەو سەروەرییەی لە ڕێگەی بەزاندنی سنووری‌کانییەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ماوەی چەند هەفتەیەکە، سوپای تورکیاو ئێران خاکی هەرێم تۆپباران دەکەن‌و لە ڕووکاری سنووری ئێرانەوە (٢)کیلۆمەتر خاکی هەرێم بەزێنراوەو سەدان خێزانیش ئاوارە بوون.

د. شۆڕش حەسەن، پسپۆر لە بواری یاسای دەستووریی، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، پاراستنی سەروەریی خاکی هەرێم لە ئەستۆی حکومەتی فیدرالیدایەو لە دەسەلاتە تایبەتەکانیەتی‌و بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە: سەروەریی سیاسی‌و خاک، پرسێکی گرنگن لە دەوڵەتداو ئەگەر دەوڵەتێک نەتوانێت بەرگریی لە سەروەرییەکە بکات، ئەڵقەیەکی گرنگ لەدەستدەدات، کە دەسەلاتە سیاسییەکەی لەکەدار دەکاتو دەپرسێت: «ئەگەر پێشێلکردنی سەروەریی خاکی عێراق لە ڕێگەی بەزاندنی سنووروەوە لە شارەکانی دیکەی عێراق، لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە دووبارە ببێتەوە، ئایا حکومەتی فیدرالی بێدەنگ دەبێت؟».

دوو بەرپرسی کورد لە بەغدا، سەروەریی هەریمیان لە ئەستۆیە

بەپێی مادەی (٦٧)ی دەستووری عێراقی، سەرۆک کۆمار بەرپرسیارە لە پاراستنی سەروەریی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوەو لەمادەکەدا هاتووە: «سەرۆک کۆمار، سەرۆکی دەوڵەتو سومبولی یەکێتیی نیشتمانیو نوێنەرایەتیی سەروەریی وڵاتو شەونخونی دەکات بۆ گرەنتیو پەیوەستبوون بە دەستوورو پارێزگاریکردن لە سەروەریی عێراقو یەکێتییەکەی‌و سەلامەتی خاکەکەی بەپێی دەستوور»، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ئێستادا جەلال تالەبانی، سەرۆک کۆماری فیعلیی عێراقە.

د. بوخاری عەبدولا، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراق، پێیوایە: «سەرۆک کۆمار، نوێنەرایەتیی دەوڵەت دەکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی‌و بەشێک لە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ».

لەپاڵ سەرۆک کۆماردا، وەزارەتی دەرەوە کە هۆشیار زێباری وەزیریەتی، وەک بەشێک لە دامەزراوەکانی حکومەتی فیدرالی‌و ڕووکاری سیاسەتی دەرەوەی عێراق دەکات، بەشێک لە پرسی پێشێلکردنی سەروەریی هەرێمی دەکەوێتە ئەستۆ، بەو پێیەی ڕۆلی بەرچاوی دەبێت لە قۆناغی کاری دیبلۆماسیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشەیەدا لە ڕووی هێورکردنەوەی بارودۆخەکەو دانوستاندن لەگەڵ لایەنی بەرامبەرو ئاگادارکردنەوەی ئێران لەو پێشێلکارییەو دواهەنگاویش بەنێودەوڵەتیکردنی کێشەکە.

لەوبارەیەوە، د.بوخاری عەبدولا، بەپێویستی دەزانێت، کە وەزارەتی دەرەوە پرسی پێشێلکردنی سەروەریی خاکی هەرێمی زیاتر بەهەند وەربگرتایەو سنووریکی بۆ ئەو پێشێلکارییە دابنایە، کە زیاد لە حەوت ساڵە ئێران ئەنجامی دەداتو وتیشی: «دەبوو وەزارەتی دەرەوە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کاری لەسەر بکردایەو ئەگەر ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێراندا ئەو کێشەیە چارەسەنەکرا، دەبێت بکرێتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی».

هەرێمیش بەرپرسیارە

لە غیابی ڕۆڵی حکومەتی فیدرالی لە پاراستنی سەروەریی هەرێم، کە دەستوور ئەو بەرپرسارێتیەتە پێداوە، پرسیار لەسەر ڕۆڵی دامودەزگا بەرپرسەکانی هەرێم دەکرێت لە پاراستنی سەروەریی خاکەکەیدا، کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەگەرچی بەرپرسیارێتیی سەرەکی لە پاراستنی سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆی حکومەتی فیدرالیدایە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە خودی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارێتی لەئەستۆ نییە».

ئەو پەرلەمانتارەی کوردستان بەپێویستی زانی، کە حکومەتی هەرێم هەموو شێوازەکانی دیبلۆماسی‌و گوشاری نێودەوڵەتی بەکاربهێنێت تا فشار بخاتە سەر ئێران بۆ ڕاگرتنی سنووربەزاندن‌و تۆپبارانەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان‌و وتیشی: «لەهەرێمی کوردستانداکەمتەرخەمی‌و بێدەنگیش هەیە لە ئاست جوڵەی شەقامدا دڕ بە سنووربەزاندن، کە کاری جدیی‌و ئاسانکاریی بۆ ناکرێت».

هاوکات د. بوخاری عەبدولاش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە: «هەرێمی کوردستانیش بەپرسیارێتی دەکەوێتەسەر لە پاراستنی سەروەریی هەرێمدا، لەوەی کە هێزی چەکداری پاراستنی هەرێمی هەیە».

کێشە ساسییەکان، چەمکی سەروەرییان شیواندووە

بەدەر لە ڕیۆشێوێنە دەستوورییەکان، لەئەستۆگرتنی سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان، بەهۆی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغداوە، تا ئەندازەیەک ونبووە، بەوپێیەی کە کێشەی هەردوولا لەسەر هێزی پێشمەرگە وایکردووە کە ڕێگە نەدرێت سوپای عێراق بێتە هەرێمو بەهەمانشێوەش بەغدا دان بە هێزی پێشمەرگەدا نەنێت.

د. بوخاری، پێیوایە: چەمکی سەروەریی بە شێوازە کلاسیکییەکەی نەماوەو گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، کێشەکانیش لەسەر سەروەریی هەرێم سیاسین، نەک دەستووریی‌و وتیشی: «نەبوونی متمانە بەیەکتری وایکردووە کە مامەڵەیەکی سیاسی لەگەڵ پرسی سەروەریی خاکی هەرێمدا بکرێت».

ئەو پەرلەمانتارەی پێشووی عێراق، دەپرسێت: «هێزە چەکدارەکانی هەرێم بەشێکن لە سیستمی بەرگریی عێراقو لە دەستووردا هاتووە، بەڵام ئایا بەپێی دەستوور مامەڵە لەگەڵ هێزەچەکدارەکانی هەرێمدا کراوە؟».

حیزب، بڕیار لە چارەنووسی کورد دەداتو پەرلەمان نەبووەتە مەرجەع

ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال

تائێستا پەرلەمانی کوردستان نەبووەتە مەرجەع بۆ پرسە چارەنوسسازەکانی کوردستان‌و پەرلەمانتارانی لیستە جیاوازەکانیش نکۆڵی لەوە ناکەن‌و حیزبە دەسەلاتدارەکان بە هۆکار دادەنێن، هەروەک کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد (ئاسک) لە دوا ڕاپۆرتیدا جەختی لەوە کردوەتەوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە زیاتر لە (١) ملیۆن‌و (٥٠٠) هەزار کەس دەنگیان بۆ ئەو پەرلەمانە داوە.

پەرلەمان مەرجەع نییە

لە دواڕاپۆرتیدا، کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد (ئاسک)، ئاماژەی بەوە کردووە، کە تا ئێستا پەرلەمانی کوردستان کە خولی سێیەمیەتی، نەبووەتە مەرجەع‌و ئەوەش لەکاتێکدایە بەپێی مادەی(٤٠) لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان‌و بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی پەرلەمان‌و یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، (پەرلەمانی کوردستان، تاکە مەرجەعی سیاسی‌و دەستوورییە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کورد لە دیاریکردنی پەیوەندیی لەگەڵ دەسەلاتەکانی کۆماری فیدرالی عێراق، جا بەشێوەی ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە گەلی کوردستانەوە هەبێت)، هەروەک ئاماژەی بەوەکردووە، کە لە دواپرسی تایبەت بە کورددا لە ڕووی واقیعی‌و کردارییەوە، پەرلەمان نەیتوانیوە ئەم ڕۆڵە بگێڕێت‌و نەگەڕانەوەش بۆ پەرلەمان ئاماژە بوو بۆ پشتگوێخستنی ڕۆڵەکەی سەبارەت بە مەسەلە چارەنووسسازەکانی هەرێمی کوردستان.

دانا عەبدولکەریم، مامۆستای زانکۆو پسپۆڕی یاسای دەستووریی، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پەرلەمان نەبووەتە مەرجەع، ئەمەش لەکاتێکدایە کە تاکە دەزگایە کە نوێنەری خەلکە، وتیشی: «ئەوەش پەیوەندیی بە تێکەڵاوبوونی ئیرادەی حیزب‌و پەرلەمانەوە هەیە، ئەندام پەرلەمان، کە لەسەر لیستی فلان حیزبە هەمان ئیرادەی حیزبیی دەباتە پەرلەمان لەکاتێکدا نابێت ئەوە وابێت»، ئەو باس لەوەشدەکات، هەرسێ ئیرادەکەی پەرلەمان‌و حکومەت‌و حیزبیش یەک ئیرادەیە، ئەویش حیزبە.

هەروەک د.دانا سەعید سۆفی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان، نکۆڵی لەوە ناکات کە پەرلەمان ڕۆڵی خۆی نەبینیوە وەک مەرجەعێک بۆ پرسەگرنگەکانی کوردستان، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە لە دەرەوەی پەرلەمان دامودەزگای حیزبی هەن کە ڕۆڵی پەرلەمان دەبینن، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ژیانی سیاسیی لە کوردستان‌و کێشەی سیاسیی حیزبەکان وایکردووە، پەرلەمان نەتوانێت ئەو ڕۆڵە بنەڕەتییەی خۆی ببینێت، ئەوەش بەهۆی نەبوونی هەماهەنگییەکی تەواو لەسەر هەر سێ ئاستی ئەندام پەرلەمان، لیژنەکان، سەرۆکایەتیی پەرلەمان، لە ڕووی ئیداریی‌و هەماهەنگی نێوان بەشەکانی پەرلەمان، گرفتێک هەیە، کە لەوبڕوایەشدایە بە پلەی یەکەم سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەوە بەرپرس دەبێت کە کارێکی وابکات، لیژنەکان ڕۆڵی خۆیان ببینن‌و بەدەنگیانەوە بچێت، جگە لەوەی هەماهەنگیی لەنێوان خۆی‌و سەرۆکایەتیی حکومەت‌و دامەزراوەکانی هەرێمدا بکات، پێشیوایە: تائێستا پەرلەمان وەک دامەزراوەیەکی پرۆفیشنالی کارناکات‌و نەیتوانیوە بەشەکانی بەشێوەیەکی موگناتیسی لەگەڵ یەک کاربکەن‌و بە موئەسەساتی نەبوون‌و هەندێک حیساباتیش لەدەرەوەی بازنەی پەرلەمان دەکرێت».

پەرلەمان، دەزگایەکی شکلییە

پەیمان عیزەدین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، هاوڕایە لەوەی پەرلەمان نەبووەتە مەرجەع‌و بۆ ڕۆژنامە وتی: «تا ئێستا پەرلەمان بەفیعلیی دەسەلاتی تەشریعی نییەو دامەزراوەیەکی شکلییە بۆ ئیدیعای بوونی پەرلەمان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەگەرنا، تەواوی بڕیارەکان لە دەرەوە دەدرێن، بەشێوەیەک نەدەسەلاتی تەشریعی بەفیعلیی پەرلەمانە، نە دەسەلاتی جێبەجێکردن بەفیعلیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، تا ئێستا بڕیارەکان لە مەکتەبی سیاسیی پارتی‌و یەکێتییەوە دەردەکرێن‌و پەرلەمانی کوردستان‌و ئەنجومەنی وەزیرانی دەزگای شکلین، کە بڕیارە سیاسییەکانی هەردوو پارتی دەسەلات دەخەنە چوارچێوەی یاساییەوە، هەرکەسێک ڕۆژێک بە شێوەیەکی واقیعی لە پەرلەمان کاربکات‌و ئاگای لە بڕیارە سیاسییەکان بێت کە چۆن دەردەچن‌و پەرلەمان چۆن قسەیان لەسەر دەکات، دەزانێت پەرلەمان هیچ ڕۆڵێکی لە هەرێمی کوردستاندا نییە».

باس لەوەش دەکات، هەوڵیانداوە حورمەت بۆ پەرلەمان‌و بڕیارەکانی بگەڕێنەوە، بەڵام مەبدەئی دیموکراسی‌و ملکەچی زۆرینەو کەمینە بە هۆکاری شکستی هەوڵەکەیان دەزانێت‌و وتیشی: «لەکاتێکدا پەرلەمان دەتوانێت ببێتە تاکە مەرجەع، کە بەفیعلیی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان بە لیستی کوردستانییەوە دەستەکانیان لەگەڵ ئێمە بێت، پەرلەمانتار دەتوانێت حورمەت بۆ پەرلەمان بگێڕێتەوە»، ڕەخنەش لە تێکەڵکردنی حیزب‌و پەرلەمان دەگرێت‌و سەرۆکایەتیی پەرلەمانیش بەهۆکاری نەبوونە مەرجەعی پەرلەمان دەزانێت، وتیشی: «سەرۆکایەتیی پەرلەمانیش لە دووفاقییەکدایە، لەسەرەتاوە دەیویست بێلایەن بێت‌و هاوسانگیی بپارێزێت، بەڵام نەیتوانی ئەو بێلایەنییە بپارێزێت‌و ئەوەش بە ڕوونی دیارە لەنێوان قسەو کارەکانیاندا».

وەک پێویست یاسای دەرنەکردووە

سەرباری ئەوەی کە خولی سێیەمی پەرلەمان بە خولێکی جیاوازو چالاکتر دادەنرێت، بەڵام خۆیندنەوەو پەسەندکردنی ژمارەیەکی کەمی پرۆژەیاسا، کە تا ئێستا (٣٣)پرۆژە خوێندنەوەی بۆکراوەو (٧)یان پەسەند کراون، بە خاڵێکی لاوازی ئەم خولە دادەنرێت‌و پەرلەمانتارانیش دانی پێدا دەنێن.

مامۆستاکەی زانکۆ، دەڵێت: «پەرلەمان، وەک یاسادانان نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵەی خۆی ببینێت کە پێویستە، سەرقالیی پەرلەمان بە کاری دیکەوە وایکردووە کە کەمتر بپەرژێتە سەر ئەو پرۆژەیاسایانەو گفتوگۆکردن لەسەریان، هەرچەندە ئەوەش کەموکوڕییەو گرفتە، چونکە سەرەکیترین کاری پەرلەمان دانانی یاسایە»، ئەوەش دەخاتە ئەستۆی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەوپێیەی کەمتر لە ئەجێندای دانیشتنەکانی خۆیدا جێی گفتوگۆی لەسەر ئەو پرۆژانە کردووەتەوە.

لەوبارەیەوە، دانا سەعید پەرلەمانتار، نایشاریتەوە کە وەک پێویست یاسایان دەرنەکردووەو دەڵێت: «ئەو یاسایانەش کە دەرچوون، یاسای زۆر گرنگو ئەوەنەبوون کە پەیوەندییان بە ژیانی خەلکەوە هەبێتو زیاتر تایبەت بوون بە حکومەت‌و موئەسەسات، ڕەنگە لەم ماوەیەدا پەرلەمان نەیتوانیبێت لە ڕووی یاساوە کارەکانی بەپێی پێویست بکات‌و ئەرکەکەی بەجێبگەیەنێت».

لای خۆشیەوە پەیمان عیزەدین پێیوایە: وجودی ئۆپۆزسیۆن وایکردووە دەسەلات نەیەوێت پرۆژەیاسای زۆر بخرێتە بەر گفتوگۆ، چونکە «دەزانرێت ئۆپۆزسیۆن بەفیعلیی نوێنەرو گەیەنەری داخوازییەکانی خەلکەو نایانەوێت بەو چالاکییە دەربکەوێت، جگە لەوە سەرۆکایەتیی پەرلەمان لێپێچینەوەو بەدواداچوونی بۆ هیچ لیژنەیەکی پەرلەمان نییە، چونکە دەبێت لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا ڕاپۆرتی خۆیان بدەن، بەڵام سێ مانگیش ڕاپۆرت ئامادەناکەن‌و سەرۆکایەتیش لێی ناپێچێتەوە، ئەوەش کاریگەریی لەسەر پەککەوتنی پرۆژەکان هەیە».

«دەسەڵات، مامەڵەی دوژمنکارانە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن دەکات»

ڕاپۆرتی: بەرهەم خالید

ڕێکخراوی ئاسک لە بەدواداچوونێکدا بۆ ئەدای ئۆپۆزسیۆن، ئەوە دەخاتەڕوو کە تازەیی کاری ئۆپۆزسیۆنو ڕێگرییەکانی لیستی دەسەڵات، ڕێگربوون لەبەردەم کاری ئەو لیستانەدا.

پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆنیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەسەڵات وەک دوژمن لێیان دەڕوانێتو نایەوێت مامەڵەیەکی واقیعییانە لەگەڵ دیاردەی نوێی ئۆپۆزسیۆندا بکات.

لە ڕاپۆرتێکدا کە هەفتەی پێشوو بڵاویکردەوە، کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کوردی(ئاسک)، هەڵسەنگاندنی بۆ کاری ئۆپۆزسیۆن کردووە، کە لەدوای هەڵبژاردنی (٧/٢٥)ی ساڵی ڕابردووەوە هاتووەتە ئاراوە، ئەویش پاش ئەوەی کە لیستی گۆڕان (٢٥) کورسیو یەکگرتووی ئیسلامیی (٦)کورسیو کۆمەڵی ئیسلامیی (٤)کورسییان لەپەرلەمانی کوردستان بەدەستهێناو بڕیاریاندا بەشداری حکومەت نەکەنو وەک ئۆپۆزسیۆن کاربکەن.

لە ڕاپۆرتەکەی (ئاسک)دا هاتووە: ئۆپۆزسیۆن بوون لە ژیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەرکەوتێکی نوێیە، بۆیە لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە وەک «جەستەیەکی نامۆ» سەیردەکرێتو تارادەیەک بە دیدێکی دوژمنکارانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لەبەرئەوەش بەڕەو ڕووی زۆر ئاستەنگو گرفت بووەتەوە.

ئاماژەی بەوەشکردووە: «لە ڕوانگەی هۆڵی کۆبوونەوەی فراکسیۆنی گۆڕان



فۆتۆ: ڕۆژنامە

لیستی کوردستانییەوە، پێویستە ئۆپۆزسیۆن ڕۆلێکی ئیجابی بگێڕێتو بە بەرنامە ئیش بکاتو کارەکانی بەتەنیا هەر خرۆشاندنی جەماوەر نەبێتو لە پرۆژەو کارە باشەکاندا دەستخۆشی لە دەسەڵات بکات، هەڵبەت لیستی کوردستانیی باوەڕی وایە کە ئۆپۆزسیۆنی کوردی هەڵقوڵاوی واقیعی سیاسییو کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان نییە، بۆیە تەنیا وەک مۆدێلێکی (ڕۆژئاوایی) هەوڵیداوە کە خۆی بسەپێنێتو لە ڕێی هاندانو خرۆشاندنی جەماوەرییەوە بەرەوڕووی دەسەڵات دەبێتەوە».

د. جەعفەر عەلی، پەرلەمانتاری کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، هاوڕایە لەگەڵ ئەو بەشەی ڕاپۆرتەکەو پێیوایە: تا ئێستا لە کوردستان ئۆپۆزسیۆن مامەڵەیەکی تەندروستی لەگەڵ ناکرێت، ئەوەش هێندەی پەیوەندیی بەو بنەما ناتەندروستو ئەو بونیادە سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئابووریەوە هەیە کە لە شاخ حیزبی لەسەر دامەزراوە، هێندە پەیوەندیی بەو کەسانەوە نییە کە لە ناو پەرلەمانو حکومەتدان، وتی: «لە کوردستان حیزب بۆ بەرەنگاربوونەوەو شەڕکردن لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکان دروست بووە، هەر بەم ئەقڵیەتەش حکومەتی پێکهێناوەو پێیوایە، هەموو شتێکی ئەم وڵاتە مولکی ئەوەو نابێت هیچ لایەنێکی تر هاوبەشی بێت، بەو هۆیەشەوە نایانەوێت مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بکەن».

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی (ئاسک)دا هاتووە: ئەدای ئۆپۆزسیۆنەوە، ئیجابیبوون ئەوەیە کە جیاوازییەکان بپارێزرێنو بکرێن بە هێزێکی یەکخستنی گەورەو ئاراستەکردنی سیاسەتی حکومەت، بەڵام بە تێگەیشتنی دەسەڵات، ئیجابیبوون بریتییە لە پیشتگیریی ڕەها لە گوتارو پرۆژەو بڕیارەکانی دەسەڵات.

ئارام قادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: هەرسێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان، توانیویانە بە شێوەیەکی کارا لە ناو پەرلەمانو لە دەرەوەش بە ڕۆڵی ئیجابی خۆیان هەڵسن، چ لە ڕێگای ئەو پرۆژەیاسایانەی پێشکەشیان کردووە، یان چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتو بەشداریکردن لە چالاکییە مەدەنییەکانو چوونە ناو خەڵک، «بەڵام لەبەرئەوەی بوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا شتێکی تازەیەو دەسەڵات هێشتا هەزمی نەکردووە، لێرەو لەوێ گلەیی لە ئەدای ئۆپۆزسیۆن دەکرێت، بەڵام ئێمە بەردەوام چاودێریی حکومەت دەکەینو ڕەخنەو پێشنیازەکانمان لەسەر کارەکانی دەخەینەڕوو».

دەربارەی بۆچوونی جەماوەر، (ئاسک) لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت: «خەڵک بەتایبەت ئەوانەی دەنگیان بە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان داوە، چاوەڕوانی زیاتریان لەو ئۆپۆزسیۆنە هەیە، بۆیە لە ڕوانگەی خەڵکی کوردستانەوە، ئۆپۆزسیۆن لە ئێستادا لاوازترە لەوەی کە پێشبینی دەکرا».

بەڵام، د. جەعفەر عەلی باس لەوە دەکات: ئۆپۆزسیۆنیش دەرهاویشتەی واقیعی ئێستای کوردستانەو ڕەنگە نەتوانێت لە سەداسەد تەندروست بێت، ئەوەش لەبەرئەوەی دەسەڵات تەندروست نییە، وتیشی: «هەر هێزێک لە دەرەوەی دەسەڵات بیەوێت بە ڕێگا دیموکراسییەکان ململانێی سیاسیی بکات، ئەو بە جۆرێک مامەڵەی لەگەڵ دەکات کە ئەوە هێزێکە، دەستی دەرەکی لە پشتەو هێزێکی تێکدەرەو دەیەوێت نائارامیی دروستبێت، بەڵام ئەرکی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن بریتییە لە ڕاگرتنی هاوسەنگی سیاسیی لە وڵاتدا».

ڕاپۆرتەکە، چەند ڕێگرییەو بەربەستێکی لەبەردەم کاری ئۆپۆزسیۆندا دەستنیشانکردووە، لەوانە: تێنەگەیشتنی دەسەڵات لە ئەرکو بایەخی ئۆپۆزسیۆنو مامەڵە نەکردنی ئۆپۆزسیۆن وەک هێزێکی سەربەخۆ لەلایەن دەسەڵاتەوەو ڕێگەنەدان بە گفتوگۆو بەشداری پەرلەمانتارەکان لەکاتی تاووتوێکردنی پرۆژەیاساکانو چەند هۆکارێکی دیکەی وەک ڕۆتینو شێوازی دانیشتنی پەرلەمانتاران لە ناو پەرلەمان.

پەرلەمانتارەکەی کۆمەڵیش ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە: لەلایەن لیستی دەسەڵاتەوە ڕێگرییو ئاستەنگی زۆر دەخرێتە بەردەم کارەکانیان، بە تایبەت کە ڕێگە نادرێت کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دانیشتنەکان بۆ خەڵکی بگوازنەوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە کاتێک لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن پێشنیازو پرۆژەیەک پێشکەش دەکەن، لیستی دەسەڵات کە دەشزانێت ئەو پرۆژەیە سوودی خەڵکی تێدایە، «بەڵام لە ڕوانگەی حیزبایەتییەوەو بە حوکمی زۆرینە، ڕەتیدەکاتەوە، ئەوەش پرۆژەکە پەکدەخات».

سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بەتەوافوق کۆنگرە دەبەستێت

ئەندامێکی ئەنجومەن: سەندیکا بەدەست کێشەوە دەنااڵێنێت، پێویستەکات کۆنگرەکەی پێشبخات

ڕاپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

هەرچەندە پێویستە لە کۆتایی ئەمساڵدا سەندیکای ڕۆژنامەنووسان سێیەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێت، بەڵام ئەنجومەنی سەندیکاکە دابەشبووە بەسەر دوو کوتلەدا: یەکێکیان لەگەڵ دواکەوتنی کۆنگرەنو ئەوی دیکەش لەگەڵ زوو بەستنی کۆنگرەدان.

بەپێی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، هەر سێ ساڵ جارێک پێویستە کۆنگرە ببەستێتو ئەنجومەنێکی نوێ هەڵبژێردرێت، لەو چوارچێوەیەشدا کۆتایی ئەمساڵ ٢٠١٠/١٢/٣١ ماوەی یاسایی ئەم ئەنجومەنەی ئێستا کۆتایی پێدێت، هەرچەندە نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئاماژە بە هیچ ئامادەکارییەک بۆ بەستنی سێیەمین کۆنگرەی سەندیکاکەی ناکات، بەڵام ئەندامێکی ئەنجومەنی ڕۆژنامەنووسان پێیوایە: گرفتەکانی سەندیکا هێندە زۆرن، پێویستە چەند مانگێک بەر لە وادەی یاسایی کۆنگرەی خۆی ببەستێت.

کۆی ئەم حالەتەش لەژێر ڕۆشنایی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی پارتی دیموکراتو یەکێتیی نیشتمانی هاوکێشەی هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی کۆنگرەکە یەکسان دەکات بە هەڵبژاردنی تەوافوقاتی سیاسیی، بەوپێیەی پێشتر یەکێتی و پارتی لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ پارتی بێتو جێگرەکەی بۆ یەکێتی.

فەرهاد عەونی، نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بڕیاری بەستنی سێیەمین کۆنگرەی گشتیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان نەدراوە، چونکە هێشتا شەش مانگی ماوە، هەر بڕیارێکیش دەربچێت، بەشێوەی بەیاننامە ئەنجومەنی سەندیکا بڵاویدەکاتەوە، ڕەنگە مانگی (ئاب) کۆبوونەوە لەسەر ئەو پرسە بکرێت، هەرچەندە کۆنگرە پێویستی بە ئامادەسازیی و ئامادەکاریی زۆر هەیە».

لەبەرامبەردا ئەنوەر حسێن، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، لەگەڵ ئەوەی ئاماژەی بەوەکرد: بە فەرمیی کاتی بەستنی کۆنگرەکە دیارینەکراوەو هەندێک لایەنەیش دەیانەوێت دوابکەوێت، بەڵام سەندیکا بەدەست چەندین کێشەو گرفتەوە دەناڵێنێت، کە پێویستەکات کۆنگرەکەی پێشبخات.

ئەندامەکەی ئەنجومەنی سەندیکا، وتیشی: «کۆنگرە دەتوانێت کێشە بنەڕەتییەکانی وەکو



ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان

فۆتۆ: بڕیار نامیق

زۆریی ئەندامان، چۆنێتی پێدانی مۆڵەت بۆ بڵاوکراوەکان، کێشەی زەوی ڕۆژنامەنووسان، کردنەوەی خولو وۆرکشۆپ بۆ بەهێزکردنی ڕۆژنامەنووسان، هەمواری یاسای ڕۆژنامەگەریو زیادکردنی ئازادییەکانی نەک سانسۆرکردنیو ڕێگەچارەی سووکایەتکردن بە ڕۆژنامەنووسان گفتوگۆبکاتو چارەسەری ئەو کێشانە بکات».

ئەنوەر حسێن لەبارەی تەوافوقاتی سیاسیی پێش کۆنگرە، ئاماژەی بەوەکرد: هەرچەندە ئەو لەگەڵ لیستی ئازادە، بەڵام لە ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی یەکێتیو پارتی باس لەوەدەکات، ڕێکخراوەکان بە تەوافوق هەڵبژێردرێن، لەو چوارچێوەیەدا یەکێتیی نووسەران دراوە بە یەکێتیو ڕۆژنامەنووسان بە پارتی.

چاودێرانی کایەی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان پێیانوایە: بەستنی کۆنگرەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هیچ لەو واقیعە ناگۆڕێت، کە ئێستا سەندیکای تێکەوتووە، بەوپێیەی ئەمە ڕێکەوتنی سیاسیی حیزبەکانە، نەک بەپێی ڕێکەوتنی پیشەیی ڕۆژنامەنووسان.

ئاسۆس هەردی، بەڕێوبەری کۆمپانیای ئاوێنە، لەبارەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانەوە وتی: «ئەو سەندیکایە بەپێی ڕێکەوتنی سیاسیی نێوان یەکێتیو پارتیو حیزبە سیاسییەکان دروستبووە، پێشتر دوو سەندیکا هەبوو، ئەوەی پارتی لە هەولێرو هی یەکێتی لە سلێمانی، پاش ئەوەی پارتیو یەکێتی ڕێکەوتن، هەوڵیاندا ئەو ڕێکخراوانە یەکبخەنەوە، بەوپێیەش نەقیبو جێگری بەپێی هاوسەنگیە سیاسییەکان دیاریکران، نەک بەپێی هەڵبژاردنی ڕاستەقینە لەنێوان ڕۆژنامەنووساندا».

بە بڕوای ئاسۆس هەردی، بەستنی کۆنگرە لە واقیعی حاڵی سەندیکاکە ناگۆڕێت، مەگەر لە بنەڕەتدا هەڵوەشێنرێتەوەو جارێکی تر دروستبکرێتەوە، لەو چوارچێوەیەشدا دەستنیشان بکرێت کێ ڕۆژنامەنووسە، نەک تەنیا پشتگیریی ڕاگەیاندنی حیزبەکان کەسێک بکات بە ڕۆژنامەنووس.

مامۆستایەکی ڕۆژنامەگەریی لە زانکۆی سلێمانی، ئاماژە بەوەدەکات: ئەزموونی دابەشکردنی پۆستەکان پێش کۆنگرەی پارتو ڕێکخراوە سیاسییو مەدەنییو پیشەییەکان لەدوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە نەماوەو ئێستا تەنیا لە مۆزەخانەکانی دونیا ئەو حاڵەتانە دەبینیتەوە.

بەپێی زۆرینەی دەنگ کێ دەتوانێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، هاوکاتیش هەموو ئەندامانی کۆنگرە ئازادن خۆیان بۆ هەر پۆستێک هەڵبژێرن».

لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان خۆیان ڕەخنەیەکی زۆریان لە سەندیکاو چۆنێتی بەڕێوەچوونی ئیشوکارەکانیو ئەدای ئەو سەندیکایە هەیە، لەبەرامبەر پارێزگاریکردن لە دۆخی ڕۆژنامەگەریو پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسان، بەڵام لەناو خودی سەندیکاش ئەو ڕەخنەیە ڕێکخراوتر لە خۆیان دەگیرێت.

ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، ئەنوەر حسێن، ئاماژەی بەوەکرد: سەندیکا نەیتوانیوە مامەڵەیەکی واقیعی بکات، بۆخۆمان هەندێک لە ئەندامان گلەییمان هەیە، چۆن دەکرێت بۆ هەرێم نزیکەی (٤) ملیۆن کەسین، (٥٠٠٠) ئەندامممان هەبێت، بەڵام سەندیکاکانی ڕۆژنامەنووسی لە تورکیاو ئێران، کە دانیشتووانەکەی (٧٠-٨٠) ملیۆن کەسە، (٨٠٠٠) ئەندامیان هەبێت!.

ئەنوەر دەپرسێت: «چۆن دەکرێت ڕۆژنامەنووس بکوژرێت، سەندیکا هەڵوێستی نەبێت؟، دەیان نووسراومان داوە بە سەرۆکی هەرێمو وەزارەتی ناوخۆ لەسەر پێشێلکارییەکان، وەڵامیان نەداوینەوە، ئایا سەندیکا توانیویەتی بکۆژی ڕۆژنامەنووسان ئاشکرابکات؟ توانیویەتی گوشار بخاتە سەر حکومەت؟ بەو هەموو ئیمکانییەتو پارەی لەبەردەستدایە توانیویەتی چەند ڕۆژنامەنووسێک بنێرێتە دەرەوەو خولو ڕاهێنانیان پێبکرێت؟».

ئاسۆس هەردی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاوێنە، لەگەڵ ئەوەی پێیوایە هەندێکجار سەندیکا سەرباری هەموو تێبینییەکان ئیشی باشی کردووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە «تا پەیوەندییە سیاسییەکان زاڵبێت بەسەر هەیکەلیەتی ئەو سەندیکایەدا، ناتوانێت ئەو ڕێکخراوە بێت داکۆکییەکی ڕاستەقینەو پیشەییانە لە هاوپیشەکانی بکات».

سوپاس بۆ کاکە مەم

لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بۆ ڕۆژنامەنووسو نووسەر (مەم بورهان قانع)، گۆشەی ئەودیوی ڕووداوی لەم لاپەڕەیەدا هەبوو، ئێستاش لەسەر خواستی خۆی کۆتایی بە نووسینی گۆشەکەی دێنێت.

بەناوی ستافی ڕۆژنامەوە، دەستخۆشیو تەقدیری زۆرمان بۆ بەڕێزیان هەیە، کە لەو ماوەیەدا زۆر بە دڵسۆزانە بەردەوام بوو لە نووسینی گۆشەکەیدا.

چاودێران ڕەخنە لە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم دەگرن

راپۆرتی: ڕۆژنامە

ڕۆژی (٤)ی ئەم مانگە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستانو وەزیـری دەرەوەی تورکیا، مەسعود بارزانی،سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاوڕێکی بۆ دواوەی هۆلەکە دایەوە، ئەویش لە وەڵامـی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکدا، کە پرسیاری ئـەوەی کـرد بۆچی تەنیا ئالای تورکیا دانـراوە، بە بروای هەندێ لە چاودێرانی سیاسیش دانەنانی ئالای هەرێمی کوردستان، یان لانیکەمی ئالای عێراق لە پشت کۆبوونەوەکانی سەرۆکی هەرێم لەو وڵاتەدا جۆرێک بوو لە ئیهانەکردنی دەوڵەتی تورکیا بە شکۆی سیاسیی حکومەتی هەرێم، ئەندامێکی پەرلەمانیش لە فراکسیۆنی کوردستانی پێیوایە: قسەکردن لە کەمکردنەوەی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیا بەهۆی کێشەی دانەنانی ئالاوە تێکەڵکردنی عاتیفەیە بە عەقڵ، بەوپێیەی «دەرەنجامی گفتوگۆکان گرنگترە لە هەندێ شتی ڕووکەش».

سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیاو کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی بالای ئەو وڵاتەدا بە بایەخەوە تەماشادەکرێت، بەتایبەتی کە ئەوە یەکەم سەردانی لەو شێوەیەیە بۆ تورکیا دوای ساڵی (٢٠٠٤) کاتێک مەسعود بارزانی، لە چوارچێوەی سەرکردایەتیکردنی کاتیی مەجلیسی حوکمدا بە سەردانێک گەیشتە ئەو وڵاتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی پێشوازیکردنو ڕەچاونەکردنی هەندێ لە ئەتەکێتەکانی عورفی دیبلۆماسیو پێکهاتەی تیمەکەی سەرۆکی هەرێم، لەناوخۆی هەرێمدا کۆمەڵێک پرسیاری گرنگی ورووژاند.

ئالای هەرێم لەبیرچوو، یان لەبیرکرا؟

دوای کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا لە پریس کۆنفرانسێکدا، ئەوەی سەرنجی هەموو لایەکی ڕاکێشا نەبوونی ئالای هەرێمی کوردستان، یان لانیکەم ئالای عێراق بوو لە پشت سەرۆکی هەرێمەوە، کە بە بڕوای چاودێرانی سیاسیی دانانی ئـالای وڵاتـی میوان بەشێکی زۆر سەرەتایی هەموو ئەتەکێتێکی پێشوازیکردنی سەرۆکەکانە.

ئاکۆ حەمەکەریم، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانی، ئاماژەی بـەوەدا: هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی یاساییەو لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا دانی پێدانراوە، هەربۆیە بوونی ئالای هەرێمو عێراق پێکەوە لە بۆنە فەرمییەکاندازەروەرەتێکی یاسایی‌و دەستوورییە، ئاکۆ حەمەکەریم، وتی: «ئەگەر تورکیا هەر ئیشکالیەتێکی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە، دەبوایە لانیکەم ئالای عێراق دابنرایە، دانەنانی هیچ ئالایەکیش لە پشتی سەرۆکی هەرێمەوە، جۆرێک بوو لە ئیهانەکردن بە شکۆی هەرێمی کوردستان».

بەڵام عەبدولسەلام بەرواری، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی، بە پێچەوانەوە دەڕوانێتە مەسەلەکەو پێیوایە: لە مەسەلەی دانەنانی ئالای کوردستانو عێراقدا لە پشتی سەرۆکی هەرێمەوە خوێندنەوەی هەڵە کراوەو «عاتیفەو عەقڵ تێکەڵکراوە»، بەوپێیەی دەرەنجامی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم لە هەندێ مەسەلەی ڕووکەش گرنگتر بووە، عەبدولسەلام بەرواری، وتی: «دەبێت پرسیاری دانەنانی ئالای کوردستان لە بەرپرسانی تورکیا بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی بە سیفەتی سەرۆکی هەرێم بانگهێشتکراوە، هەرچەندە هەموو لایەک بۆچوونی تورکیا لەسەر ئالای کوردستان دەزانین، بەنیسبەت ئالای عێراقیشەوە پێموایە: سەرۆکی هەرێم تەعبیر لە هیچ پۆستێکی حکومەتی ناوەندی ناکات، بۆیە ئەو ئالایەش دانەنراوە».


داود ئۆغلوو بارزانی

لای خۆیەوە سەلاحەدین دەمیرتاش، سەرۆکی (بەدەپە) لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا دەربارەی دانەنانی ئالای هەرێمی کوردستان، وتی: «من نازانم ئەوە بە مەبەست ڕوویداوە، یـان نـا؟ بـەڵام پێویست بـوو ئەتەکێتە دیبلۆماسییەکان ڕەچاوبکرانایە، چونکە بارزانی بە سیفەتی سەرۆکی هەرێم لە تورکیا بووە».

هەر لەو چوارچێوەیەدا ئەحمەد داود ئۆغلو، ڕەتیکردەوە، کە هیچ هۆکارێکی تایبەت لە پشت دانەنانی ئـالای کوردستان، یان عێراقەوە هەبێت، بەڵام هۆکاری ئەو ڕێوشوێنە هەرچییەک بێت، بـووە مایەی نیگەرانیی هاوڵاتییانی کوردستان.

ئاکۆ حەمەکەریم، دووپاتیکردەوە، کە ئەو ڕێوشوێنە بە مەبەست ئەنجامدراوەو گوزارشتێکی ئاشکرای دانپێدانەنانی تورکیا بە فەرمی بوونی سەرۆکی هەرێمو حکومەتی هەرێمدا، کە ئەوەش بە بڕوای ئەو پسپۆڕە سیاسییە تەجاوزکردنی ئەتەکێتەکانی کاری دیبلۆماسییەت بوو لەلایەن تورکیاوە.

سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆکی پارتی؟

یەکێک لـەو ڕەخنانەی ڕووبـەڕووی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم کرایەوە، پێکهاتەی تیمەکە بـوو، کە زۆرینەیان لە وەزیـرو بەرپرسەکانی پارتی پێکهاتبوون لەوانە: (مەسرور بارزانی، سەرۆکی ئاژانسی پاراستن، فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان).

ئەو مامۆستایەی زانکۆی سلێمانی پێیوایە: پێکهاتەی تیمەکەی سەرۆکی هەرێم ئاماژەی حیزبیبوونی تەواو پێوە دیاربوو، بەتایبەتی کە هیچ بەرپرس‌و وەزیرێکی یەکێتی لەگەڵدا نەبوو، ئاکۆ حەمەکەریم، وتی: «سەردانەکەی سـەرۆکـی هـەرێـم بۆ تورکیاو شێوازی پێشوازیکردنەکەشی زیاتر لە سەرۆکی حیزبێک دەچوو، نەک سەرۆکی هەرێم».

لەماوەی ڕابردووشدا بەرهەم ئەحمەد سالح، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، نیگەرانیی خۆی نەشاردەوە لەو سەردانەی نێچیرڤان بارزانی بۆ تورکیا، کە دوو وەزیری فەرمیی کابینەی شەشەم هاوڕێیەتیان دەکرد.

بـەڵام عـەبـدولـسـەلام بـەرواری، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانی، ئاماژە بـەوەدەکـات: سەرۆکی هەرێم لـە (٢٧)ی نیسانی ڕابـردووەوە بانگهێشتنامەکەی دەوڵەتی تورکیای بە سیفەتی سەرۆکی هەرێم پێگەیشتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا لە پریس کۆنفرانسەکەدا ئەحمەد داود ئۆغلو، بە ڕاشکاویی ئاماژەی بـەوەدا: بارزانی وەکو سەرۆکی خێزانێکی ناوداری عێراقی پێشوازی لێکراوە.

پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی کوردستانی ڕایگەیاند: من زۆرم پێباش بوو کە هیچ بەرپرسێکی حیزبیی لەگەڵ تیمەکەی سەرۆکی هەرێم نەبوو، «چونکە ئێمە بەردەوام باس لە جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت دەکەین، ئایا ئێستا خێرە ڕەخنە لەوە دەگیرێت بۆ بەرپرسی حیزبی دیکە لەگەڵ تیمەکەی سەرۆکی هەرێم نەبووە».

کاتی سەفەرەکەی سەرۆک گونجاو بوو؟

سەفەرەکەی سەرۆکی هەرێم هاوکات بوو لەگەڵ دوو ڕووداوی گرنگدا، کە یەکێکیان ناوخۆیی بوو، ئەوی دیکەیان ئیقلیمی،ڕووداوەنێوخۆییەکە تۆپبارانکردنی بـەردەوامـی ناوچە سنووریـیەکان بوو لەلایەن ئیرانەوە، کە زەرەرو زیانێکی زۆری گیانی‌و مادیی بە ناوچەکە گەیاندو ژمارەیەکی زۆریشی ئـاوارەو دەربەدەر کرد. ڕووداوە ئیقلیمییەکەش هێرشەکەی ئیسرائیل بوو بۆ سەر کەشتی ئازادیی‌و کۆژرانی ژمارەیەکی زۆر لە چالاکوانی تورکی بوو.

بە بڕوای چاودێرانی سیاسیی، دەبوو سەرۆکی هەرێم گەشتەکەی بۆ دەرەوە ڕاگرتایە وەکو هەڵوێستێکی جدیی بەرامبەر ئەو هێرشانەی وڵاتێکی دراوسێ.

زریان ڕۆژهەلاتی، چاودێری سیاسیی، ئاماژە بەوە دەکات: هەرچەندە تۆپبارانەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناکاو بوو، بەڵام بەردەوامیی هێرشەکە دەبوو سەرۆکی هەرێمی ناچاربکردایە بگەڕایەتەوە، هەم وەکـو هەڵوێستێکی جدیی لەسەر ئەو هێرشانە، هەمیش وەکو هاوسۆزیی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ هاوڵاتییەکانیدا.

لە بەرامبەردا عەبدولسەلام بەرواری، وتی: «لە ئێستادا جیهان وەکو گوندێکی بچووکی لێهاتووە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوەو سـەرۆکـی هـەرێـم بە تەلەفۆن سـەرۆک کـۆمـاری عـێـراق‌و وەزیـری دەرەوەشـی لـەو پێشهاتانە ئاگادارکردووەتەوەو ئیدانەشی کرد».

لەلایەکی دیکەوە زریان ڕۆژهەلاتی، ئاماژەی بەوەش کرد: ئەگەرچی پێشتر بانگهێشتی سـەرۆکـی هـەرێـم کرابوو بۆ تورکیا، بەڵام ڕووداتـی هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر کەشتی ئازادیی وایکرد، کە تەرکیزی میدیایی لەسەر سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم لابچێت‌و ئەوەش بایەخی گەشتەکەی لاواز کرد، بەوپێیەی میدیای ناوخۆیی تورکیا کەمتر ڕوومـاڵـی ئەو سەردانەی کرد بەهۆی ئەو ڕووداوەوە، کە ئەگەر ئەو ڕووداوە لە ئارادا نەبوایە ڕەنگە ڕای گشتیی تورکیا بە بایەخی زیاترەوە ئەو سەردانەی ڕووماڵکردایەو پاشانیش دەرەنجامەکان گرنگترو گەورەتر لە واقیعدا بەرجەستە دەبوون.

پاش (١٨) ساڵ، هەرێم خاوەنی پڕۆژە دەستوورێکی خەوێنراوە

راپۆرتی، چاوان عەلی

لـە سـاڵـی (١٩٩٢)ەوە، پـڕۆژە بۆ دەسـتـووری هـەرێـم ئـامـادە کـراوەو لە حوزەیرانی (٢٠٠٩) ڕەشنووسێکی دەستوور لە پەرلەمان پەسەند کرا، بەڵام تائێستا هەرێمی کوردستان دەستوورێکی نییەو چاودێرانی سیاسیش پێیانوایە: «دەسەڵات ئیمانی بە دەستوور نییە».

پڕۆژەی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم لە ٢٠٠٦/٨/٢٢- ەوە چووەتە پەرلەمانی کوردستانو دواتر لەکۆتایی خولی ڕابردووی پەرلەمان لە ٢٠٠٩/٦/٢٠ پڕۆژەکە بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران پەسەند کرا، بەڵام تائێستا نەخراوەتە ریفراندۆمەوە، خەلیل ئیبراهیم، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان وەک پسپۆڕێکی یاسایی لەوبڕوایەدا بوو، کە نەبوونی دەستوورێک لە بەڕۆەوەندیی هەرێمی کوردستان نییەو هەر ڕۆژێک زیاتر کوردستان لەم بۆشاییە دەستوورییەدا بگوزەرێت زیان دەکات، ناشزانرێت ئەگەرە شاراوەکان چین تا ئەو ڕەشنووسی دەستوورە کاری پێنەکرێت.

لـە سـاڵـی (١٩٩٢)ەوە، پـڕۆژەی دەستوورێک بۆ کوردستان ئامادەکراو پەرلەمانتارن پەسەندیان کرد، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە جێبەجێ نەکرا، لە نۆقەمبەری (٢٠٠٢)، پەرلەمانی کوردستان پڕۆژەیەکی تری ئامادەکردو کاری تێدا نەکرا، لە (٢٠٠٣) دووبارە بە پڕۆژەکەی (٢٠٠٢)دا چوونەوەو لـە تەموموزی (٢٠٠٥)دا (٥٩) پەرلەمانتار داوایان لە پەرلەمان کرد پڕۆژەی دەستوورەکە کاری لەسەر بکرێت، بەڵام سەرۆکایەتی رایگرت تا دەستووری عێراق پەسەند کرا، د.نـوری عوسمان، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: «ئێمە خۆمان بووینەتە هۆکار، کە لە (١٩٩٢)ەوە تائێستا دەستوورێک نەبێتو کوردستان لە بۆشاییەکی دەستووریدا بێت»

بەر لە پەسەندکردنی ڕەشنووسی دەسـتـووری هەرێم، پەرلەمانی پێشوو ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٦ یاسایەکی (١١) مادەیی دەربارەی میکانیزمی ئیشکردن بە دەستووری هەرێم پەسەند کرد، هەربۆیە وەک پەرلەمانتارانو چاودێرانی سیاسیی جەختی لەسەر دەکەنەوە، هیچ بیانوویەک نییە بۆ خەواندنی ئەو ڕەشنووسی دەستوورەی کە لە کۆتایی خولی پێشووی پەرلەمان وەک د.ئەحمەد وەرتی، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان دەڵێت: «بە پەلەپەلێکی زۆر لە پەرلەمان پەسەند کرا، کەچی ڕەشنووسەکە کاری پێناکرێت‌و خەوێنراوە، ئەمە جگە لەوەی دەبوو هەرێمی کوردستان بەرلە (١٠) ساڵ خاوەن دەستووری خۆی بێت، تا ئەرکو مافەکانی بە دەستوور بچەسپێنێت.

لە ئێستاداو لەبەرئەوەی ڕەخنەیەکی زۆر لەسەر ڕەشنووسی دەستووری هەرێم هەیەو ئاماژەکان بـەرەو ئەوەدەچن، کە ڕەشنووسەکە کەموکورتی تێدایە، پێناچێت دەسەڵاتیش بیەوێت بەو کەموکورتیانەوە بیخاتە ریفراندۆمەوە، هەربۆیە پەیام ئەحمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، جەختی لەسەر پێویستی گەڕانەوەی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم کردەوە بۆ پەرلەمانو وتی: «لەبەرئەوەی کەموکورتی تێدایە، پێویستە ڕەشنووسەکە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێتەوە، تا هەمواربکرێتەوەو دواتر بخرێتە ریفراندۆمەوەو لەمە زیاتر دوانەکەوێت».



لـە بـەرامـبـەردا، د.نـوری تاڵەبانی، وەک پسپۆڕێکی یاسای دەستووریو وەک پەرلەمانتارێکیش، کە دەنگی بۆ پـڕۆژەی ڕەشنووسی هەرێم نەدابوو وتی: «پەرلەمانتاران دەتوانن بە ئیمزای (١٠) پەرلەمانتار داوای گـەڕانـەوەی پـڕۆژەدەسـتـووەکـە بـکـەنـەوە، تا کەموکوڕییەکانی چارەسەر بکرێت بەرلەوەی بخرێتە ریفراندۆمەوە، بـەڵام کێشەکە لەوەدایە، کە بەپێی یاسا پەسەندکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێم پێویستی بە دەنگی (٣/٢) هەیەو پرسیارەکە ئەوەیە لە ئێستای پەرلەمانی کوردستاندا ئەو (٣/٢)یە بوونی هەیە؟».

یەکێک لەو خاڵانەی بە کەموکورتی ڕەشنووسی دەسـتـوورەکـە دادەنرێت، دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان بوو، کە هەرچەندە ناکۆکییەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ لەسەر سنوور یەکلایی نەکراونەتەوەو چەندین ناوچە تائێستا ناکۆکییان لـەسـەرە، بـەڵام پێکهێنانی سیستمی سیاسیی لە عێراق لەسەر بنەمای جوگرافی بووە، نەک ڕێکەوتنە سیاسییەکان، ئەمەش وای کردبوو کە لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە سنووری هەرێمی کوردستان بەپێی بنەما جوگرافییەکان دەستنیشان بکرێت، بەڵام لە ڕەشنووسی دەستوورەکە مادەی (١٤٠)یان وەک بنەمایەک بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان دەستنیشانکردووە، کە ئەم بۆچوونەش بە بـڕوای د.نـوری ڕاسـت نییەو مەترسیدارە، چونکە ئەو مادەیە بۆ مەبەستی نەهێشتنی ئاسەوارەکانی بەعەرەبکردن دارێـژراوە لە دەستووری عێراقدا، ئەمە جگە لەوەی ئاشکرا نییە، کە ئەو مادەیە چۆن‌و کەی جێبەجێدەکرێت، وتیشی: «پێویستە بوترێت هەرێمی کوردستان ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، کە لـەڕووی جوگرافی‌و میژووەوە بەشێک بوون لە خاکی کوردستان، نەک بەندبکرێت بە مادەی (١٤٠)ەوە».

بـۆچـوونـێـکـی دیـکـە ئـەوەیـە، کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەژێر گوشاری حکومەتی عێراق‌و ئەمریکادا نایەوێت دەسـتـوورەکـە بخاتە بـواری کارپێکردنەوە، خەلیل ئیبراهیم، دەڵێت: «ئەگەر دەسەڵات لەبەر دژایەتی عەرەبە شۆڤێنیەکان ئەم دەستوورەیان ڕاگرتووە، ئەوا با ڕوون‌و ئاشکرا بێت، کە هەرچی بکەین ئەوان هەردژی دەبن، بۆیە نابێت بەرژەوەندییەکانی هەرێم لەبەر ئەوان یان هەرهۆیەک پشتگوێبخرێت»

پەرلەمانتاران‌و شارەزایانی بواری یاسای دەستووریی لەگەڵ ئەوەی نەبوونی دەستوورێک تائێستا بۆ هەرێمی کوردستان بەکەموکوڕی دەزانن، پێشیانوایە:دەسەڵاتی سیاسیی (هـەرسـێ سەرۆکایەتییەکە) بەرپرسن لەم کەموکوڕییەو لەوەی کە ڕەشنووسەکە خراوەتە دۆڵابەوە، د.لەتیف شێخ مستەفا، پسپۆڕی یاسای دەستووریی‌و ئەندامی پەرلەمانی عێراقییش هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی « دەسەڵات ئیمانی بە دەستوور نییە».

د.یاسین سەردەشتی:

سەرۆکی هەرێم وەک سەرۆکی پارتی هەڵوێست وەردەگرێت

سازدانی: ڕۆژنامە

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.یاسین سەردەشتی، بڕوای وایە، زەحمەتە بارزانی بتوانێت ئەو مەهامە جێبەجێ بکات، کە پۆستی سەرۆکی هەرێم لە ڕووی پراکتیکیو تیۆرییەوە لێی داوادەکات.

د.یاسین سەردەشتی، کە پسپۆڕی بواری مێژووشە لە زانکۆی سلێمانی، ئاماژە بەوەدەکات: لەدوای وەرچەرخانی مێژووی (٧/٢٥)ەوە هەست بە مەترسیی کەمکردنەوەی پانتایی ئازادیی سیاسیی دەکرێت لە کوردستانو دەڵێت: «گرنگترین کێشەی دەسەڵات ئەوەیە، پێیانوایە ئازادییەکانی گەل کاتێک دەستپێدەکەن کە ئازادیی ڕەهای دەسەڵاتی کۆتایی پێبێت».

ڕۆژنامە: ئێوە وەک کەسێکی ئەکادیمیو ماموستایەکی زانکۆ، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ دۆخی سیاسیی ئێستای هەرێمی کوردستان هەیە؟

* بەبڕوای ئێمە دۆخی سیاسیی ئێستای هەرێمی کوردستان، دۆخێکی زیاد لە ڕادە هەستیارە، دۆخێکە لە ڕووی مێژوورییەوە کە لە قۆناغێکی زۆر ناسکدایە، لە قۆناغێکی زۆر هەستیاریشدایە، بە حوکمی ئەوەی کە سەرەتای دەستپێکردنی یان سەرەتای پێگەیشتنی ئەو دەسەڵاتو ئیدارەیەی لە باشووری کوردستاندا لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین هاتەکایەوە، بە چەندین قۆناغی جیاوازدا ڕۆیشتووە، کە ئەم قۆناغەی ئەمڕۆی دەگونجێت بە یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی بێتە پێش چاو، چونکە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی عێراقەوە، دەسەڵاتێکی کارای، یان حکومەتێکی کارای یەکگرتوو و ئەکتیڤ کە بتوانێت لەسەر بنەمای سەروەریی یاساو بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتریو بنەمای کارکردن لەسەر بەدیهێنانی بەرژەوەندییو خواستە بەرفراوانەکانی هاوڵاتیی کوردستان کاربکات، ئەویش دەبینین کاریگەریی زۆر گەورەی لەبەردەمدا بووەو نەیتوانیوە لەو ڕووەشەوە ئامانج یاخود بتوانێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و باش بچێتە بەڕێوەو ئامانجی باش بێنێتەدی، بەحوکمی ئەوەی کە ئێمە دەزانین لە کوردستاندا ڕیشەیەکی قوڵی دەسەڵاتی دووئیدارەیی هەبووە، نەبوونی کارکردنێکی فرەتیمی یاخود کارکردنێکی فیرقەیی هەبووە، کە نەتوانن هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەشێوەی تیمێک کاربکەن لە ناوخۆی کوردستاندا، بتوانن ترسیان لەیەکتری نەبێتو متمانەیان بە یەکتری هەبێت، لەگەڵ بوونی ڕێکەوتنی ستراتیژیشدا لەنێوان دوو هێزە بااڵدەستەکەی کوردستان، کە یەکێتیو پارتییە، هێشتا دەبینین لە دروستکردنی حکومەتێکی نیشتمانیی یان حکومەتێکی کوردستانیی کارا، وەکو وتمان کە سەروەریی یاسا بنەماکانی بێت، هاوڵاتیبوونو مافەکانی هاوڵاتییو لەیەک جیاکردنەوەی تەواوی دەسەڵاتەکانو پێگەیشتنی ئەو دەسەڵاتو ئیدارەیەی لە باشووری کوردستاندا لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین هاتەکایەوە، بە چەندین قۆناغی جیاوازدا ڕۆیشتووە، کە ئەم قۆناغەی ئەمڕۆی دەگونجێت بە یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی بێتە پێش چاو، چونکە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی عێراقەوە، دەسەڵاتێکی کارای، یان حکومەتێکی کارای یەکگرتوو و ئەکتیڤ کە بتوانێت لەسەر بنەمای سەروەریی یاساو بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتریو بنەمای کارکردن لەسەر بەدیهێنانی بەرژەوەندییو خواستە بەرفراوانەکانی هاوڵاتیی کوردستان کاربکات، ئەویش دەبینین کاریگەریی زۆر گەورەی لەبەردەمدا بووەو نەیتوانیوە لەو ڕووەشەوە ئامانج یاخود بتوانێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێکو باش بچێتە بەڕێوەو ئامانجی باش بێنێتەدی، بەحوکمی ئەوەی کە ئێمە دەزانین لە کوردستاندا ریشەیەکی قوڵی دەسەڵاتی دووئیدارەیی هەبووە، نەبوونی کارکردنێکی فرەتیمی یاخود کارکردنێکی فیرقەیی هەبووە، کە نەتوانن هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەشێوەی تیمێک کاربکەن لە ناوخۆی کوردستاندا، بتوانن ترسیان لەیەکتری نەبێتو متمانەیان بە یەکتری هەبێت، لەگەڵ بوونی دەسەڵاتی بەشداریی بکەن، بۆئەوەی بتوانن لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا ئۆپۆزسیۆنێکی کارا بێننە کار، کە سەرەتایەک بێت بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی سیاسیی دروست یان تەندروست لە کوردستاندا، بەڕاستی لەو کاتەدا لەو چاوپێکەوتنەدا کە لە مانگی سێی ساڵی پار لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) ئەنجاممانداو، ئێمە باسی ئەوەمان کردبوو کە کۆبوونەوەی ئەم هێزانە لە بەرەیەکدا، دەبێتە هۆی دروستبوونی ئومێدێک، باسی ئەوەمان کردبوو کە هێشتا لەوکاتەدا گۆڕان ڕانەگەیەنرا بوو وەکو لیستێکی سەربەخۆ بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان، ئێمە داوای ئەوەمان کرد کە ئەو لیستە بەشێوەی جیاواز دروستبکرێتو بتوانێت دەنگی ناڕازیبانی کۆمەڵگە بەلای خۆیدا ڕابکێشێتو بتوانێت بچێتە ناو پەرلەمانی کوردستانەوە وەک ئۆپۆزسیۆن، بە بڕوای ئێمە (٧/٢٥)وەرچەرخانێکی مێژوویی یاخود خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی نوێی فرە ئیجابیبیە لە ژیانی سیاسییو لە مێژووی ژیانی سیاسیی کوردستاندا، کە دەتوانین بە سەرەتایەکیش بۆ دروستبوونی جۆرێک لە بزووتنەوەیەکی سیاسیی دیموکراتیک، یاخود هاتنەکایەی پێکهاتەیەکی دیموکراتیک لە حکومەتی کوردستاندا بێنینە کایەوە، کە مەسەلەی بوونی دەسەڵاتێکی یان بوونی پەرلەمانێکە کە بتوانێت دەنگی جیاواز بگرێتەخۆ، بتوانێت ئەم پەرلەمانە کۆمەڵێک کەسی تێدا بێت کە بتوانێت مەسەلەی کێشەکانی کۆمەڵو مەسەلەی ئەو ئەرکانەی لەسەریانە بەرامبەر بە کێشە گشتییەکان بخرێتە بەرچاو.

ڕۆژنامە: ئایا ئەو گۆڕانکاریەو وەرچەرخانەی باستکرد، تاچەند هاتووەتەدی، ئایا سوودی بۆ پرۆسەی سیاسییو بە دیموکراتیزەکردنی هەرێم هەبووە؟

* ئێمە پێش (٧/٢٥)، دەبینین کە مەسەلەی پەرلەمان ئەوەندەی کۆبوونەوەی بەشێک لە کادیرە حیزبییە بااڵدەستەکان بووە لەناو هۆڵێکداو شەرعییەتیان دەدا بە بڕیاری مەکتەب سیاسییەکان، نەگەنگەشەیەکی جدیی، نەبوونی هەڵوێستێکی یەکلاییکەرەوەو هەڵوێستێکی فیعلیی سەبارەت بە کێشە گشتییەکانی کۆمەڵگە، زیاتر بەو هەوایە دەچنە پێش یاخود مۆری شەرعییەتیان بە بڕیارەکانی مەکتەب سیاسییەکان داوە، بەاڵم لەدوای (٧/٢٥)ەوە مەسەلەکان بێگومان جیاوازە، ئەوەی کە لەدوای (٧/٢٥)ەوە لە پەرلەماندا دەبینین، ئەوەیە کە پەرلەمان لانیکەم بوونی ژمارەیەک لە کورسییانەی کە لیستی گۆڕان هەیەتی، هەروەها ئەو هێزە سیاسییانەی دیکەش کە لە دەسەاڵتدا بەشدارنینو پێشتر ئۆپۆزسیۆنێکی زۆر شەرمنو بێ کاریگەر بوون، ئێستا ئەوانیش بوونەتە ئۆپۆزسیۆنێکی بوێرو خەریکە کاریگەرییان دەبێت لەسەر هەندێک لە مەسەلەکان، بیروڕای جیاواز دەبینین، گەنگەشەی جدیی دەبینین، تەنانەت هەڵوێستی جوامێرانەش دەبینین، بەتایبەتی وەکو لەم دواییەدا بینیمان لە ڕەتکردنەوەی ئەو (٤) دەفتەر دۆلارەی کە دەدرێت بە پەرلەمانتاران، بۆ بێدەنگکردنیو چاوپۆشینی، یاخود دەتوانین بڵێین چاونووقاندنیو نەرمکردنی لە ئاست دەسەاڵتی جێبەجێکردندا، بێگومان ئێمە بڕوامان وایە وێڕای هەموو ئەو هەوڵانەی کە دەسەاڵتی سیاسیی لە کوردستاندا داویەتی بۆ ئیفلیجکردنی چاالکبوونی پەرلەمانو کۆمەڵگە، ئەوان لەسەر هەمان بیرو بۆچوونو لەسەر هەمان ئەدا بەڕێوەدەچن، زۆر شتێکی غەریب نییە یان شتێکی نامۆ نییە کاتێک کە تۆ دەبینیت دەسەاڵتدارێک لە کوردستاندا لە بۆنەی جیاوازدا، لە میدیاکانی حیزبەکەیەوە هێرش بکاتە سەر دەنگی ئازادو هێرش بکاتە سەر ڕۆشنبیران، کە داوای ئازادیی بکەن، یان خەڵکانێک کە هەڵوێستێکی جیا لە بیرو بۆچوونی ئەوانیان هەبێت، بە گێرەشێوێنو ئاژاوەگێڕو تێکدەرو خیانەتکار لە قەڵەم بدرێن، دیارە پرسیارەکە ئەمەیە، ئەمە شتێکی ڕاستە یاخود دەبێت بەوشێوەیە بێت؟ بەپێچەوانەوە ئەمە زۆر عەقڵیەتێکی کۆنو عەقڵیەتێکی دواکەوتووە، کە دەبوایە دەسەاڵت ئازادییەکی ڕەهایە، لەبەرئەوەی هەرگیز کۆتایی پێنایەت، هەربۆیە ئەوان لە مەسەلەی ئازادییەکانی گەل دەسڵەمنەوە، واتە ئازادبوونی گەل، پێیانوایە کە ئازادییەکان تەنیا ئەوەن کە تۆ بتوانیت بچێتە پارکێکەوە سەیرانێک بکەیت، یان بتوانین ئەگەر قسە لە هەندێک کەموکورتی جادەوبانو ڕێگا بگرێت لەناو ڕۆژنامەیەکدا، لەچەند گۆڤارێکی ئاساییدا باسی هەندێک کەموکورتیی بنیادنان بکەیت لە کوردستاندا، بەاڵم قسەکردن لەسەر کێشە قوڵەکانو جومگەکانی دەسەاڵتی سیاسییو بڕیاری سیاسییو خستنە ژێر پرسیاری کەسایەتیو دەسەاڵتدارانی پلە یەکی سیاسیی لە کوردستاندا، ژیانی سیاسییو کۆمەاڵیەتییانو هەواڵدان بۆ پەنجە خستنەسەر ڕووە ناشیرینەکانی دیکەی ئەدائی سیاسیی لە کوردستاندا، ئەمانە ئەوان بە خەتەری زۆر گەورەی دادەنێن، ئەمانە ئەوە بە ئاژاوە دادەنێن، بە گێرەشێوێنی دادەنێن، هەندێکجار قسە لەوە دەکەن کە تەنانەت ئەمە ئامانجی، واتە بە تەخوینی دادەنێن بەوەی کە دەستی دەرەکیی لە دەستەو ئامانجەکانی هەڵوەشانەوەی حکومەتی کوردستانو ڕووخاندنی حیزبە سیاسییەکانە، واتە ئەوان لەو چوارچێوەیەدا قسە لەسەر مەسەلەکان دەکەن، من پێموایە ئەو تێڕوانینە، تێڕوانینێکی زۆر کۆنەو لە عەقڵییەتێکی زۆر کۆنەوە هەڵقوواڵوە بۆ تێگەیشتن لە مەسەلەی ئازادیی.

ڕۆژنامە: واتە پێتوایە دەسەاڵت لە فەلسەفەی سیاسیی حوکمڕانیی نەگەیشتووە، بۆیە ئەو تێڕوانینەیان هەیە بۆ الیەنە نەیارەکانیان؟

* لەهەندێک الیەنەوە پێموایە ئەوان کاریان بە لێکدانەوەی مەسەلەی فەلسەفییەوە نییە بۆ مەسەلەی ئازادیی، ئەوان دەسەاڵتدارن، دەسەاڵتداریش یەکەم شت کە بیری لێدەکاتەوە هێزە، دووەم شتیش توانای مادییە بۆ ئیدامە پێدانی هێزەکەی خۆی، لەبەرئەوە ئەمجۆرە هێزانە هەتا بۆیان بکرێت، هەتا بێدەنگیی کۆمەڵگە دەرفەتیان پێبدات، هەتاکو ناهۆشیاریی سیاسیی تاکەکانی کۆمەڵگە وەک کۆشتنی کەسێکو ڕفاندنی بە ڕۆژی ڕوونەاکو کۆشتنی بەوشێوە ناشیرینەی کە ویژدانی زۆربەی ئینسانەکانی هەژاند، بەوەی کە ئەمە فەوزا بێت، بۆ خۆی ئەمە زیاتر گوزارشتێکی حیزبییانەیەو عەقڵیەتی حیزبێکی دەسەاڵتدارە بۆ گوزارشتکردن لەو مەسەلەیە، کە تاکو کەسێک بێت کە وەکو سەرۆکی هەرێم پێی وابێت کە بەردی بناغەی هەر دەسەاڵتێکی سیاسیی سەرکەوتوو لە ناوچەکەدا پێویستە لەسەر بناغەی ئازادیی بنیادبنرێت، هەر دەسەاڵتێک، هەر دەسەاڵتێکی سیاسیی هەرچییەک بێت، ئەگەر ئازادیت لێ جیاکردەوە، نەک هیچ بەهایەکی نابێت، بەڵکو دەبێتە ئامێرێک بۆ لەناوبردنی کۆمەڵگەو دروستبوونی توندوتیژیی. واتە تێکڕای خەباتی جوواڵنەوەی ڕزگاریخوازی گەڵی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە درێژایی مێژوو لەپێناوی ڕزگاریی خاکو ئازادیی ئینسانەکاندا بووە، لەبەرئەوە تۆ کاتێک لەوە دەگەیەت کە دەسەاڵتێک لەسەر پارچەیەک لە خاکی کوردستاندا هەبێت، دەسەاڵتێکی کوردی بێت، بەاڵم ئازادیی ڕەوا بە خەڵک نەبینێت، بەڕاستی ئەمە مەترسییەکی گەورەیە لەسەر سەرجەم ئەو خوێنو قوربانییانەی کە کۆمەاڵنی خەڵک بە درێژایی مێژوو لەپێناوی ئەو ئامانجە پیرۆزەدا تێکۆشاون یاخود ئەو قوربانیانەی کە داویانە لەپێناوی ئەو ئامانجەدا، لەبەرئەوە منیش پێموایە کە دەبوو بەجۆرێکی دیکە قسە لەو مەسەلانە بکرایە، نەدەبوایە سەرۆکی هەرێم بەوشێوەیە پێیوابێت کە هەر شتێک لە دەرەوەی بیروبۆچوونی حیزبەکەی ئەو یان تەنانەت لە دەرەوەی بیروبۆچوونی ئەویش بێت، چونکە سەرۆکی هەرێم لەهەموو واڵتێکدا کارمەندێکە وەکو هەر کارمەندێکی دیکە، لە ڕووی مافو لە ڕووی هەر شتێکی دیکەوە یەکسانە لەگەڵ هەر تاکێکی دیکەی کۆمەڵگە، هەر تاکێکی دیکەی کۆمەڵگە دەتوانێت بیرو باوەڕی جیاوازی لە سەرۆکی هەرێمەبێت، دەتوانێت هەڵوێستی جیاوازیشی لەو هەبێت، هیچ کاتێک هەڵوێستەکانی تاک، یان هەڵوێستی هەر تاقمو گرووپێک، نە بۆ سەرۆکی هەرێم، نە بۆ هیچ حیزبێکی سیاسیی نابێتە گێرەشێوێنیو بەوشێوەیە هێرشی بکرێتەسەرو تەخوین بکرێت، بەڵکو کاتێک تۆ کۆمەڵگەیەکت دروستکرد کە یاسا سەروەر بوو، ئەو یاسا سەروەرییە لە سەرەوە دەستپێکرد هەتاکو خوارەوە، لەسەر بنەمای دادپەروەریو یەکسانی بوو، ئەوکاتە یاسای ئازادییەکان زۆر بە ڕێکوپێکی شوێنی خۆیان دەگرن، ڕۆژبەڕۆژ لە پێشکەوتندا دەبن، ئەگەر ئێمە ئازادیمان وەکو مەسەلەیەکی خەتەرناک، وەکو مەسەلەیەکی فەوزا پێناسە کرد، واتە کێشەکە لێرەدایە، تێگەیشتنی دەسەاڵتداری کوردستان بۆ ئازادیی، تێگەیشتنێکە بەستراوە بە بەرژەوەندیی ڕەهای حیزبە سیاسییەکەی خۆیەوەو دەستەو دائیرە سیاسییەکەی خۆیەوە.

ڕۆژنامە: ئایا مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم، کە بەرزترین دەسەاڵتو پایەی حوکمڕانییو ئیداریی هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، توانیویەتی مومارسەی پۆستەکەی وەکو سەرۆکی هەرێم بکات؟

* بەبڕوای من تائێستا ئەو دەرفەتە یاخود ئەو زەمینەیە نەڕەخسێنراوە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی کرداریی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەرکو فەرمانەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەنجامی ئەوەش ئەوەیە کە وەکو وتمان نەبوونی دووئیدارەیی یان واقیعی کوردستان بەشێوەی واقیعێکی دووئیدارەییە، لەبەرئەوە دەبینین سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەروەکو سەرۆکی پارتەکەی خۆی تەنیا لەو ناوچانەدا باڵادەستیی هەیە کە حیزبەکەی خۆی تێیدا باڵادەستە، کە مەبەستمان مەسەلەی دهۆکو هەولێرە، بەاڵم لە ناوچەی سلێمانیدا دەبینی کە بە حوکمی ئەو دووئیدارەییەوە بەرنامەی گونجاو نەبووە کە سەرۆکی هەرێم بتوانێت ناوبەناو سەردانی ئەم ناوچەیە بکاتو کێشە جیاوازەکانی بەسەربکاتەوە، هەروەها بتوانێت جۆرێک لە شعور دروستبێت بۆ ئەوەی کە بە فیعلیی ئەم سەرۆکە، ئەم ناوچەیەش بەشی بەو سەرۆکەوە هەیەو ئەو سەرۆکە دەتوانێت لەم ناوچەیەش لە کێشە بنەڕەتییەکانی ژیانی خەڵک بکۆڵێتەوەو گونجاندنێک یان تەفاعولێک لەنێوان گەلو لەنێوان سەرۆکەکەیدا دروستببێت، بە ڕاستی بەکرداریی ئەو شتە نەبووە، چۆن بەهەمانشێوە سەرۆکی حکومەت کە سەر بە یەکێتییەو لە ناوچەی دەسەاڵتی سلێمانی ئیدارەکەی قەتیس ماوە، نەیتوانیوە نە لە هەولێرو نە لە دهۆکدا بەوشێوەیە مومارەسەی پێگەی خۆی بکات، کە پێویستە لە حکومەتێکی یەکگرتوودا هەبێت.

سەرۆکێک بۆ ماوەیەکی دووردرێژ عەقڵو خاوەن بڕیاری حیزبێکی وەکو پارتی بێت، کاتێک بەبێ ئەوەی دەست لەلایەن سەرۆکایەتی حیزبەکەی بەربداو ببێتە سەرۆکی هەرێم، بەڕاستی زۆر زەحمەتە بتوانێت ئەو مەهامەی کە سەرۆکی هەرێم داوای لێدەکات بەو شێوەیەی کە پێویستە چ وەکو لە الیەنی تیۆرییەوە، چ لەالیەنی پراکتیکییەوە، بتوانێت جێبەجێی بکات، لەبەرئەوە دەبینین ئەم حاڵەتە من هەندێک جار بۆی دەچم سەرۆکی هەرێمی تووشی هەندێک حاڵەت، واتە پەستانێکی دەروونیی لەسەر سەرۆکی هەرێم دروستکردووە لە هەندێک حاڵەتدا، لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکانی کە دەیکات، باس لەوە دەکات، کە من (٧٠٪)ی دەنگی خەڵکی کوردستانم بەدەستهێناوەو خۆم بە سەرۆکی هەرێم دەزانم، خۆ دەبینین لە هەر حاڵەتێکدا کە شتێک دژی حیزبەکەی مومارەسە بکرێت، دەبینین بە هەڵچوونێکی زیاد لە پێویستەوە لە میدیاکانی حیزبدا دەردەکەوێتو وەکو سەرۆکێکی حیزب هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت.

پارێزگاری کەرکوک: ژیان ئاسایی نییە لە کەرکوک

حەقە خەڵکی کەرکوک لە دۆزی ئیدارەی شار خۆپیشاندان نەکەن

سازدانی: ئارام جەمال

عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک پێیوایە: هێشتا لە کەرکوک ژیان ئاسایی نییەو ئاماژە بەوەش دەکات کە هەموو لایەنەکانیان بە هاوڵاتییانیشەوە سەرپشک کردووە تا هەر بەڵگەیەکیان لەسەر هەبوونی گەندەڵی هەیە بیخەنە بەردەست، بۆئەوەی ریوشوێنی پێویست بگرنەبەر.

رۆژنامە: لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لیستی عێراقییە بە هاوتای لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە کەرکوک، کورسی بەدەستهێنا، ئەمە دۆخی کورد ئالۆزتر ناکات؟

* هیوادارم ئەم دۆخەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کاریگەریی خراپی لەسەر داهاتووی شارەکە نەبێت، بەتایبەت لە ڕووی داخوازییەکانی گەلی کوردەوە، بەڵام ئەم دۆخەی کە دروستبووە، ئەنجامی هەڵەی خۆمان بووەو نەدەبوو کورد لە کەرکوک بە فرەلیستیی بەشداری بکات، چونکە دەنگێکی زۆرمان فەوتا، لەو بڕوایەدانیم کاریگەرییەکی بەهێزی هەبێت، ڕەنگە ئەگەر ئەم ئەنجامە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگادا بوایە، ئەو کاتە کاریگەرییەکەی بەهێز دەبوو، بەشێکی کاریگەرییەکانیش پەیوەندییان بەو کەسانەوە هەیە کە هەڵبژێردراون بۆ پەرلەمان کە تاچەند دەتوانن داکۆکی لە کێشەی شارەکە بکەن، نەک تەنیا لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکو لە بوارەکانی دیکەی ژیانی هاوڵاتییانیشەوە، وەکو ئیدارە داوامان لە پەرلەمانتارە سەرکەوتووەکان کردووە، لانیکەم مانگی کۆبوونەوەیەک لە نێوانماندا هەبێت بۆ هەماهەنگی.

رۆژنامە: کێشەی کەرکوک بە کوێ دەگات، بەتایبەت دوای ئەوەی لایەنەکانی ناوکێشەکە (یۆنامیو گرووپەکانی لێکۆڵینەوەی ئەمریکی و نێودەوڵەتی)، بە ڕێگەچارەی ماددەستوورییەکان نەگەیشتنە ئەنجام؟

* گەشبینم بە ئایندەی کێشەی کەرکوک، بەتایبەت ئەگەر ماددەی(١٤٠) وەک خۆی جێبەجێبکرێت، هەرچەندە کەس و لایەن لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەن بڕوایان بەم ماددەیە نییە، یاخود پێیانوایە، بەسەرچووە، بەڵام دەبێت هەموولایەنەکان ئەوە بزانن کە ئەم ماددە دەستوورییە لە ئەنجامی بوونی کێشەیەک بەناوی کێشەی کەرکوکو هەندێک ناوچەی دیکەوە، کە کەرکوک پێناسەی ئەو ناوچانەیە دروستبووە، بەوپێیەی زۆرترین زوڵم زۆر لەم شارەو لەخەڵکەکەی کراوە لە سەردەمی بەعسداو پێموایە، مەترسی لەسەر دۆخی کەرکوک جێبەجێ نەکردنی ئەم ماددەیەیو بەرپرسیاریش حکومەتی ناوەندە.

رۆژنامە: ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، چ کاریگەرییەکی لەسەر ئیدارەی شارەکە دروستکردووە؟

* ئەنجام نەدانی هەڵبژاردن، گەورەترین کاریگەریی خراپی لەسەر کەرکوکو ئیدارەکەی دروستکرد، ئێستا ئیدارەی کەرکوک لە زۆر ماف و دەسەڵات بێبەشە، کە بەپاسای ژمارە(٢١)ی ساڵی(٢٠٠٨)، دراوە بە ئەنجومەنی پارێزگاکانی دیکەی عێراق، بۆنموونە هەر پارێزگارێک لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق، (٢)جێگری و (٥)یاریدەدەرو (٧)ڕاوێژکاری هەیە، ئێمە لەمانە بێبەشین، دەیان کێشەی دیکە بۆ ئیدارەو ئەنجومەن دروستبوون کە وادەکەن کاروبارەکان بە باشی نەڕۆن بەڕێوە، دەبێت تەقدیری ئەم واقیعەی ئیدارەی کەرکوک بکرێت کە بەم ئیمکانییەتە کەمانەوە، توانیومانە کاری باش پێشکەش بکەین، کە بێگومان ئەگەر پێداویستییەکانمان لە دەسەڵاتو فەرمانبەری پێویست، پربکرێنەوە، کاری باشتر دەکەین.

رۆژنامە: دوای شکستی کارەکانی لیژنەی ماددەی(٢٣)، هیچ وادەیەک دیاریکراوە بۆ هەڵبژاردن؟

* نەخێر، ئەمە گرفتێکی گەورەیەو ئێمە وەک ئیدارە درک بەلایەن سلبییەکەی دەکەین.

رۆژنامە: ناوبەناو بەرپرسانی ئەمریکیو یۆنامیو تەنانەت وڵاتانی دیکە، سەردانی کەرکوک دەکەن، ئایا ئەم سەردانانە هیچ جۆرە فشارو چارەسەرێکیان بۆ کێشەی کەرکوک هەبووە؟

* کەرکوک، بەپێی گرنگیەکەیەتی کە بەردەوام وەفدی پایەبەرز لە وڵاتانەوە دێنو هەموو ئەو وەفدانە بۆ بینینی واقیعی کەرکوک دێنو سەردانەکانیان لەچوارچێوەی هاوکاریی لۆجستیایەو بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادەین دەستوەردان بکەنو هیچ شتێکمان بەسەردا فەرزبکەن، هاتنی ئەو وەفدانەش سوودی زۆرە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە، چونکە زۆرجار هەندێک ڕاگەیاندن وێنەیەکی ناشرین دەدەن بە کەرکوک، بەڵام کە ئەو وەفدانە دێنو دۆخەکەیان بۆ شیدەکەینەوەو خۆشیان دەبینن، لە دۆخەکە تێدەگەن، زۆرجاریش ئەو کێشانەی کە لەگەڵ حکومەتی ناوەندا هەمانن، بەتایبەت کێشە ئیدارییو خزمەتگوزارییەکان، ئەوان ڕوڵی باش دەبینن تێیاندا.

رۆژنامە: وادەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، نزیکبووتەوەو کێشەی کەرکوکیش بەهەڵواسراوی ماوەتەوە دوای کشانەوەی ئەو هێزانە، لە کەرکوک کێشە دروست نابێت؟

* بەوپێیەی حەوت ساڵە پارێزگاری کەرکوکم، ئاگاداری وردو درشتی قۆناغەکانم، زۆرقۆناغی ناخۆش و سەختمان بڕیووە، ئێستا خەڵکی کەرکوک بەتەواوی پێکهاتەکانییەوە هۆشیارنو خەڵکێکی یەکگرتوونو بەیەکەوە دەژین، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازیی سیاسیی هەیەو هەر پێکهاتەیەکی سیاسیی جۆرێک خوێندنەوەو چارەسەرێکی بۆ کێشەکە هەیە، ئێستا هێزەئەمنییەکانی کەرکوک تۆکمەو بەتوانانو توانای پاراستنی ئاسایشی شارەکەیان هەیە، لەو بڕوایەدا نیم کە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، کێشەیەکی ئەوتۆ ڕووبدات، چونکە بەرژەوەندیی خەڵکی کەرکوک لە توندوتیژیدا نییە.

رۆژنامە: ژمارەیەکی زۆر دەزگای ئەمنیی لە کەرکوکدا بوونیان هەیەو ڕەوشی ئەمنیش ناوبەناو خراپی بەخۆوە دەبینێت، ئایا زۆریی دەزگا ئەمنییەکان، فرەکوێخاییان دروستکردووە یاخود فاکتەری باشکردنی دۆخی ئەمنین؟

* ڕەنگە لە ڕابردوودا فرەکوێخایی لەناو هێزە ئەمنییەکاندا هەبووبێت، بەڵام ئێستا هەموو هێزە ئەمنییەکان ڕێکخراونو ژووری چالاکیی هاوبەشی ئەمنیی هەیە لەنێوان هێزەئەمنییەکانی سەر بە ناوەندو هەرێمی کوردستان، هەموو کارێکیش بەپێی یاسا ئەنجامدەدرێت، باشبوونی دۆخی ئەمنیی شارەکەش، بەڵگەی ئەم قسانەیەو دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی بەردەوامی هێزەئەمنییەکان.

رۆژنامە: ناوبەناو خەڵکی پێشێلکار لەنێوان بەرپرسان، بەتایبەت بەرپرسانی ئەمنیدا ئاشکرا دەبن، دواییش ڕوودا ئەوە بوو کە لەکۆتایی مانگی ڕابردوودا، کەسانێک لەسەر بۆری گواستنەوەی نەوتی کەرکوک، پارکی ئۆتۆمبێلی نایاسایی دروستکردبوو، کە بەهۆیەوە ڕۆژانە بڕێکی زۆری نەوتی شارەکەیان بردووەو باس لەوە دەکرێت کە کەسانی بەرپرس لە پشت ئەو کارەوەبوون و دەستگیر نەکراون، ئەمە ئیدارەی کەرکوک ناخاتە ژێر پرسیارەوە؟

* هەموو ئەو کەسانەی پێشێلکاریی دەکەن، بەپێی یاسا ئیجرائاتیان لەگەڵ دەکرێت، بۆ ڕووداوی دزینی نەوتەکەش، ئیجرائات کراوەو سەرجەم ئەو پارکانە ڕووخێنراون و لەناوبراون و ئامێرو ئۆتۆمبێلەکانیش دەستیان بەسەردا گیراوە، بەڵام ئاگادارنیم کە کەس دەستگیر کرابێت، یان نا، ئەوە کاری دادوەرەو هەرکەسێک تێوە بگلێت، دەستگیر دەکرێتو دادگاش تاوانباران ئاشکرا دەکات.

رۆژنامە: ئەو بودجەیەی کە ساڵانە بۆ کەرکوک دەنێردرێت، لە ئاست پێویستیی ئاوەدانکردنەوەی شارەکەدایە؟

* نەخێر، بەڵام ئێمە بەشێوازێکی زۆرباش خەرجمان کردووەو ئەو پڕۆژانەی لە کەرکوک ئەنجامدراون، لە ڕووی کوالێتییەوە زۆرباشنو لەماوەی ڕابردوودا تیمی وەزارەتی شارەوانیی عێراق لە بەغداوە هاتنە کەرکوکو دوای چەند ڕۆژێک مانەوەیان لە کەرکوک، زۆربەی پڕۆژەکانیان پشکنیوەو دەستخۆشییان لێکردین، بەردەوامیش چاودێریی پڕۆژەکان دەکەینو ئەوانەی بەباشی پڕۆژەکان جێبەجێدەکەن، دەستخۆشییان لێدەکەینو ئەوانەشی لە ئاست پێویستدا نەبوون، سزامان داونو خستومانەتە لیستی ڕەشەوە، ئەوەی بێتە کەرکوک، دەبینێت کە لەماوەی ئەم حەوت ساڵەدا چەند پڕۆژەی باش ئەنجامدراوەو سیمای شار چەند گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بە ڕای من، ئەوەی لەماوەی حەوت ساڵی دوای پڕۆسەدا کراوە، خەیاڵ بووە.

رۆژنامە: خەڵک، نارازییە لە نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیان، چەند ساڵی تر پێویستە بۆ چارەسەری ئەم کێشانە؟

* هەقە خەڵک بەرلەوەی نارازیبن، لە کێشەکان بکۆڵنەوەو بزانن گرفتەکان لەکوێدان، وەک ئیدارە، ئەوەی پێمان کرابێت لەپێناو خزمەتی خەڵکی شارەکەدا کردوومانە، بۆنموونە، لەسەر کێشەی کارەبا، هەوڵێکی زۆرماندا، بە هاوکاریی ئەنجومەن، تەنانەت کار گەیشتە هەڵوێستوەرگرتنو هەڕەشەی بڕینی کارەبای شارەکانی دیکە، تا وەزیری کارەبا گەیشتە کەرکوکو بەشە کارەبای شارەکە زیادکراو ئێستا ئاستی خزمەتگوزاریی لە کەرکوک لە پارێزگاکانی دیکە زۆر باشترە. خەڵک کە خۆپیشاندان دەکەن، دەبێت بزانن، کێ لەم کێشانە بەرپرسە لە دۆزی ئەو لایەنو دەزگایە بن، نەک ئیدارەی شارەکە.

رۆژنامە: هەمیشە باس لە کێشەی(٤)پرۆژەی ستراتیژیی بۆ کەرکوک دەکرێت، کە ئەوانیش (ئاوەڕۆی بنەڕەتیو فرۆکەخانەو پالاوگەی نەوتو نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێلەیی)ن، ئەم پرۆژانە بەکوێ گەیشتن؟

* هەوڵمان بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژە ستراتیژییانە بەردەوامەو ئەوەندەی ئاگاداربم، ئێستا پالاوگەکە کە ڕۆژانە توانای پالاوتنی (١٥٠)هەزار بەرمیل نەوتی هەیە، دراوە بە کۆمپانیایەکی تورکیو لە قۆناغی دیزاینکردندایە، نەخۆشخانەکەش ئامادەکراوەو لە قۆناغی ڕاگەیاندنایە تا بەدرێت بە کۆمپانیای جێبەجێکار، فرۆکەخانەکەش ڕەزامەندیی بۆ وەرگیراوەو بەم نزیکانە لەبەغداوە دەدرێت بە کۆمپانیای جێبەجێکار، پرۆژەی ئاوەڕۆی سەرتاسەری دەمێنێتەوە، دەبوو ساڵی ڕابردوو، وەزارەتی شارەوانی بیدایە بە بەڵێندەر، بەڵام دواخراو ئەو وەزارەتە بەڕەسمیی ئیدارەی کەرکوکی ئاگادارکردەوە کە لەمساڵدا پرۆژەکە جێبەجێدەکرێت، بەڵام تا ئێستا دیار نییە.

رۆژنامە: تا ئێستا لە بڕی یەک دۆلار لە هەر بەرمیلێک نەوتی کەرکوک، زیاتر لە (٧٠) ملیۆن دۆلار کۆبووتەوە، ئەو پارەیە چۆن سەرفدەکەن؟

* پەیوەندیمان کردووە بە وەزارەتی دارایی عێراقەوە بۆ گواستنەوەی ئەو بڕە پارەیە بۆ سەر حیسابی بانکیی کەرکوک، بەڵام تا ئێستا نەچووەتە حیسابی بانکەکەوە، بەڵام ئەوە دەستکەوتێکی مێژوویی و گرنگە بۆ خەڵکی کەرکوکو ئێستا ئەوە بەیاسا کراوەو لە خۆئامادەکردنداین بۆ چۆنێتیی خەرجکردنی ئەو پارەیە لە ئاوەدانکردنەوەی شارەکەو خزمەتکردنی هاوڵاتییاندا.

ڕۆژنامە: ناوبەناو دەبیستڕێت کە فەرمانبەرو خاوەن پلە وەزیفییەکان، لەسەر گەندەڵی ئاشکرادەبنو دەستگیردەکرێنو دواتر بەبێ دادگایی ئازاد دەکرێن، ئەمە کاریگەریی خراپی لەسەر ئەدای کاری فەرمانگەکان نابێت؟

* لەمەسەلەی گەندەڵیدا، ئیدارە بەڕپرسیار نییە، بەڵکو ئەنجومەنو دەستەی نەزاهەو دەزگا چاودێرییەکان بەرپرسیارن، ئێمە لە هەوڵی بنبڕکردنی ئەو دیاردەیەدا بەردەوامینو کاری دەزگاکانی چاودێرییە کە ئیجرائات بکەنو بەڵگەلەسەر بوونی دیاردەکە کۆبکەنەوە، ئەوەی من ئاگادارم، ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەر، ئیجرائاتی دەرکردنو زیندانییان لەگەڵ کراوەو بەپێی ئەو ئامارانەی مانگانە دەستەی نەزاهە ئەنجامی دەدات، ئێستا ئاستی گەندەڵیو وەرگرتنی بەرتیل لە فەرمانگەکانی حکومەتدا بۆ ڕێژەی(٥٪) دابەزیوە، کە بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی پارێزگاکانی عێراقدا ڕێژەکە لە کەرکوک زۆر کەمە. ئێمە وەک ئیدارەی کەرکوک، هەموو لایەنەکانمان بە هاوڵاتییانیشەوە سەرپشک کردووە تا هەر بەڵگەیەکیان لەسەر هەبوونی گەندەڵی هەیە، با بیخەنە بەردەستو ئێمەو ئیجرائات دەکەین.

رۆژنامە: نێوانی ئێوەو ئەنجومەن چۆنە، کە ناوبەناو هەڵوێستی دژبەیەکو پێچەوانە لەنێوانتاندا بەدیدەکرێت، ئایا کێشەکان شەخسین، یاخود کێشەی خەڵکو شارەکەن؟

* با نەچینە سەر ئەو بابەتە، ئێستا کاتی ئەوە نییە، با **بمێنێت** بۆ کاتی خۆی.

رۆژنامە: تا چەند کۆمپانیا بەناوبانگو جیهانییەکان، ئامادەی وەبەرهێنانن لە کەرکوکدا؟

* کێشەی زۆر هەیە لەبەردەم وەبەرهێناندا، بۆنموونە کێشەی مولکایەتیی زەوی، کێشەی سەرەکییەو بەشێکی دیکەی کێشەکانیش وەزارەتەکان دروستی دەکەن، بەڵام بە بەردەوامی وەبەرهێنەران لە ولاتی جیاجیاو لەناوخۆوە ڕوودەکەنە کەرکوکو لەم قۆناغەشدا چەند پرۆژەیەک دراون بە وەبەرهێنەران و ئێستاش دوای چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنانی کەرکوکدا، چەند پارچە زەویەیەک بۆ وەبەرهێنان دەستنیشانکراوە.

رۆژنامە: مامەڵەی حکومەتی ناوەندی بەغدا، لەگەڵ ئیدارەی کەرکوک چۆنە؟

* ئەو مامەڵەیە، بەپێی وەزیرو وەزارەتەکان جیاوازە، کێشەمان هەیە لەگەڵ بەغدا، هەرچەندە چەندینجار لە کۆنفرانسو کۆبوونەوەدا کە سەرۆک وەزیران ئامادەبووە، کێشەکانمان خستووەتەڕوو، دواتریش بەنووسراوی ڕەسمیی بۆ سەرۆک وەزیرانمان ڕەوانە کردووە، بەڵام بەشێکی کێشەکان بە چارەسەرنەکراویی ماونەتەوە.

رۆژنامە: هاوکاریی و هاوهەنگیی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئیدارەی کەرکوکدا چۆنە؟

* هاوکاریی حکومەتی هەرێم بۆ کەرکوک بەردەوامەو چەندینجار بەرپرسانی هەرێم سەردانی ئێمەیان کردووەو لەئێستاشدا حکومەتی هەرێم، پرۆژەی لە کەرکوک هەیەو وەزیری ئاوەدانکردنەوە وەک ڕێکخەر لەنێوان کەرکوکو حکومەتی هەرێمدا دەستنیشانکراوە، بەڵام ئێمە بەردەوام پێویستمان بە هاوکاریی زیاتری حکومەتی هەرێمە.

رۆژنامە: زیادەڕۆییەکی زۆر لەم شارەدا ئەنجامدراوە ئایندەی ئەم مەسەلەیە بە کوێ دەگات؟

* ماوەیەکی زۆرە، ڕێگە لە زیادەڕۆیی لەسەر زەویی حکومەت دەگرینو ئیجرائاتی قورسیشمان کردووە، بۆئەوەشی کە پێشتر کراوە، نازانم لەداهاتوودا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام بەگشتیی زیادەڕۆیی زیانی زۆر گەورەی بە کەرکوک گەیاندووەو سیمای شارەکەی شێواندووە.

رۆژنامە: بەوپێیەی پارێزگاری شارەکەیت، پێتوایە لە کەرکوک، ژیان ئاساییە؟

* بەتەواوی نەخێر، گرفتو کێشە هەیە، هەوڵێکی زۆرماندا‌وەو قۆناغێکی باشمان بڕیوە، بەڵام هێشتا هەنگاوی زۆرمان ماوە تا ژیان بەئاسایی بڕوات.

خەڵک کە خۆپیشاندان دەکەن، دەبێت بزانن، کێ لەم کێشانە بەرپرسە لە دۆزی ئەو لایەن و دەزگایە بن، نەک ئیدارەی شارەکە



عەبدولڕەحمان مستەفا

کورد، مێژوو دووبارە دەکاتەوە

عەلاوی‌و مالیکی، لە هاوپەیمانیی نزیکەبنەوە

هەستیار قادر، کارزان عومەر



لەگەڵ ئـەوەی لیستی عێراقییە لە یەکگرتنی دووڵایەنە شیعەکە نارازییە، بە وتەی ئەندامێکی ئەو لیستە، کۆبوونەوەی عـــەلاوی‌و مالیکی، ئـــەگـــەری زۆری هاوپەیمانێتی لێدەکەوێتەوە هاوکات ئەندامێکی پێشووی لیستی هاوپەیمانیش دەڵێت: «پێویستە بەر لە هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ لیستە شیعەکەدا، کـورد مەرجی نووسراویان پێ ئیمزابکات، تا ئەزموونی چوارسالّی رابردوو دووبارە نەبێتەوە».

عێراقییە، لە شیعەکان تورەیە

هەینیی رابـــردوو(٦/١١)، هـــەردوو لیستی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانی، هاوپەیمانێتیی نێوانیان بە ناوی ئیئتیلافی نیشتمانی راگەیاند، تا بتوانن بە (١٥٩) کورسییەوە ببنە کوتلەی زۆرینـــەی پەرلەمانی، وەک دەستپێشخەرییەک بۆ پێکهێنانی حکومەت لە بری لیستی عێراقییە کە خاوەنی (٩١)کورسییە، ئەم هەنگاوەش لیستی عێراقییەی نیگەرانکردو لەدوای راگەیاندنی ئەو هاوپەیمانێتییەوە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: «هاوپەیمانێتیی نێوان دوو لیستە شیعەکە بۆ ڕێگرتن بووە لە مافی دەستوورییو دیموکراسی لیستی عێراقییە لە پێکهێنانی حکومەتدا».

لەو بەیاننامەیەدا مەیسون دەمەلوجی، وتەبێژی لیستی عێراقییە ئاماژەی بەوەداوە: «هیچ لایەنێک نییە کە لە رووی یاساییەوە ڕاستاندن بۆ یەکگرتنی ئەو دوو لیستە بکاتو لەوبارەیەشەوە ڕێ بە دادگای دەستووریش نەداوە».

لیستی عێراقییە، ســـوورە لەسەر پێکهێنانی حکومەتو بەپێی هەندێک سەرچاوە، خودی عەلاوییش کاری لەسەر دەستنیشانکردنی هەندێک لە وەزیرەکانی کردووە.

جەمال بەتیخ، ئەندامی لیستی عێراقییە ئـاماژەی بـەوەدا: لیستەکەیان سـوورە لـەسـەر وەرگـرتـنـی پۆستی سـەرۆک وەزیـران‌و خۆیان حکومەت پێکدەهێنن‌و بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «تا ئێستا خۆمان بە لیستی براوە دەزانین‌و لیستی شیعەکان پاش هەڵبژاردنەکان پێکهێناوە، نەک پێش هەڵبژاردنەکان».

بەتیخ، وتیشی: «لیستی عێراقییە بـەشـداری لەحکومەتدا دەکـات، چونکە خۆمان حکومەت پێکدەهێنین‌و پێکهێنانی حکومەت لەلایەن لیستە شیعییەکەوە، شتێکی نامەنتیقییە».

بەوەدا: سەرجەم لیستە گەورەکانی پەرلەمانی نوێ، داوای پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانی دەکەن، بۆیە پێشبینی دەکرێت کە سەرجەم لیستەکان بەشداری لە حکومەتدا بکەن‌و بۆ ڕۆژنامە وتی: «تا ئێستا لەنێو سەرکردایەتیی لیستی عیراقییەدا بیرۆکەی ئۆپۆزسیۆنێکی پۆزەتیڤ نەچەسپیوە، چونکە پێیانوایە، یان دەبێت بەشداربن لە حکومەتدا، یـان ببن بە ئۆپۆزسیۆنێکی نەگەتیڤ‌و بەشێوەیەکی نەگەتیڤانە کاری ئۆپۆزسیۆن ئەنجامبدەن».

بەشداربوون لە حکومەتدا

یەکگرتنی دوو لیستە شیعەکە، ئەگەرەکانی بـەردەم پێکهاتەی حکومەتی داهاتووی تا هێندێک دیاریکردووە، بەو پێیەی عێراقییە خۆی بە خاوەنی مافی پێکهێنانی حکومەت دەزانـێـت‌و قایلیش نییە وەک بەشدارو هاوبەش لە حکومەتێکدا بێت کە شیعەکان پێکیهێنن.

لەبەرامبەر ڕداعەدنان‌سەراجی‌سەرکردەی لیستی دەوڵەتی یاسا، بە دووری زانی کە لیستی عێراقییە بەشداری لە حکومەتەکەیاندا بکات‌و بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «هەوڵدەدین کە سەرجەم لایەنەکان بەشداربن لە حکومەتداو هەر لایەنێک بەشداریی نەکات، یان دوابکەوێت لە بەشداریکردن، خۆی زەرەرمەند دەبێت».

هاوکات، عامر حەسەن فەیاز، مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدا، ئاماژەی

کورد، مێژوو دووبارە دەکاتەوە

سـەرەڕای ڕێککەوتنی چوارقۆڵیی یەکێتی‌و پارتی لەگەڵ دوو لایەنە شیعە سەرەکییەکەی عێراقدا (ئەنجومەنی باڵاو حیزبی دەعـــوە)، ئەزموونی مامەڵەی کورد لەگەڵ شیعەکاندا وەک هاوبەشێک لە حکومەتی مالیکدا ئیجابیی نەبوو، بەو پێیەی چەندین کێشە بە هەڵپەسێردراویی لەنێوان هەولێرو بەغدادا مانەوە، لەوانە: مـــادەی(١٤٠)و بودجەی پێشمەرگەو گرێبەستە نەوتییەکانی هـەرێـمو لە ئێستاشدا ئـامـاژەکـان بـــەرەو ئـەوەن کە ئەمجارەش کـورد لەگەڵ ئەو دوو لیستە شیعەیەدا ببێتەوە بە هاوپەیمان‌و لـەوبـارەیـەوە ئەبلەحە ئەفرایم ساواو، ئەندامی پێشووی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، بە گرنگی دەزانێت کە کورد لە هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ شیعەکاندا، مەرجی نووسراویان پێ ئیمزابکات‌و بە وتەی ناوبراویش، نابێت وەزیرە کوردە بەشداربووەکانی ئەو حکومەتە، وەک وەزیرەکانی حکومەتی پێشوو بێدەنگ بن لە ئاست پێشێلکارییەکانی دژ بە مافەکانی گەلی کورد.

ئەفرایم ساواو، ئاماژە بەوەشدەدات: شیعەکان زوو هەڵوێستی خۆیان دەگۆڕن‌و پەیوەندیی هاوبەشیان لەگەڵیاندا نییە، بەڵکو بەرژەوەندیی هاوبەش هەیە، وتیشی: «پێویستە سـەرجـەم لایەنە کوردستانییەکان، نوێنەریان لە حکومەتدا هەبێت‌و کۆبوونەوەو ڕێککەوتنی لابەلا نەکرێت، تا ڕێ لە پێشێلکارییەکانی ئەو حکومەت بگیرێت».

سەرۆک وەزیرانە چاوەڕوانکراوەکانی عێراق

نوری مالیکی



ناوی تـەواوی، نوری کامیل محەمەد حەسەن مالیکییە، ساڵی (١٩٥٠) لە بابل لەدایکبووەو محەمەد حەسەنی باپیری، لە سەرەمی پادشاییدا وەزیری مەعاریف بووە مالیکی، بەکالۆریۆسی لە زانکۆی زانستە ئاینییەکانی بەغدا بەدەستهێناوەو ماجستێریشی لە زمانی عەرەبی لە زانکۆی سەڵاحەدین لە هەولێر وەرگـرتـووە لە ساڵی (١٩٧٠)پەیوەندیی کردووە بە حیزبی دەعەوەو لـــە (١٩٧٩)دا سزای لەسێدارەدانی لەلایەن حیزبی بەعسەوە بۆ دەرچـــووە بەوهۆیەوە عێراقی بەجێهێشتووەو لە سوریاو ئێران ژیاوە تا ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣)دا، بووەتە ئەندامی لەبری ئەنجومەنی حوکم‌و پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کاتیی وەرگرتووە لە ساڵی (٢٠٠٦)دا بووەتە سەرۆک وەزیرانی یەکەمین حکومەتی هەمیشەیی عێراق‌و ئێستا سەرۆکی حیزبی دەعەوەیەو پاڵێوراوی لیستی دەوڵەتی یاساشە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران.

ئەیاد عەلاوی



ناوی تەواوی، ئەیاد هاشم عەلاوییەو لە ساڵی(١٩٤٥) لە بەغدا لەدایکبووە کۆلیژی پزیشکی لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە ئەندامی حیزبی بەعس بووە بەڵام بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ گەورە بەرپرسیارانی ئەو حیزبەدا لە ساڵی(١٩٧١) عێراقی بەجێهێشتووەو چوەتە بەریتانیاو کراوەتە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعس لە ئەورووپا تا ساڵی(١٩٧٥) بەڕەسمیی لە حیزبی بەعس کشاوەتەوە لە ساڵی(١٩٧٨)دا هەوڵی تیرۆرکردنی درا لەلایەن حیزبە بەعسەوەو بەهۆیەوە زیاد لە ساڵێک لە نەخۆشخانە مایەوەو ساڵی(١٩٩١) بزووتنەوەی ویفاقی نیشتمانی لە لوبنان ڕاگەیاندو وەک سکرتێری ئەو بزووتنەوەیە هەڵبژێردرا.

لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوە لە ساڵی(٢٠٠٣) گەڕاوەیە بۆ عێراقو بووە ئەندامی ئەنجومەنی حوکمو لە مانگی ئۆکتۆبەری (٢٠٠٣)دا بووە سەرۆکی خولێکی ئەو ئەنجومەنە. لە ساڵی(٢٠٠٤)دا بووە سەرۆک وەزیرانی حکومەتی کاتیی عێراق‌و لە هەڵبژاردنی ساڵی(٢٠٠٥)دا لیستی عێراقییەی پێکهێناو ئێستا سەرۆکی ئەو لیستەیەو پاڵێوراوێتی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران.

عادل عەبدولمەهدی



ناوی تەواوی، عادل عەبدولمەهدی مونتەفیکییەو لە ساڵی(١٩٤٢) لە بەغدا لەدایکبووە باوکی لەسەردەمی پادشاییدا وەزیر بووەو هاوڕێی منداڵی ئەحمەد چەلەبی‌و ئەیاد عەلاوییەو لەدوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی لە بەغدا، بە مەبەستی خوێندن لە ساڵی (١٩٦٨) چووەتە فەرەنسا‌و دواتر لە نێوان سوریاو لوبناندا گەڕاوەو لە فەرەنسا گیرساوەتەوە لە گەنجێتیدا بە فیکری ناسیۆنالیستی عەرەبی کاریگەربووەو دواتر ڕووی لە فیکری شیوعییەت کـردووە تا دواجار بە فیکری ئیسلامیی شیعی میانڕەو وەستاوەتەوەو بووەتە یەکێک لە ئەندامە باڵاکانی ئەنجومەنی حوکم بـــووەو لە سەردەمی حکومەتی ئەیاد عەلاویشدا لە ساڵی(٢٠٠٤)دا وەزیری دارایی بووەو لە پاش هەڵبژاردنی ساڵی(٢٠٠٥) ڕکەبەری مالیکی بوو بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران‌و دواتر بووە جێگری سەرۆک کۆمار و ئێستا یەکێکە لە پاڵێوراوەکانی ئیئتیلافی نیشتمانی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییەوە پشتگیریی دەکرێت.

ئیبراهیم جەعفەری



ناوی تەواوی، ئیبراهیم ئەشیقەر جەعفەرییەو لە ساڵی(١٩٤٧) لە شاری کەربەلا لەدایکبووە لە ساڵی (١٩٥٤) لە زاکۆی موسڵ کۆلێژی پزیشکی تـەواوکـردووە لە ساڵی (١٩٦٦)دا پەیوەندیی کردووەبەحیزبی دەعەوەی ئیسلامیی عەرەبییەوەو بووەتە وتەبێژ‌و دواتر سکرتێری ئەو حیزبەو لە ساڵی(١٩٨٠)دا بە هۆی قەدەغەکردنی حیزبەکەی لەلایەن حیزبی بەعسەوە عێراقی بەجێهێشت‌و چووە ئێران، لە ساڵی (١٩٨٩)ەوە لە بەرپتانیا دژیا تا ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣)، بووە ئەندامی ئەنجومەنی حوکم‌و یەکەم سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە بوو، دواتر بووە جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لە سەردەمی حکومەتی کاتیدا‌و لە (٢٠٠٥-٢٠٠٦) بووە سەرۆک وەزیرانی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا لەدوای هەڵبژاردن لە ساڵی(٢٠٠٨) لە حیزبی دەعەوە جیابووەوەو ڕەوتی چاکسازیی نیشتمانی پێکهێناو چووە نێو لیستی ئیئتیلافی نیشتمانییەوەو ئێستا پاڵێوراوێکی ئیئتیلافی نیشتمانییە‌و لەلایەن ڕەوتی سەدرەوە پشتگیریی دەکرێت.

ئەحمەد چەلەبی



ناوی تـەواوی، ئەحمەد عەبدولهادی چەلەبییە، ساڵی(١٩٤٥)لەبەغدالەدایکبووە لەخێزانێکی‌دەوڵەمەندی عێراقە کە لەبواری بانکیدا کاریانکردووە، زۆربەی ژیانی لە وڵاتانی ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنسا و ئوردون‌و ئێران بەسەربردووە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانیشدا لە هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی کـردووەو هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری ماتماتیکو ژمێریاریدا لە زانکۆی ئەلۆنۆی ئەمریکا. لە ساڵی (٢٠٠٤)دا بووە بە ئەندامی ئەنجومەنی حوکم‌و دواتر لەلایەن دادگایەکی ئوردنییەوەو بەهۆی کێشەی هەرەسهێنانی بانکێکی ئەو وڵاتەوە فەرمانی دەستگیرکردنی دەرکراوەو حکومەتی ئەمریکاش بە تۆمەتی پێدانی زانیاریی هەڵە، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرکرد، تا ئەو ئاستەی هەندێک بە سیخوڕی دووسەری ئێران- ئەمریکا لەقەڵەمیان دا، بەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، سەرۆکی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی بوو، ئێستا یەکێکە لە پاڵێوراوەکانی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران.

بەیان جەبر



ناوی تەواوی، باقر سولاغ جەبر زوبەیدییەو لە ساڵی (١٩٤٦) لە میسان لەدایکبووە لە ساڵی(١٩٨٢) (بەیان)ی وەک ناوی نهێنی بۆخۆی دیاریکردووەو لە ساڵی(١٩٦٩)دا بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاری شارستانیدا بەدەستهێناوەو دوای ئەوەی (١٢)ئەندامی خێزانەکەی لەلایەن حیزبی بەعسەوە لەسێدارە دراون، لە ساڵی (١٩٨٢)دا عێراقی بەجێهێشتووەو لە ساڵی (١٩٨٤)دا بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی موجاهیدین لە لوبنان‌و دواتر بووەتە نوێنەری ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە سوریاو لوبنان‌و لە ساڵی(١٩٩٢)دا ڕۆژنامەی (نداء الرافدین)ی لە لوبنان دەرکردووەو لە یەکەم حکومەتی دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسدا، بووەتە وەزیری ئاوەدانکردنەوەو دواتریش‌لەحکومەتی‌ئەیاد عەلاویدا، بووەتە ڕاوێژکار بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوەو لە سەردەمی حکومەتی ئیبراهیم جەعفەریدا، وەزیری ناوخۆ بووەو لە دوای هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)یشەوە بووەتە وەزیری دارایی لە حکومەتی نوری مالیکداو ئێستا یەکێکە لە پاڵێوراوەکانی ئیئتیلافی نیشتمانی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران کە لەلایەن ڕەوتی بەدرەوە پشتگیریی دەکرێت.

خولێکی نوێی سفرکردنەوەی کێشەی کەرکوک

کـەرکوک لـەنێوان بەرداشەکـاندا دەهـاڕدرێت

راپۆرتی: بەهادین یوسف

بەرەی تورکمانی هەڕەشەی کشانەوە دەکـات لە لیستی عێراقییە، لە بەرامبەر سازشکردنی لەسەر کێشەی کەرکوک، کوردیش چارەسەری کێشەی کەرکوک دەکاتە ئەولەویەتی کارەکانی لە بەغدا.

هەڕەشەکردنی بەرەی تورکمانی بە کشانەوە لە لیستی عێراقییە، لە حاڵێکدا ئەگەر لیستەکەیان سـازش بەرامبەر مـادەی (١٤٠) بکات، بە یەکەم هەڕەشە لەسەر کەرکوک دادەنرێت، کە لە دەرگای دەستپێکی کارەکانی خولی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەدات، کە کورد ئەمجارە بە ژمارە کەمو سەنگێکی کەمترەوە دەچێتە ململانێ پەرلەمانییەکانو پرۆسەی سیاسیی عێراقەوە.

ئەولەویەتی رەتکراوە

ئەولەویەتی بەرنامەی (ئیئتیلافی فراکسیۆنە کـوردسـتـانـیـیـەکـان) لە خولی دووەمـی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا جێبەجێکردنی مـادەی (١٤٠)و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکەو لە پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافەکەدا هاتووە: «کارکردنو بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بە پەلەی مادەی (١٤٠) لە (کەرکووک)و ناوچەجێناکۆکەکانی کوردستانو ڕێگرتن لە هـەر هەمواکردنێکی دەستـووری هەمیشەیی عـێـراق، کـە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی مافە دەستوورییەکانی کوردو خەڵکی کوردستان».

جەخت لەوەشکراوەتەوە لە هەموو بارودۆخێکدا پێویستە ئیئتیلاف یەکەهڵوێست بێت لە بەرامبەر پرسە چارەنووسسازەکان، بەتایبەتی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)».

هەرچەندە لە دووخـاڵـی پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافەکەدا جەخت لەسەر چـارەسـەرکـردنـی کێشەی کـەرکـوک کـراوەتـەوە، بـەاڵم بـەڕای چاودێرانی سیاسیی ئـەوانـە تەنیا لـە پـەیـڕەودا جێکراوەتەوە بۆ خولی نوێش کورد هیچ نەخشەڕێیەکی نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک.

ئـاوات محەمەد ئەمین، چاودێری سیاسیی لـە کـەرکـوک وتـی: «ئـەوەی تێبینی دەکرێت لە ئێستادا کـورد هیچ نەخشەڕێیەکی نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک».

ئـامـاژەی بـەوەکـرد، لـە ئێستادا لـەدوو گـۆشـەوە سـەیـری کـەرکـوک دەکـرێـت: «ئەگەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان کە نوێنەرایەتی پەرلەمانی کەرکوک دەکات، پلاندانەر بێت ئەجێنداو بەرنامەکەیان دیارە، کە لە هەردوو حیزبە دەسەاڵتدارەکەی هەرێم پێکهاتووە، ڕێگەی دووەم کە ڕێگەیەکی گونجاوە بگەڕێینەوە بۆ مەرجەعیەتی سیاسییو یاسایی، کە پەرلەمانی کوردستانە، کە گفتوگۆیەکی جدییو تێرو تەسەل بکرێت بۆ ڕێکەوتن لەسەر دەستنیشانکردنی هێلە گشتییەکانی کارکردن بۆ کێشەی کەرکوکو ئەوەش ببێتە رایەکی نیشتمانیی لەسەری».

گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر

یەکەم کاری خولی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەوەیە، کە ئایا ئەو کۆمیتەیەی بۆ مادەی (٢٣) پێکهێنراوە دەستبەکار دەبێتەوە، یان میکانیزمێکی نوێ دەدۆزرێتەوە؟، ئەو مادەیە جارێکی تر دەخرێتەوەگەڕ کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کـەرکـوک، یان چارەسەرێک بۆ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەدۆزێتەوە، کە کەرکوکی لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/١/٣١) بێبەشکرد تا ئـەو کاتەی بـارودۆخـی کەرکوک ئاسایی دەکرێتەوەو پێداچوونەوە بۆ تۆماری ڕەگەزنامەو دەنـگـدەران‌و چارەسەری کێشەی زیادەڕەوییەکانی کەرکوک دەکرێت.

بە بۆچوونی ئاوات محەمەد، دەبێت یەکەم کاری ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ، چارەسەری مـادەی (٢٣) بکاتو دواتر مەسەلەی کەرکوک دەکەوێتە سەر ئەو ئەندامانەی نوێنەرایەتی کەرکوک دەکەن لەهیچ لایەکیشی قبوڵ ناکەین سازش لە مەسەلەی کەرکوکدا بکرێت.

ئەمهەڕەشەیە،هاوکاتەلەگەڵلێدوانێکی فـەوزی ئەکرەم تـەرزی، پەرلەمانتاری پێشوو، سەرکردە لە کوتلەی ئەحراری سەدرییەکان، کە پێکهێنەرێکی سەرەکی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقین، کە ڕایگەیاندبوو: «بە هەموو شێوەیەک ئەوە ڕەتدەکەینەوە کە کەرکوک بکرێتە کارتی مساوەمە، یان سەفقەی سیاسیی لە پشت پەردەکانەوەو پێیوابوو: کەرکوک شارێکی تورکمانییەو وەک عێراقێکی بچکۆلە وایە بەهەموو پێکهاتەکانی تورکمانیو عەرەبیو کوردو مەسیحی».

عێراقییە، بەرکەوتەی یەکەم

ئەولەویەتدان بەکێشەی کەرکوک لەبەرنامەی ئیئتیلافە کوردستانییەکانو ڕێگریی لە هەمواری دەستوور، دەکەوێتە نێوان دوو بـەرداشـەوە، کە ئایا کورد هاوپەیمانێتیکردنی لەگەڵ هەریەک لە لیستەکانی عێراقییەو ئیئتیلافی نیشتمانی دەبەستێتەوە بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) وەکـخـۆی، یـان ئەلتەرناتیڤی جیاوازتر بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک دەدۆزێتەوە؟.

چـاودێـرانـی سیاسیی هۆشیاریی ئـەوەشـدەدەنـە کـورد، کـە لە هاوپەیمانێتیکردنو بەکارهێنانی کارتەکانیدا بەهیچ شـێـوەیـەک لیستی عێراقییە پشتگوێنەخات، چونکە لە چارەسەری کێشەی ناوچەدابڕاوەکان ڕاستەوخۆ بەرکەوتنی دەبێت لەگەڵیدا، بەوپێیەی ئەو لیستە لیستی بـراوەیـەو زۆرترین نفوزی هەیە لەو ناوچانەی کە بە کێشە لەسەرەکان دانراون لە (کەرکوکو موسڵو دیالەو تکریت)و لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیشدا پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو لیستە بـراوەی یەکەمی ئەو پارێزگایانە بوون‌و لیستی کوردی هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەستوون.



پرۆژەکەی دیمستۆرا لەبیرچووەتەوە

هەستیار قادر

لەپێش هـەڵـبـژاردنـی پەرلەمانی عێراقەوە هەرێمو حکومەتی ناوەندی کۆبوونەوەیان لەسەر دوو پرۆژەکەی دیمستۆرا نەکردووە سەبارەت بە کێشەی ناوچەدابڕاوەکان، ڕاوێژکارێکی مالیکیش دەڵێت: «ئەو پرۆژانە هەنگاوی عەمەلییان بۆ نەنراوە».

لـەپـاش ئـەوەی هـەردوو لایەنی هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندی لە ساڵی (٢٠٠٩)دا لیژنەی هاوبەشیان بـۆ بـەدواداچـوونـی هـەنـگـاوەکـانـی بەعەمەلیکردنی دوو پرۆژەکەی ستیڤان دیمستۆرای سەرۆکی پێشووی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی) پێکهێنا سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچـەدابـڕاوەکـان، لـەدوای بەجێهێشتنی پۆستەکەی دەنگی پرۆژەکەی کزبووە.

لـەوبـارەیـەوە فـاروق عـەبـدوڵـاڵا، ڕاوێـژکـاری نـوری مالیکی، سـەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری پارێزگاکان تایبەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەپێش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە لە (٣/٧)دا لیژنەی هاوبەشی نێوان هەرێمو ناوەندو یۆنامی کۆبوونەوەیان نەکرووە»

ئەو ڕاوێـژکـارەی مالیکی ئاماژەی بەوەشدا: کە هەرچەندە لیژنەی مەیدانی هاوبەش لەنێوان هەولێرو بەغداو یۆنامیدا پێکهاتووە بۆ جێبەجێکردنی دوو پرۆژەکەی دیمستۆرا لە بوارەکانی کێشەی مولکدارو ئاسایشی ئەو ناوچانە، هیچ هەنگاوێکی عەمەلی بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانو چارەسەرکرنی کێشەکان نەنراوە.

لە ٢٠٠٨/٤/٢٢دا دیمستۆرا، پرۆژە ڕاسپاردەی یەکەمی ڕاگەیاند: کە تایبەت بوو بە قەزاو ناحیەکانی سنووری مادەی (١٤٠)و چۆنێتی چارەسەرکردنیانو دواتر لە مانگی ٢٠٠٩/٦دا دووەم پرۆژەی تایبەت بە کەرکوکی پێشکەشکرد، کە تایبەت بوو بە کەرکوکو تیادا چـوار ڕێگەچارەی دیاریکردبوو تا بەر لە ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر کەرکوک بگیرێتە بەر.

گۆتبوونی دوو پرۆژەکەی دیمستۆرا لەکاتێکدایە، کە لـەدوای بەجێهێشتنی پۆستەکەی لە عێراق ئاد میلکەرد، سەرۆکی نوێی نـێـردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق، لیژنەی تایبەتی پێکهێنا بۆ بەدواداچوونی ئەو دوو پرۆژەیە، بەاڵم تائێستا دەرئەنجامێکی ئەوتۆی واقیعیو ڕۆژنامەوانی نەبووە.

بـۆ ڕەوانـدنـەوەی ئـەو گومانەش ڕۆژنامە پەیوەندیی کرد بە ئیلینا نەبعە، وتەبێژی ئاد میلکەرد، بەاڵم وتی: «من قسە لەسەر ئەو پرسە ناکەم».



هەندێک لە چـاودێـران پێیانوایە: شکستی ئەو پرۆژەیە لـەوەدا بووە کە هەردوو لایەنی کوردیو بەرامبەرەکەی کە عـەرەبـی سوننەو تورکمان بوون سـوورببـوون لەسەر هەڵوێستەکانیان، بەتایبەت کە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕاسپاردەی یەکەمو ڕادەستکردنی ڕاسپاردەی دووەمی بە بەرپرسە عێراقییەکان، هەردوو بەرە ڕەخنەی تووندیان لێگرت.

د.محەمەدئەحمەد،سەرۆکی‌فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراق ئاماژەی بەوەدا: کە خودی دیمستۆراش کاتێک لە عێراق بووە لە پرۆژەکانی ساردبووەتەوە، کە ئەویش ئەو گەرموگوڕییەی نەمابێت لایەنەکانی تریش ناچنەوە سـەر ئـەو بەرنامەیە، وتیشی: «کورد لە پرۆژەکەی دیمستۆرا قایل نەبوو هەندێک گۆڕانکاریی تیا کردو دواتر لایەنەکانی دیکە پێی ڕازی نەبوون، ئەمەش تووشی دەستگیریی دەکردو ئەو دەیویست کێشەکە بەش بەش بکاتو لە کێشە ئاسانەکانەوە دەست پێبکات، بەاڵم هەر لە ئاسانەکانەوە کێشە دروست بوو».

ئەو پەرلەمانتارەی پێشووی عێراق ئاماژە بە هۆکارێکی تری سستبوونی پرۆژەکەی دیمستۆرا دەکات، کە ئەوش ناپەیوەستی بـووە لەسەر لایەنەکانو دەڵێت: «زۆرێک لە ڕاسپاردەکانی (UN) ئیلزامی نییەو جگە لـەوەش دیمستۆرا دەیوست هەردوولا ڕازی بکات، کەوایکرد لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ نەکرێت».

لەگەڵ ڕاگەیاندنی یەکەمین ڕاسپاردەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە مانگی (٢٠٠٨/٦)دا بـە بـەشـداریـی هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێم پەرلەمانو حکومەتو ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانی کوردستان کۆبوونەوەیەکیان سازداو تیایدا هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند: کە پێیانوابوو، ئـەو پـرۆژەیـەی دیمستۆرا ناکرێت بەو ناوەڕۆکەیەوە بکرێتە بنەما بۆ چارەسەرکرنی کێشەی ناوچەدابڕاوەکانو ڕێوشوێنەکانو ئالیەتی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە دووبارە لەو هەنگاوانەی کە پێشتر ڕێکەوتن لەسەری هەبووە، ئەمە جگە لە دووبارەوتنەوە لە ناوەڕۆکی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠).

ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراقی ڕەشبینە لە دەرئەنجامی دوو پـرۆژە ڕاسپاردەکەی دیمستۆراو ڕاستەوخۆ دەیبەستێتەوە بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ەوە.

ئەحمەد شەبەک، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو ڕاسپاردانەی دیمستۆرا وەک هاوکارییە بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)»، پێشیوابوو: کە پرۆژەکەی دیمستۆرا هیچ بە هیچ ناکات».

ئەحمەد شەبەک، پێیوایە: کێشەی کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکان زۆر ئاڵۆزەو بەئاسانیی چارەسەر ناکرێتو بارودۆخی عێراقو ناوچەکەو کاریگەریی ئەجێندای دەرەکیو کەموکورتی کورد بە هۆکاری گرانیی ئەو چارەسەرە دەزانێت».

بە گریمانەی شکستی ئەو پرۆژەیەی دیسمتۆرا دوو تیۆر هەیە، یەکەمیان: وەک شکستی پرۆژەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە قەڵەمی دەدات وەک گەورەترین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە چارەسەرکردنی ململانێ ناوخۆییەکاندا، دووەم تیۆریش: ئەو شکستە دەخاتە ئەستۆی واقیعی سیاسیی عێراق لە مامەڵەکردنێکی نالۆژیکیانە لەگەڵ ئەو پرۆژەیەدا.

د. عومەر عەلی، مامۆستای زانکۆو پسپۆڕ لە بواری کێشەی کورددا لەگەڵ تیۆری دووەمـدایـەو پێیوایە: واقیعی عێراق هۆکاری شکستی ئەو پرۆژەیە بـووەو دەڵـێـت: «UN تەنیا پێشنیاز دەداتو لە عێراقدا خـاوەن بڕیار نییە» ڕوونیشی کردەوە، کە لەدوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقیشەوە باگراوندو شێوازیان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، جگەلەوەش چەندین کێشەی تری نێوان هـەرێـمو بـەغـداش هـەیـە، کـە لیژنەی بۆدانراوەو چارەسەر نەکراوە.

ئەو پسپۆڕەی کێشەی کورد، ئاماژە بە لایەنی خراپی ئەزموونی کورد دەکات لە مامەڵەکردنی نەتەوەیەکگرتووەکان لەگەڵ کێشەکانیدا، کە هەر لە بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە دەستپێدەکات لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوەو دەڵێت: «نەتەوەیەکگرتووەکان هەمیشە لەگەڵ هێزی یەکەمی دەسەاڵتدایەو کێشەکان لە بەرژەوەندیی ئەو هێزە دەشکێنێتەوە».

مەترسیی لەسەر هاوپەیمانیی تورکیاو ئەمریکا دروستدەبێت

راپۆرتی: شالاو فەتاح

دوای ئـەوەی تورکیا دەنگی نـەدا بۆ سەپاندنی سـزای زیاتر بەسـەر ئێراندا، بەرپرسانی ئەمریکا نیگەرانیی خۆیان لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی ئەنقەرە دەربڕی، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بریاری سەپاندنی سزای زیاتری بەسـەر ئێراندا دا، بەڵام لە کۆی پانزە ئەندامی ئەنجومەنەکە، تەنیا بـەرازیـلو تورکیا ناڕازیبوون، هەربۆیە ئەمریکا نایشارێتەوە کە نیگەرانە لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی تورکیا. پێشترو لە چەندین بۆنەدا باس لـەوە دەکـرا، کە تورکیا رووبکردووەتە خۆرهەڵات، بەڵام دوای رووداوی کەشتی ئازادیی‌و دەنگدانی ئەنجومەنی ئاسایش، ئەم بابەتە لە هەر کاتێک زیاتر زەقبووەوە، بەجۆرێک بە ئاشکراو لەسەر ئاستی فەرمیی باسدەکرێت.

یەکێک لـەو بەرپرسە ئەمریکیانەی رەخنەی لە بڕیارەکەی تورکیا گرت بۆ دەنگنەدان لەسـەر سزادانی ئێران، رۆبـەرت گەیتس، وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا، لە نیوزکۆنفرانسێکداو دوای کۆبوونەوەیەکی وەزیرانی بەرگریی ناتۆ (نوێنەری تورکیا لەنێویاندا بوو) وتی: «بێئومێدبووم لە دەنگەکەی تورکیا لەسـەر سەپاندنی سزاکان بەسـەر ئێراندا». ئەم بێئومێدییەی ئەو بەرپرسە ئەمریکییەش لەوەوە دێت «تورکیا هاوپەیمانێکی کۆنی ئەمریکایەو ئەندامی ناتۆشەو هەمیشە رۆڵێکی گرنگی هەبووە لەو هاوپەیمانێتییەدا».

شارەزایەکی کاروباری تورکیا پێیوایە: گۆڕینی ئاراستەی سیاسـەتی تورکیا ئاشکرایە، د.ئارام عەلی دەڵێت: «تورکیا بە ئاشکرا ئاراستەی سیاسـەتی خۆی گۆڕیوەو ئەمەش گۆڕینێکی گەورەیە، ئەم ڕووکردنە خۆرهەڵاتەش هی ئەوەیە کە تورکیا لە ئایندەی ناوچەکە، بۆ ئایندەی کـورد لە عێراق، نیگەرانەو دەیەوێت ئایندەی خۆی مسۆگەر بکات».



ئەردۆغان و ئۆباما

لە هەمانکاتدا تورکیا رەخنەی زۆری لەو وڵاتانە گرت کە دەنگیان لەسـەر سزادانەکەی ئێران داو پێیوابوو هیچ هۆکارێک نییە بۆ سزادانی زیاتری ئێران. پێشتر تورکیاو بەرازیل ببوونە میانگیرو توانییان مامەڵەیەک لەگەڵ ئێراندا بکەن‌و چارەسـەرێک بۆ کێشەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بدۆزنەوە، بەڵام ئەم مامەڵەیە نەیتوانی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش رازی بکات، هەربۆیە تورکیاش رەخنەی زۆری لە سەپاندنی سزاکان بەسـەر ئێراندا گرت‌و هەر پێش کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ تاووتوێکردنی ئەو باسە، رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا، سەپاندنی سزای زیاتری بەسـەر ئێراندا بە بێ پاساو ناوبرد.

د.ئارام پێیوایە: تورکیاو ئێران کێشەی مێژوویی‌و گەورەیان لەنێواندایە، بەڵام هۆکاری ئەم بەرگریکردنەی تورکیا لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەنقەرەو ئەو ڕۆڵـەی ئەنقەرە دەیەوێت ببینێت لە داهاتووی ناوچەکەدا، چونکە «تورکیا نیگەرانەو دڵنیا نییە لە داهاتووی ناوچەکە».

پێشترو لە کێشەی کەشتیی ئازادیی تورکیادا، جارێکی دیکە کێشەی ڕووکردنە خۆرهەڵاتی تورکیا چاودێران‌و بەرپرسانی سیاسیی خـۆرئـاوای خەریککرد، دوای ئەوەی ئیسرائیل هێرشی کردە سەر کەشتیی ئازادیی‌و چەند کەسێکی کوشت، تورکیا هەڵوێستێکی رەخنەیی توندی وەرگرت‌و رایگەیاند پەیوەندییەکان وەک جارانیان لێنایەتەوە، ئەمەش بە ئاماژەیەکی ڕووکردنە خۆرهەڵاتی تورکیا دانرا، ئەمەش جاری یەکەم نەبوو پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل خراپ ببێت، بەڵکو پێشترو بەهۆی ئەوەی ئیسرائیل گرنگیی بە میانگیرییەکەی تورکیاو سووریا نەدا، تورکیا زۆر نیگەران بوو، تەنانەت ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە بە ئاشکرا هێرشی کردە سەر ئیسرائیل لە مونتەدای ئابووریی داڤۆسدا، بەڵام رایەکی دیکە هەیە کە دەوترێت ڕووکردنە خۆرهەڵاتی تورکیا لە بەرامبەر هەڵوێستی یەکێتیی ئەورووپادایە بەرامبەر ئەو وڵاتە، پێش (٥١) ساڵ تورکیا داوای بە ئەندامبوونی لە یەکێتیی ئەورووپا کـردووەو چەندینجاریش ئەم داوایـەی دووبارە کردووەتەوە، بەڵام ئەو ڕێکخراوە هەرگیز بە ئەندامبوونی تەواوی تورکیا ڕازی نەبووە، هەربۆیە ئەنقەرە دەیەوێت ئیختیاری دیکە بۆخۆی دروستبکات‌و بەمشێوەیەش فشار بخاتە سەر یەکێتیی ئەورووپا.

ڕۆبەرت گەیتس دەربارەی ئەوروواوەو هەڵوێستی تورکیا وتـی: «ئـەگـەر ئەو بیرۆکەیە هەبێت کە تورکیا ڕوویکردووەتە خۆرهەڵات، ئەوە شتێکی بچووک نییەو ئاکامی ئەوەیە تورکیا فشاری خراوەتەسەر کە ڕووبکاتە خـۆرهـەڵات، فشارێک کە لەلایەن چەند کەسێک لە ئەورووپاوە، ئەویش دوای ئەوەی ئامادەنەبوون پەیوەندییەکی ئۆرگانیی لەگەڵ ئەنقەرە دروستبکەن».

د.ئارام لەمبارەیەوە دەڵێت: «تورکیاش بەرژەوەندیی خۆی هەیەو دەیەوێت لە ناوچەکەدا ببێتە هێزێکی گەورە، کاتێک تورکیا دەبینێت فەراغێکی زۆر هەیە، دەیەوێت ئەم فەراغە بقۆزێتەوە»، هەرچەندە ڕووکردنە خۆرهەڵاتی بە هەڵە لەقەڵەمداو پێیوابوو هێشتا تورکیا ئامادە نییە ئەو ڕۆڵە ناوچەییە ببینێت.

لە بەرامبەرداو لەلایەن ئەنجێلا مێرکڵی ڕاوێژکاری ئەڵمانیاو نیکۆلاس سارکۆزی سەرۆکی فەرەنساوە، تورکیا وا لە قەڵەم دەدرێـت کە «گەورەترەو موسڵمانترەو هەژارترە» لەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا، بەڵام کێشەکە تەنیا لە ڕێکخراوی یەکێتیی ئەورووپاوە نییە، بەڵکو ئەمریکاش هـەردوو «سـەرکـەوتـن»ەکـەی ئیدارەی ئۆباما (کێشەی ئیسرائیل فەلەستین‌و سزادانی ئێران) لە هەفتەی پێشوودا لە زیانی تورکیاو پێگەی سیاسیی ئەو لە ناوچەکەدا تەواوبوو، هەربۆیە بە ئاشکرا مەترسیی لە دەستچوونی هاوپەیمانێتییەکی گرنگ لەنێوان تورکیاو ئەمریکا دەکرێت، بـەڵام لە دەستچوونی تورکیا تەنیا لە دەستچوونی هاوپەیمانێک نییە بۆ ئەمریکا، بەڵکو لەدەستچوونی میانگیرێکە لەنێوان خۆرهەڵات‌و خۆرئاوادا، ئەمە جگە لەوەی تورکیا لەماوەی چەند ساڵی ڕابـردوودا توانی ببێتە بااڵنس بۆ ڕاگرتنی زۆر کێشەی هەرێمیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لێکدانەوەکان لەبارەی ستراتیژە نوێیەکەی ئۆباما

ئا: رۆژنامە

کاتێک باراک ئۆباماى سەرۆکى ویلایەتە یەکگرتووەکانى ئەمریکا، ستراتیژى نوێى ئاسایشى نیشتمانى لە (٥٢)لاپـەڕەدا بڵاوکردەوە، زۆرینەى چاودێران تەرکیزیان خستە سەر جیاوازى ئەو ستراتیژە لەگەڵ ستراتیژەکەى پێشووترى جۆرج دەبلیو بوش، بەڵام ئەگەر وردتر لەو دۆکیومێنتە بڕوانین، دەبینین کە ستراتیژەکە تەنیا جیاواز نییە لە هى جۆرج بوش، بەڵکو لە گشت ستراتیژەکانى پێشووترى خۆى جیاوازە، ئەمەش تەنیا لەبەر جیاوازى ئاراستەى سیاسەتى جیاوازى دیموکرات‌و کۆمارییدا نییە.

گرنگترین ئەو بابەتانەى کە چاودێران دەربـارەى ئەم دۆکیومێنتە وروژاندیان، دوو شت بـوون: پشتبەستنى زیاتر بە هاوپەیمانەکانى ئەمریکاو دووڕکەوتنەوە لە تاکلایەنى سەردەمى بوش، کە ئەمەش بە مانای بەشداریپێکردنى هێزە نێودەوڵەتییەکانى دیکە، وەک: چین‌و ڕووسیاو هیندستان دێت، بەڵام لە ڕاستییدا دۆکیومێنتەکە ئەو دوو بابەتە باس ناکات‌و ئەگەر وردتر لێى بڕوانین، دەبینین کە وشەکانى (دیبلۆماسى)‌و (هاوپەیمان) بەهەمان ڕادەى ستراتیژەکەى سەردەمى بوش لە دۆکیومێنتەکەدا هاتوون، ئەمە جگە لـەوەى ئـەم دۆکیومێنتەش مافى ئەوە دەدات بە ئەمریکا «تاکلایانانە بڕیاربدات، ئەگەر پێویست بکات بۆ پاراستنى نەتەوەو بەرژەوەندییەکانى ئەمریکا»، بەڵام جیاوازییەکان لە شوێنێکى دیکەى ئەم دۆکیومێنتەدان.

چـاودێـران بـە زەحـمـەت توانییان ئەم دۆکیومێنتە هەڵبسەنگێنن، ئەمەش لەبەرئەوەى دۆکیومێنتێکى تەواو دریژە لەچاو ئـەوانـەى پێش خـۆى، ئەمە جگە لـەوەى لە ڕووى بابەتەوە هەر لەوانەى پێش خۆى دەچێت، بەڵام کاتێک وشە بە وشە لە دۆکیومێنتەکە دەڕوانین، دەبینین دۆکیومێنتەکە جیاوازى گـەورەى تێدایە لەوەى کە وتراوەو لەوەشى کە نەوتراوە.

لە هەمووان گرنگتر، ستراتیژەکەى ئۆباما کەمتر گرنگیى بە بڵاوکردنەوەى بەها ئەمریکییەکان دەدات، وەک لەوانەى پێش خۆى. بۆ نموونە وشەکـانـى (ئـازادى) و (سەربەستى) تەنیا چواردە جار هاتوون، ئەمەش جێى سەرسوڕمانە ئەگەر بزانین هەمان دوو وشە لە دۆکیومێنتەکەى بۆشى ساڵى (٢٠٠٦)دا زیاد لە (١١٠)جار هاتوون، لەکاتێکدا ستراتیژەکەى بۆش زۆر کورتتر بوو لەم ستراتیژەکەى ئۆباما.

لەلایەکى دیـکـەوە، لـەم ستراتیژەدا وشەى (دیموکراسى) تەنیا نیو ئەوەندەى ستراتیژەکەى سەردەمى بۆش هاتووە. لێرەدا پێویستە بەهەڵەدا نەچین کە ئەم جیاوازییە تەنیا جیاوازى نییە لەنێوان کۆمارى‌و دیموکراتەکاندا لە کۆشکى سپى. ستراتیژەکەى ساڵى (١٩٩٦)ى بیل کلنتۆن (کە دیموکرات بوو وەک ئۆباما)، (٧٣)جار وشەى دیموکراتى باسدەکات، واتە سێ ئەوەندەى ستراتیژەکەى ئۆباما. هەرچەندە ئۆباماش جەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتەوە کە «بەها ئەمریکییەکان»ى وەک ئازادیی‌و سەربەستى «سەرچاوەى سەرەکى هێزمانن»، بەڵام ئەى بۆچى لەو دۆکیومێنتەدا هێند بە کورتى باسیانکراوە؟

وەڵامەکەى ئەوەیە کە ئۆباماو تیمەکەى لەو کاتەوەى کە دەسـەڵاتیان گرتووەتە دەست لە کۆشکى سپى، بە نەرمى مامەڵە لەگەڵ بیرۆکەى بڵاوکردنەوەى دیموکراسى دەکـەن، ئەمەش بەشێکى بۆ ئەوەیە کە نەچوێنرێن بە بۆش‌و بەشەکەى دیکەشى بۆ ئەوەیە کە چیتر ناچارنەبن ڕووبەڕووى ڕژێمە نابووتەکان ببنەوە. ستراتیژەکە، زۆر بەکەمى باس لە چەوساندنەوەى سیاسیى دەکـات لە ئێرانەوە تا فەنزوێلا، ئەمەش پشتڕاستکردنەوەى هەمان خاڵى پێشووە. ئەم ستراتیژە جیاواز لەوانەى پێش خۆى، پاڵپشتى زارەکى لە ئۆپۆزسیۆنى ئەو وڵاتانە ناکات.

لەجیاتى ئـەوە، ئەم ستراتیژە جەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە کە بڵاوکردنەوەى ئەو بەهایانە بە ڕێگەى (هێزى نموونەیى ئەمریکى) ئەنجامدەدرێن، واتە تەنیا بوون بە نموونە بەسە بۆ ئەوەى وڵاتانى دیکە چاوت لێبکەن. ئەمە لەکاتێکدا ستراتیژەکانى پێش ئۆباما، جەختیان لەسـەر ئەوە دەکردەوە کە بوون بە نموونە بەتەنیا بەس نییە، لەکاتێکدا خەڵکى دەچەوسێنەوە لەژێر دەسـەڵاتى حوکمە شمووللییەکاندا، پێویستیان بەوە نییە کە قوتابخانەیان بۆ بکرێتەوەو باسى ئەوەیان بۆ بکرێت «ئەمریکا چەند ئـازادە»، بەڵکو ئەوان پێویستیان بە یارمەتى دەستبەجێ هەیە، بەڵام دیارە ئۆباما دوودڵو بەگومان بووە لە لەئامێزگرتنى ئەم لۆژیکە.

ئـەمـەى کـە بـاسـکـرا ئـەوە بـوو کە ستراتیژەکەى ئۆباما باسى نەکردوون، یاخود کەمتر باسیکردوون، بەڵام ئەوەى ئۆباما باسیکردووە جێى سەرنجە.

لـە دۆکیومێنتێکدا تـەرکـیـزى زۆر خـراوەتـە سـەر سیاسەتى ناوخۆیى کە دەبێت بەشێوەیەکى نۆرماڵى باس لە هەڵو تەحەدییە جیۆپۆڵەتیکییەکان بکات. بۆ نموونە، زاراوەکانى (پەروەردە)‌و (گۆڕانى کەش‌و هەوا) زیاتر لە (تیرۆریزم)، (چەکى کۆکوژ)، (عێراق)، (ئەفغانستان)، (ئێران)‌و (کۆریاى باکوور) هاتوون. وشەگەلێکى دى کە بەشێوەیەکى بەرچاو دووپاتکراونەتەوە، بریتیـن لـە (چاودێرى تەندروستى)، (ژینگە)‌و (دابینکردنى کار).

ڕاستییەکەى، یـەک لەسـەر چـوارى ئەو دۆکیومێنتە بۆ کێشە ناوخۆییەکان تەرخانکراوە. ئەمەش لە ستراتیژى ئاسایشى نیشتمانیدا ئاساییە، بەڵام ئەوەى ئاسایى نییە، ناوبردنى کێشەیەکى وەک (چاودێرى تەندروستى)یە بـە کێشەى ئاسایشى نیشتمانى. لەکاتێکدا ئەو کێشە ناوخۆییانەى باسکران، گرنگن، بـەڵام ناوبردنى ئەو کێشانە بە ئاسایشى نیشتمانى کێشە بۆ خودى دەستەواژەى ئاسایشى نیشتمانى دڕووستدەکەن. هەرچەندە ئەمە ڕەنگە تەنیا بە کێشەیەکى زارەکى لێکبدرێتەوە، بەڵام ڕاستییەکەى لە دۆکیومێنتێکى وەک ئاسایشى نیشتمانییدا هەموو وشەکان گرنگن.

***بە دەستکارییەوە لە (وۆڵد پۆلیتیکس ریڤیو)ەوە وەرگیراوە**



ئەمریکا بە فەرمیی یارمەتی بزووتنەوەی سەوزی ئێران دەدات

بزووتنەوەی سەوز بەهۆی کێشەی ناوخۆوە نەیتوانی بێتە سەر شەقام


بزووتنەوەی سەوز ئۆپۆزسیۆنە تەمەن یەک ساڵەکەی ئێران

راپۆرتی: شالاو فەتاح

رابەرانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی داواکەی خۆیان بۆ خۆپیشاندان لە ساڵیادی هەڵبژاردنەکانی ئێراندا کێشایەوە، بە پاساوی ڕێگرتن لە لەدەستچوونی گیانی هاوڵاتییانی بێتاوان، ڕۆژی شەممە (١٢)ی ئەم مانگە ساڵێک تێپەڕبوو بەسەر هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێران، کە تیایدا ئەحمەدی نەژادی، سەرۆکی پێشوو دووبارە وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرایەوە ئۆپۆزسیۆنیش بە سەرکردایەتی میر حسێن موسەوی‌و مەهدی کەڕوبی، ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیان بە ساختە داناو ڕەتیانکردەوە، هەربۆیە ململانێیەکی زۆر دروستبوو، لایەنگرانی موسەوی‌و کەڕوبی، بەردەوام دەهاتنە سەر شەقامەکانی تاران‌و ئەمەش تووندوتیژییەکی زۆری لێکەوتەوە‌و بووە جێی سەرنجی میدیای جیهان، پێشترو لە سەرەتای ئەم مانگەدا موسەوی‌و مەهدی کەڕوبی، دووبارە داوای هاتنە سەر شەقامی لایەنگرانی ئۆپۆزسیۆنی کردبوو، بەڵام دواتر داواکەی خۆیان کێشایەوە.

مامەند ڕۆژە، کە شارەزایەکی بواری ئێرانە پێیوابوو: کە نەهاتنە سەر شەقامی بزووتنەوەکە تەنیا لەبەر سەلامەتی گیانی هاوڵاتییان نەبووە، بەڵکو بزووتنەوەکە خۆی بەدەست کۆمەڵێک کێشەی ناوخۆییەوە دەنااڵێنێت، «ئەم بزووتنەوەیە ئێستا کێشەی سەرکردایەتی هەیە، ئەمە جگە لەوەی کاتێک ئەم بزووتنەوەیە داوای گۆڕینی سیستمی ئێرانیی دەکات، ئەڵتەرناتیڤێکی ڕوونی نییە، ئایا سیستمێکی تیۆکراسی بەهەمان شێوەی ئێستای دەیەوێت، یان سیستمێکی دیموکراسی؟». ڕۆژە، پێیوابوو: کە ئێستا بەهۆی ناچالاکیی بزووتنەوەکەوە پرسیار دەکرێت، کە ئایا هێشتا وەک بزووتنەوەیەک ماونەتەوە، یاخود نا؟.

دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدی نەژاد، نوخبەی سیاسیی ئێرانی کرد بە دوو بەشەوە، بەرەی ئۆپۆزسیۆن بزووتنەوەی سەوزیان پێکهێناو تەنیا داوای گۆڕینی ئەحمەدی نەژاد ناکەن، بەڵکو داوای «هەڵبژاردنی ئازادو ئازادیی بیروڕاو ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ» دەکەن، هەینی پێشوو میرحسێن موسەوی لە وێبسایتی «ڕاهی سبز» نووسیبووی: حکومەتی ئێستا لە ئامانجەکانی شۆڕشو دەستوور لایداوەو دەمی خەڵک دادەخاتو میدیا دەبەستێتەوەو هەڵبژاردنیش بەوجۆرە دەکات، کە سااڵی پێشوو بینیمان، لەگەڵ ئەوەی کە موسەوی‌و کەڕوبی، داواکەی خۆیان کێشایەوە لەبەر سەلامەتیی گیانی هاوڵاتییان، بەاڵم هەر چاوەڕوانی خۆپیشاندان دەکرا، هێزەکانی ئاسایشی ئێران بەشێوەیەکی چڕوپڕ بااڵوبووبونەوە بۆ ڕێگرتن لە ڕووداننی هەر خۆپیشاندان‌و تووندوتیژییەک، لەلایەن بەرپرسانی حکومیی ئێرانەوە هەڕەشە لە هەر «جوڵەیەکی نایاسایی» کراو دووبارەش خۆپیشاندانەکان بە دەستی دەرەکیی‌و دەسیسەی خۆرئاوا چوێنران.

باراک ئۆباماى، سەرۆکی ئەمریکا کە وڵاتەکەی سێ دەیەیە پەیوەندیی دبلۆماسی لەگەڵ ئێران نەماوە، ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابوردوو داوای لە جیهان کرد، کە پشتگیریی خەڵکی ئێران بکەن لە ململانێیاندا بۆ «ئازادیی»، لە لێدوانێکیدا ئۆباما وتی: دڵێریی گەلی ئێران دەبێت بە نموونەیەک بۆ ئێمەو ناچارماندەکات کە مێژوو بە ئاراستەیەکی عادیلانەتردا بەرین، ئەمە جگە لەوەی ئۆباما باسی لەوە کرد کە هەڵبژاردنی سااڵی پار ئەوەمان بیردەهێنێتەوە چۆن حکومەتی ئێران درندانە خەڵکی چەوساندەوە‌و بێتاوانانی کوشت، لەنێویاندا ئەو ژنە گەنجەی لەسەر شەقام بەجێمابوو (کەیسی نەدا ئاغا سولتانی ٢٦ ساڵان).

لە ناوخۆی ئەمریکاشدا داوای پشتگیریکردنێکی تەواوی ئەمریکا لە بزووتنەوەی سەوزی ئێران دەکرێت. ڕۆژنامەی بەناوبانگی واشنتۆن پۆست لەوبارەیەوە دەنووسێت: ئەو گرووپە ئۆپۆزسیۆنەی سااڵێک لەمەوپێش لەدایکبوو، باشترین چانس بۆ کۆتاییهێنان بە هەڕەشەکانی ئێران لە پشتگیریکردنی تیرۆریزم‌و کێشەی ناوەکیی ئەو وڵاتە پێشکەش دەکات. ڕۆژنامەکە کۆشکی سپی بە هێواش ناودەبات لە پشتگیریکردنی بزووتنەوەکەداو پێیوایە: سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن لە خزمەتی دیموکراسی‌و ریفۆرمی لیبراڵدایە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە باراک ئۆباماى سەرۆکی ئەمریکا بە فەرمیی پشتگیریی لە خەڵکی ئێران کرد، بەاڵم هێشتا لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی ئەمریکاوە ڕەخنەی لێدەگیرێت. سیناتۆر جۆن مەکین، پێیوابوو: کە ئۆباما دووڵ بووە لە پشتگیریی مۆراڵی ئەمریکا خەڵکی ئێران، چونکە هەر بەهیوا بووە، کە ئاخوندەکانی ئێران بکەونە سازش لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا، مەکین پێیوابوو: دەبێت بەشێوەیەکی باشتر پشتگیریی لە خەڵکی ئێران بکرێت‌و حوکمی ئەو ڕژێمە بە ناشەرعیی لە قەڵەمبدرێت‌و پشتگیریی خەڵکەکەی بکرێت لە گۆڕینی ئاشتیخوازانەو سیاسییانە بە ڕێگەی خۆیان.

بەشێوەیەکی پراکتیکیش ئەمریکا پشتگیریی لە بزووتنەوەی سەوز دەکات، هەر بۆ نموونە هەوڵدراوە، کە بەڕێگەی ئینتەرنێتی یارمەتی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بدرێت‌و سانسۆر کەمبکرێتەوە، دوای ئەوەی ستراتیژەکەی ئۆباما نەیتوانی تاران خاوبکاتەوە لە هەوڵدان‌و بەردەوامبوونی پرۆگرامی ناوەکیی خۆی‌و دەستوەردان لە کێشەی لوبنان، ئێستا بزووتنەوەی سەوز کایەیەکی دیکەیە، کە ئەمریکا دەتوانێت فشار بخاتە سەر ئێران.

سەپاندنی سزای نوێ، کۆتایی سەبری ئۆباما بوو بەرامبەر ئێران

راپۆرتی: ڕۆژنامە

هەوڵە دبلۆماسییەکەی بەرازیل‌و تورکیا نەیتوانی ڕێ لە سەپاندنی سزای زیاتر بەسەر ئێراندا بگرێت. هەرچەندە لولادا سیلڤای، سەرۆکی بەرازیل‌و ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی، سەرۆک وەزیرانی تورکیا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە ئەتۆمییەکەی ئێرانیان بە گواستنەوەی یۆرانیۆمی پیتێنراو لە ئێرانەوە بۆ دەدرا، بەاڵم هەر یەک ڕۆژ دوای ئەو هەوڵە هیالری کلینتۆنی، وەزیری دەرەوەی ویالیەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕایگەیاند: هەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش‌و ئەڵمانیا (پێنج+یەک) ڕازین لەسەر سەپاندنی سزای زیاتر بەسەر ئێراندا. ئەمەش تەنیا نائومێدیی بۆ تورکیاو بەرازیل دروستکرد، چونکە لە لێدوانەکانی بەرپرسانی ئێراندا ئەوە دەردەکەوت، کە هیچ باکیان بە سزاکان نییەو بە «وشەی سەر لاپەڕە»ی تێدەگەن.

ڕۆژی چوارشەممە (٨)ی ئەم مانگەو بە ڕازیبوونی (١٢) ئەندام لە کۆی (١٥) ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش سزای نوێ بەسەر ئێراندا سەپێنرا، هەریەکە لە بەرازیل‌و تورکیا دژی سەپاندنی سزاکە بوون‌و لوبنانیش بێاليەن مایەوە، دبلۆماتەکانی خۆرئاوا ڕەتکردنەوەی هەوڵەکەی بەرازیل‌و تورکیا بۆ ئەوە دەگێڕنەوە، کە ئەو مامەڵەیە کاتی تەواو بە ئێران دەبەخشێت بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەوەی دەیەوێت لە پیتاندنی یۆرانیۆم‌و بەکارهێنانی بۆمبەبەستی سەربازیی. هەربۆیە سەپاندنی سزا بە چارەسەرێکی گونجاو دادەنێن، سزاکانیش زیاتر سەربازیی‌و ئابوورین‌و گرنگترینیان ئەمانەن: یاساغکردنی فڕۆشتنی چەکی قورس بە ئێران، یاساغکردنی فڕۆشتنی موشەکێک کە بتوانێت کەاڵوەی ئەتۆمی هەڵبگرێت، لیستی ناوی کۆمەڵێک بەرپرسی ئێرانی کە سەفەریان بۆ دەرەوەی ئێران لێ یاساغکراوە، ئەمە جگە لەوەی بریارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش داوا لە وڵاتانی دیکە دەکات، کە کەشتییەکانی ئێران بپشکنن، بەاڵم ئەوەی لە سزاکەدا نابینرێت نەوت‌و گازە، هەربۆیە ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزی ئەمریکی سزاکانی بە «ئاماژەیەکی گرنگ بۆ تاران» ناوزەد کرد، بەاڵم نووسیویەتی: «هیچ کاریگەرییەکی ئابووریی نابێت»، ئەمە جگە لەوەی مەترسی ئەوەی خستووەتەڕوو، کە ئێران چەند هاوڕێیەکی نوێی پەیداکردووە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

هەرچەندە ترسێکی زۆر هەیە لەوەی سزاکانی ئەمجارەش هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران نابێت‌و ئەو وڵاتە بەردەوامدەبێت لەسەر بەرنامە ناوەکییەکەی خۆی، بەاڵم بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا ڕووداننی جەنگ ڕەتدەکەنەوە، ڕۆبەرت گەیتس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە بەگوێرەی «زانیاریی موخابەراتی» ئێرانییەکان توانای بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمییان هەیە، بەاڵم دەربارەی ئەگەری شەڕ وتی: پێمواید هەمووان لەسەر ئەوە ڕازین کە کاتی زیاترمان پێویستە، بەاڵم بەڕای شارەزایەکی بواری ئێران ئەم سزایانە کاریگەرییان لەسەر ئێران دەبێت‌و وادەکەن ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا گۆشەگیر بێت، مامەند ڕۆژە، هەرچەندە ئەوەی دووپاتکردەوە، کە ڕژێمی ئێران ڕەنگە ئەمجارەو چەندین جاری دیکەش یاخیبوونی خۆی لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش ڕابگەیەنێت، بەاڵم لە کۆتاییدا بڕیارەکان کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ئێران دەبێت‌و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی فشاری زیاتر دەخاتە سەر ئێران، بەمشێوەیەش ئیرادەی حکومەتی ئێران دوای سەپاندنی سزای زیاتر بەڕەو لاوازبوون دەچێت، هەربۆیە کاریگەریی ئەم سزایانە لە داهاتوودا دەردەکەوێت.


ئەحمەدی نەژاد

مەحمود ئەحمەدی نەژادی، سەرۆکی ئێران کاردانەوەی توندی بەرامبەر بڕیارەکە پیشانداو ڕەخنەی لە هەریەکە لە ئەمریکاو چینیش گرت. ئەحمەدی نەژاد، ڕەخنەکانی ڕاستەوخۆ ئاراستەی ئۆباما کردو بە «ناکامڵ» ناوبردو وتی: پێمواید هێشتا لە دنیا تێنەگەیشتووە، «ئۆباما هەڵەیەکی گەورەی تۆمار کرد، هەرزوو ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە بڕیارەکە ناکاریگەرە، ئەو ئیختیارێکی دروستی هەڵنەبژارد بۆ دۆستایەتیکردنی گەلی ئێران»، لە بەرامبەردا باراک ئۆباماى، سەرۆکی ئەمریکا بە ئاشکرا پشتگیریی خۆی بۆ بزووتنەوەی سەوزی ئێرانی ڕاگەیاندو داوای لە جیهانیش کرد پشتگیریی لە خەڵکی ئێران بکەن لە ململانێیاندا بۆ وەدەستهێنانی «ئازادیی». ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئیدی سیاسەتی ئەم دوو وڵاتە گەیشتە قۆناغێکی نوێ.

لە ساڵی (٢٠٠٦)وە تائێستا چوارجار سزا بەسەر ئێراندا سەپێنراوە، بەاڵم ئەمجارە جیاواز لەوانەی پێشوو، پشتگیرییەکی زۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەستهێنا ئەویش دوای ئەوەی هەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش لەنێویاندا ڕوسیاو چین ڕازیبوون لەسەر سەپاندنی سزا بەسەر ئێراندا. ئەمەش بە پەیامێکی بەهێز دادەنرێت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئێرانی ناردووە، هەروەک دەیڤد ئۆلبرایت، بەڕێوەبەری دەزگای زانست‌و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە واشنتۆن بە ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند: «ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئیدارەی ئۆباماو مانای وایە، کە ئەمریکا دەتوانێت گشت ئەندامە هەمیشەییەکان کۆبکاتەوە».

وەک هەر جارێکی دیکەش ئێران هێرشی تووندی کردە سەر ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، بەتایبەت ئەمریکاو بە بەرپرسی یەکەمی دانا لەو ململانێیانەی لە جیهاندا دروستدەبن.

سیاسەتی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراقداو زیانەکانی

د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا



د. بایەزید حەسەن

بەگوێرەی ئەو گرێبەستە نەوتیانەی عێراق لەنیوەو کۆتایی (٢٠٠٩)دا ئیمزای کردوون بۆ (١٠) کێڵگەی گەورەی نەوت، وا چـاوەڕوان دەکرێت کە لە کۆتایی ساڵـی (٢٠١٧)دا عێراق رۆژانە نزیکەی (١٢) ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو بەرهەم بهێنێت لەگەڵ بڕێکی زۆری گازی هاوەڵ، کە لەگەڵ نەوتدا دێتە دەرەوە.

ئێستا کە ساڵـی (٢٠١٠)یـە، عێراق رۆژانـە (٢,٥) ملیۆن بەرمیل نـەوت بەرهەم دەهێنێت، (٥٠٠ تا ٦٠٠) هەزار بەرمیلی بۆ پاڵێوگەکانو کارووباری ناوخۆ بەکاردێنێتو کەمتر لە (٢) ملیۆن بەرمیلیش رۆژانە دەنێرێتە دەرەوە بۆ بازاڕی نەوتی جیهانی.

لە ساڵـی (١٩٨٠)وە عێراق بەردەوام لە جەنگدا بـووە، لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەریو دواتر لە ساڵانی نەوەدەکانی سـەدەی رابـردوو گەمارۆی ئابووریی خراوەتەسەر بەهۆی هەڵوێستو کرداری چەوتەکانی، گەمارۆی ئابووریـیەکە تاکو ڕووخانی لە (٢٠٠٣/٤/٩) بەردەوام بووە.

لەماوەی ئەو (٢٣) ساڵەی جەنگو گـەمـارۆی ئابووریی سـەری، عێراق نەیتوانی پـەرە بـەژێرخـانـی کەرتی نـەوتـەکـەی بـدات، کـە ئیدامەکردنو چاککردنەوەو گۆڕینی ئامێرە کۆنەکانو هێنانی ئامێرو تەکنەلۆژیای تـازە دەگـرێـتـەوە، لـە ئەنجامیشدا عێراق نەیتوانی بەرهەمهێنانی نەوت زیاد بکات بەهۆی نەتوانینی ئەنجامدانی دۆزینەوەی نوێی نـەوتو هەڵکەندنی بیرە نەوتی تـازەو ئیدامەکردنیان تاوەکو ئاستی بەرهەمهێنانی ئەو نەوتەی بەرهەمیهێناوە دانەبەزێت.

لە ساڵـی (٢٠٠٣) پێش ڕووخانی رژێمی سەدام، عێراق رۆژانە (٢,٨) ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەم دەهێنا، بەڵام ئێستا ساڵی (٢٠١٠)، کە حەوت ساڵ بەسەر ڕووخانی ئەو رژێمەدا تێپەڕیوە، عێراق رۆژانە (٢,٥) ملیۆن بەرمیل بەرهەم دەهێنێت، دەبێت ئەوەش بزانین کە بودجەی عێراق بەڕێژەی زیـاتـر (٩٠٪)ی لەسەر داهاتی نەوتە.

عێراق ئەندامو دامەزرێنەری ڕێکخراوی (ئۆپێک)ە، ڕێکخراوی ئۆپێک لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو دامەزرێنرا.

ئـۆپـێـک (OPEC) کـورتـکـراوەی organization of petroleum) eocporting countries) لە ڕێکخراوی ئۆپێکدا هەر دەوڵەتێکی ئەندام بەگوێرەی ئەو یەدەگە نەوتەی هەیەتی، بڕی ئەو نەوتەی بۆ دیاری دەکرێت، کە ڕۆژانە بیخاتە بازاڕی نەوتی جیهانییەوە لەو بڕە زیاتر بۆی نییە.

بڕە نەوتی هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە ئۆپێک، کە ڕۆژانـە بیخاتە بـازاڕەوە بەم جۆرە دیاری دەکرێت: بڕی یەدەگی نەوتی دەوڵەتەکە دابەش دەکرێت بەسەر سەرجەمی نەوتی یەدەگی دەوڵەتانی ڕێکخراوی ئۆپێک، (ئێستا ١١٠٠ ملیۆن بەرمیل)یان هەیە، پاشان ئەنجامەکە لێکدەدرێت بە سەرجەمی ئەو نەوتەی کە ڕێکخراوی ئۆپێک بۆی هەیە ڕۆژانە بیخاتە بازاڕی نەوتی جیهانیو بیفرۆشێت.

ساڵـی (٢٠٠٨) خواست لەسەر نەوتی ئۆپێک لە سنووری (٣١) ملیۆن بەرمیل بـووە، لە ڕۆژێکداو ساڵـی (٢٠٠٩) لە سـنـووری (٢٩) ملیۆن بەرمیل بووە لە ڕۆژێکداو عێراق بۆی هەیە ڕۆژانە (٣) ملیۆن بەرمیل نەوت بخاتە بازاڕی نەوتی جیهانەوەو بیفرۆشێت. لە ئێستادا عێراق کەمتر لە دوو ملیۆن بەرمیل نەوت لەڕۆژێکدا دەفرۆشێت.

لە (٢٧) ساڵـی رابـردوودا، ناردەی نەوتی عێراق بۆ بازاڕی نەوتی جیهانییو فرۆشتنی لە (٢) ملیۆن بەرمیل نەوت تێنەپەڕیوە، ئەو یەک ملیۆن بەرمیلەی کە مافی عێراق بووە ڕۆژانـە بینێرێتە دەرەوەو بیفرۆشێتو نەیتوانیوە بینێرێتە دەرەوە، ئەوا دەوڵەتێکی کەنداو لەجیاتی عێراق نەوتی خۆی ناردووەتە دەرەوەو فرۆشتوویەتی.

ئایا عێراق لەو (١٢) ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا لەو کێڵگە نەوتانەی دۆزراونـەتـەوەو تائێستا نەوتیان لـێ دەرنەهێنراوە دەکاتە (٤٠) ملیار دۆلارو بۆ بەرهەمهێنانی (٦) ملیۆن بەرمیلیش لە ڕۆژێکدا دەکاتە (٦٠) ملیار دۆلار.

ئەگەر نەوتی زیادە بەرهەمهێنراوی عـێـراق لە ساڵانی (٢٠١٧-٢٠٢٥) لە ڕۆژێکدا (٦) ملیۆن بەرمیل بێتو لەماوەی ساڵانی (٢٠٢٦-٢٠٣٠) دابـەزی بۆ (٤) ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئەوا تێکڕای سەرجەمی تێچوونی بەرهەمهێنانەکە لەماوەی (٢٠١٧-٢٠٢٥) حساب بکەینو ئینجا بۆ (٤) ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ ماوەی (٢٠٢٦-٢٠٣٠) حساب بکەینو بزانین دەکاتە چەند.

تـێـچـوونـی پـارێـزگـاریـکـردن لە هێشتنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی یەک بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا ساڵانە بە (٣٠٠) دۆلار مەزەندە دەکرێت.

سەرجەمی تێچوونی پارێزگاریکردن لە هێشتنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی (٦) ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ ماوەی ساڵانی (٢٠١٧-٢٠٢٥) دەکاتە (١٦) ملیار دۆلار، بۆ (٤) ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ ماوەی ساڵانی (٢٠٢٦-٢٠٣٠) دەکاتە (٦) ملیار دۆلار.

لێرەدا سەرجەم زیانەکانی عێراق لەماوەی ساڵەکانی (٢٠١٧-٢٠٣٠) دەکاتە (٢٢) ملیار دۆلار، چونکە ئەو (٢٢) ملیار دۆلارە بۆ ئیدامەکردنی بەرهەمهێنانی نـەوتـی زیـادە خـەرج دەکـرێـت، کە هیچ سوودێکی بۆ عـێـراق نییە، ئەو تێچوونە زۆرەی عێراق بۆ ئیدامەکردنی بەرهەمهێنانی نەوتی زیادە خەرجی دەکات (واتە ٢٢ ملیار دۆلار) لە هیچ دەوڵەتێکی بەرهەمهێنی نەوت ڕوو نادات، تەنانەت عەرەبستانی سعودیە، کە تاکە دەوڵەتە لە جیهانداو هەوڵدەدات بەردەوام نەوتی بەرهەمهێنراوی زیـادەی هەبێت، کە لە هیچ بارودۆخێکدا لە دوو ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا تێناپەڕێت، بەو خەرجییە زۆرەی وەکو عێراق ڕازی نابێتو نایکات.

ئـەگـەر تێچوونەکانی عـێـراق بۆ بەرهەمهێنانی نـەوتـی زیـادە لەگەڵ تێچوونی ئیدامەکردنی ئەو بەرهەمهێنانە زیـادەیـە بۆ مـاوەی نێوان ساڵەکانی (٢٠١٧-٢٠٣٠) کۆبکەینەوە، ئەوا دەکاتە (٧٥) ملیار دۆلار.

ئەو (٧٥) ملیار دۆلارە ئەو زیانەیە بەر عێراق دەکەوێت، لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵەیەی وەزارەتی نەوتی عێراق لەبواری بەرهەمهێنانی نـەوتـدا کردوویەتیو بەردەوامیشە لەسەری.

سـەرجـەمـی داهـاتـی لـە بـودجـەی ساڵـی (٢٠١٠) بە (٦١,٧) ملیار دۆلار خەملێنراوە، ئەگەر ئەو (٧٥) ملیار دۆلار زیانە بە (٦١,٧) ملیار دۆلار بـەراورد بکەین، دەردەکەوێت کە ئەو زیادکردنە بێ مانایەی بەرهەمهێنانی نەوت زیانی بودجەی ساڵێک بەعێراق دەگەیەنێتو بگرە زیاتریشە.

بۆ ئەوەی عێراق تووشی ئەو زیانە گەورەیە نەبێت، باشترین چارەسەر ئەوەیە عێراق بەگرێبەستە نەوتییەکانی خولی یەکەمو دووەمدا، کە لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە دەرەکییەکان ئەنجامی داون، بچێتەوەو هەندێکیان هەڵوەشێنێتەوە تاوەکو بەرهەمهێنانی چاوەڕوانکراوی نەوت لە ساڵـی (٢٠١٧)دا لە (٩,٦) ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەمبکاتەوە بۆ (٥) ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێـکـدا. بەوپێیە سەرجەمی بەرهەمهێنانی نەوت لە کۆتایی ساڵـی (٢٠١٧)دا دەبێتە (٧,٥) ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئەو (٧,٥) ملیۆن بەرمیلە، (٥) ملیۆن بەرمیلی چاوەڕوانکراوەو (٢,٥) ملیۆن بەرمیلیشی بەرهەمی ڕۆژانـەی عێراقە لە ئێستادا.

ئەگەر ئۆپێک هاریکاریی عێراق بکات، ئەوا عێراق دەتوانێت ڕۆژانە (٥ تا ٦) ملیۆن بەرمیل نەوت بخاتە بازاڕی نەوتی جیهانییو بیفرۆشێت، بێ ئەوەی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ڕێکخراوی ئۆپێک هەبێت، چونکە وا چـاوەڕوان دەکرێت لە ساڵانی (٢٠١٧-٢٠٣٠) خواست لەسەر نەوتی ئۆپێک بە بڕی (٦ تا ٨) ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیاد بکات.

تێبینی: مەبەست لە دۆلار، دۆلاری ئەمریکییە. مەبەست لە نەوت، نەوتی خاوە.



لە ساڵـی (٢٠٠٣) پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام، عێراق ڕۆژانە (٢,٨) ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەم دەهێنا، بەڵام ئێستا ساڵی (٢٠١٠)، کە (٧) ساڵ بەسەر ڕووخانی ئەو ڕژێمەدا تێپەڕیوە، عێراق ڕۆژانە (٢,٥) ملیۆن بەرمیل بەرهەم دەهێنێت

کۆمپانیایەکی دەرهێنانی نەوت، گوندێک ئاوارە دەکات

راپۆرتی:
ئاری لوقمان – گەرمیان

هەڵکەندنی بیرێکی نەوت لە گوندی کوردەمیری گەرمیان، دانیشتووانەکەی تووشی راگواستن دەکات، سەرەڕای ئەوەی کە هیچ قەرەبوویەکی ئەو زەوییانە نەکراونەتەوە کە بیرەکانیان لێهەڵکەنراوە.

بەپێی راگەیەنراوێکی ڕەسمیی کۆمپانیای (وێسترن زاگرۆسی کەنەدی) کە وێنەیەکی دراوەتە ڕۆژنامە، تا ئێستا دوو بیری نەوتیان لە سنووری گەرمیان هەڵکەندووەو بیری دووەمیان لە گوندی کوردەمیرەو بەهۆی گرفتی تەکنیکییەوە لە ئێستادا کارەکانی ڕاوەستاوە.

کۆمپانیاکە ئەوەشی ئاشکراکردووە، کە سەرەتا مەترسیی غاز هەبووە کە لەژێرەوەی بیرەکە بەقوواڵایی (٣٢١٤)مەتر گوشارێکی زۆری غازیی دروستکردبوو، دوای دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانو بەهاوکاریی شارەزایانی هەردوو کۆمپانیای (coots. boots)ی شــارەزا لــەبــواری کۆنترۆڵکردنی بیرەکاندا، لە ئێستادا ئەو مەترسییانە ڕەوینەتەوەو تا ئێستا هیچ غازێک دزەی نەکردووەتە دەرەوەو هیچ کەسێکیش بەرنەکەوتووە.

گوندی کوردەمیر، سەر بە ناحیەی شێخ تەویلی قەزای کفرییە لە سنوری گەرمیانو ساڵی (١٩٩٤) ئــاوەدانــکــراوەتــەوەو لە ئێستاشدا (٢٠)خێزان لە گوندەکەدا دەژینو ژمــارەی دانیشتووانەکەی زیــاتــر لە (١٠٠)کــەس دەبنو بەشێک لە خەڵکی گوندەکە وەکــو پــاســەوانو کرێکار لەو کۆمپانیایەدا کاردەکەن کە لە ساڵی(٢٠٠٨) ەوە لە ســنــوورەکــەدا بە دوای نەوتدا دەگەڕێن.

سەردار محەمەد ئەمین، دانیشتووی ئەو گوندە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە (٥/٢٢)دا دوایان لێکردین لە گوندەکە دوورکەوینەوەو بەهۆی مەترسیی بیرەنەوتەکەوە (١٥)ڕۆژ لەناو خێمەدا ئاوارە بووینو دوای نزیکەی (١٥)ڕۆژ گەڕاندینیانەوە بۆ گوندەکەمانو پێیانوتین، مەترسیی دزەی غــاز لە بیرەنەوتەکاندا نەماوە».

ئاماژەی بەوەشکرد، کە گوندەکە مواڵکی خۆیانەو وتی: «تاپۆی خەڵکی گوندەکە، تاپۆی ڕەشەو چل دۆنمێک زەویی ئێمە بەر ئەو بیرانە کەوتوون، گرێبەستەکەی ئێمە بۆ سێ ساڵە، سەرەتا کۆمپانیاکە بەڵێنیان پێداین کە قوتابخانەمان بۆ دروست بکەن، تا ئێستا نەیانکردووە، لە کاتێکدا (٢٥)قوتابیمان هەیەو خۆمان قوتابخانەمان بۆ خۆمان دروستکردووەو ئێستاش پێویستمان بە قوتابخانەو نەخۆشخانەو ڕێگەوبانە».

گرفتێکی تــری گوندەکە، نەبوونی کارەبایەو لە ئێستادا ڕۆژانە کەمتر لە (٢) سەعات کارەبای موەلیدەیان هەیە.

ژنێکی دانــیــشــتــووی گــونــدەکــەش، گواستنەوەی دانیشتووانی گوندەکەیان، یادەوەرییەکی ناخۆشی لا دروستکردووەو وتی: «ئەوە ژیان نەبوو، شەو سەعات (٩) بردیانین بۆ کابینەیەکو تا (١٢)شەو ماڵو منداڵ دەیاننااڵند، ئینجا چووین بۆ شارو دواتــر گەڕاینەوە، ئێستاش ئاوەکەمان بە کەڵکی خواردنەوە نایەتو تامی زۆر ناخۆشەو زۆرمــان پێدەچێت تــا ئاو دەهێنین».

هەرچەندە لەسەر بڕیاری ئیدارەی گەرمیان، تانکییەکی ئــاو بۆ گوندەکە دروستکراوە، بەاڵم ئاوەکەی سوێرەو بەکەڵکی خواردنەوە نایات.

پیرۆز ڕەســوڵ، پێیوایە: هەڵکەندنی بیرەنەوت لە گوندەکەیاندا هیچ سوودێکی بۆ ئەوان نییەو وتی: «خەریکبوو بسووتێین، گوندەکەمان زۆر بێئاوە، دوو سەعات زیاتر دەبڕین بۆ هێنانی ئاو، منداڵەکانمان تووشی نەخۆشیی دەبن، بیرەنەوت بە ئێمە چی، بۆ خەستەخانە دەچین بۆ شار».

کۆمپانیای وێسترن زاگرۆس، ئەوەی ڕاگــەیــانــدووە کــە ئــەوان دەیــانــەوێــت پارێزگاریی لە دانیشتووانەکەی بکەنو پابەندبن بە پاراستنیان لەکاتی دزەی غاز، بۆ ئەو مەبەستەش نزیکەی (١٢٠)کەسیان بەشێوەیەکی کاتیی گواستووەتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی نزیکن لە بیرەنەوتەوەکانەوە بە دووریی کیلۆمەترێکو گوازراونەتەوە بــۆ شوێنێکی دوورتــرو هــەنــدێــک لە دانیشتووانەکەش خۆیان ناوچەکەیان جێهێشتووەو چوون بۆ شوێنێکی دوورترو کۆمپانیاش کارئاسانیی گواستنەوەی بۆ کردوونو هەندێکیشیان دوای ڕەوینەوەی مەترسییەکان گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان.

حەمەڕەشید حەسەن عەزیز، دانیشتووی گوندەکە ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد: کۆمپانیاکە، لەسەرەتادا تەنیا ڕێگەیەکیان بۆ گوندەکە ڕاکێشاوەو دواتــر ئامێڕی هەڵکەندنی بیریان هێناوەو «منیان بانگکرد کە زەوییەکانم بەردەکەوێت، منیش پێموتن، ئەو زەوییانە تاپۆی باوکمنو سەرەتا وتیان، چەند سەد مەترێکمان دەوێت (شوێن خەرمانێک)و دواتر هەقی خۆتان دەدەینێ، سەرەتا گرێبەستێکیان کــرد، ساڵی بە دەفتەرێک دۆاڵرو وتیان دواتر زەوییەکەت دەدەینەوە، عەقدەکە بۆ ماوەی (٣)ساڵەو (٢٠١٠/٧/١٤) تــەواو دەبێتو ئێستا نە زەوێو نە شوێن خەرمان ماوەو هەموویان داگیرکردووە، نازانم چەند دۆنمە».

ئەو هاوڵاتییە، داواشیکرد، کە پارەی ساڵانەکەی بۆ زیادبکرێت، یان زەوییەکەی لێبکڕدرێتەوە بە قەربوویەکی باشو وتی: «سەرەتا بەچەندسەدمەترێک خەڵەتاندیانمو ئێستاش هەموویان داگیرکردووەو ناوێرم بچمە سەر زەوییەکانیش».

ڕاگەیەنراوەکە، لەسەر زاری سایمۆن هاتفێلدی سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای (westernzagros) نووسیویەتی: «ئێمە، هەست بە دڵنیایی دەکەین لە هاوکاریکردنی دانیشتووانی ناوچەکە، بەتایبەتی ئەوانەی بەشێوەی کاتیی شوێنەکانی خۆیان جێهێشتووەو سوپاسی بەڕێوبەرایەتی حکومیی ناوچەکەو ئاسایشو پێشمەرگەش دەکەین کە هاوکاریمان دەکەن».

کۆمپانیای (westernzagros)، کۆمپانیایەکی کەنەدییەو لە بواری دەرهێنانی نەوتو غــازدا، لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە لە هەرێمی کوردستان کاردەکات، بەهاوکاریی کۆمپانیای (talisman) هاونیشتمانیی خۆیو گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا هەیە بۆ دۆزینەوەی نەوتو غازو تا ئێستا دوو بیری نەوتی لە گەرمیان هەڵکەندووە.



گوندی کوردەمیر نزیک بیرەنەوتی کوردەمیر

فۆتۆ: ئاری لوقمان

(٧) ساڵە هەناردەی نەوتی عێراق زیادی نەکردووە

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵاڵ

لە حەوت ساڵی ڕابــردووەوە حکومەتی عێراق نەیتوانیوە ڕێژەی ناردنەدەرەوەی نەوت بەرزبکاتەوە، هەرچەندە عێراق سێیەم وڵاتە لە بوونی نەوتی یەدەگاو حکومەتیش چەندین گرێبەستی نوێی ئیمزاکردووە.

یەدەگی سەلمێنراوی نەوتی عێراق (١١٥) ملیار بەرمیلەو دوای سعوودیەو ئێران بەسێیەم وڵاتــی گــەورەی خاوەن وزەی یــەدەگ دادەنــرێــت و بەپێی پلانو بەرنامەی حکومەت لەئێستاشدا ڕۆژانە نزیکەی (٢) ملیۆن بەرمیل نەوت ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت، بەشێوەیەک کە دەبێت ساڵانە سێ هێندە بەرزببێتەوە، بەوپێیەش پێشبینی دەکرێت لە (٧) ساڵی داهاتوودا نــاردنــەدەرەوەی نــەوت بۆ (١٢) ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزببێتەوە، بەاڵم لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەت لە ساڵی (٢٠٠٣)وە تائێستا، نەتوانراوە بە بەردەوامیی ئەو ڕێژەیە هەناردەی دەرەوە بکرێت، هــەروەک بەپێی یاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی عێراق، ڕۆژانە (٢) ملیۆنو (١٠٠) هــەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا هەناردەی دەرەوە دەکات.

د. بایەزید حەسەن، ئەندامی لیژنەی نەوتو غاز لە خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەوە دەخاتەڕوو: ئێستا کۆمپانیای خستنە بــازاڕی نــەوت لە عێراقدا، کە بە (SOMO) ناسراوەو سەر بە وەزارەتی نەوتی عێراقە، وایلیهاتووە کە بەزەحمەت بتوانێت دوو ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بخاتە بازاڕی نەوتی جیهانیی، بێگومان لەماوەی حەوت ساڵی ڕابردووەوە لە باشترین بارودۆخدا کۆمپانیای (SOMO) نەیتوانیوە لە دوو ملیۆن بەرمیل نەوت زیاتر بخاتە بازاڕەوە.

لــەدوای پێکهێنانی چەند کابینەیەکی حکومەت لە (٥) ساڵی ڕابردووەوە بارودۆخی سیاسییو ئەمنیی عێراق ناسەقامگیر بووەو هاوکات چاودێرانو شارەزایانی ئابووریی ئەو بارودۆخە خراپە بە ڕێگری سەرەکیی لە بەرەوپێشچوونی کەرتی نەوتو زیادکردنی هەناردەی نەوت وەسفدەکەن.

هــاوار ڕەئــوف، شــارەزای بــواری ئابووریی، ڕایگەیاند: «پێشنەخستنی کەرتی نەوتو زیادنەکردنی ناردنەدەرەوەی نەوت پەیوەندیی بەو شڵەژانە سیاسییەوە هەیە کە عێراق تێیکەوتووە، چونکە نەوت سامانێکی گرنگەو هەمیشە لە ململانێ سیاسییەکاندا بەکارهێنراوە، هەروەها ڕەوشی ئەمنیی عێراق ناسەقامگیرەو ڕێگرە لەبەردەم زیادکردنی ناردنەدەرەوەی نەوت.

ئــەوەشــی خــســتــەڕوو، تائێستا سەرپەرشتیکردنو ئیدارەکردنی نەوت خراپەو توانای مادیی و مەعنەویی حکومەت کەمە، لەکاتێکدا پێویستە عێراق خەڵکانی پسپۆڕ لەو بــوارەدا زیادبکاتو شەفافانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بوارەدا بکات.

بەپێی ئاماری ڕەسمییەکان ئەم (١١٥) ملیار بەرمیل نەوتەی عێراق تەنیا ئەنجامی دۆزینەوەی (١١٥) پێکهاتی جیۆلۆجییە، لە عێراقدا (٥٢٥) پێکهاتی جیۆلۆجی هەیە، کە نەوتی تێدابێتو تائێستا (٤١٠) پێکهاتی جیۆلۆجی ماوە دۆزینەوەی تێدا ئەنجامبدرێتو دەشێت لەو (٤١٠) پێکهاتە جیۆلۆجییە نزیکەی (٢٠٠) ملیار بەرمیل نەوت بدۆزرێتەوە، بەمەش لەداهاتوودا عێراق دەبێتە یەکەم دەوڵەتی جیهان لەڕووی هەبوونی نەوتی یــەدەگــو پێش ئێرانو سعودیە دەکەوێتەوە.

پسپۆرێکی ئابووریی ئاماژە بەوەدەکات، لە مــاوەی (٣٠) ساڵی ڕابــردووەدا عێراق لەڕووی هەناردەکردنی نەوتەوە پێشکەوتنی بەخۆوە نەبینیوەو جێگیرنەبووەو بەردەوام ڕێژەکەی لە دابەزینو بەرزبوونەوەدابووە.

بە بڕوای د.بایەزید حەسەن، لەماوەی (٣٠) ساڵی ڕابردووەدا بەرهەمهێنانی نەوت لەعێراقدا بەرزو نزمییەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، لە ساڵی (١٩٧٩)دا عێراق زۆرترین نەوتی بەرهەمهێناوە، کە گەیشتووەتە نزیکەی (چوار ملیۆن بەرمیل) لەڕۆژێکدا، هەروەها لە سەردەمی جەنگەکانی عێراق لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبــەرو گەمارۆی ئابووریی، بەرهەمهێنانی نەوت لە (چەند سەدان هەزار بەرمیلێک) تێنەپەڕیوە، ئەم بەرزو نزمیی بەرهەمهێنانەش خراپ بەسەر عێراقدا شکاوەتەوە.

لــە نــاوەڕاســتــو کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩)دا، وەزارەتــی نەوتی عێراق دوو خولی گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە دەرەکییەکان ئیمزا کرد، کە بەگرێبەستەکانی خولی یەکەمو خولی دووەم ناسراون، گرێبەستەکانی خولی یەکەم بۆ کێڵگەکانی (الرمیله)و (غرب القرنه ١)و (الزبیر) کران، بۆ ئەوەی بەرهەمی نەوتی ئەو کێڵگانە تا ساڵانی (٢٠١٦–٢٠١٧) بگاتە (٦,٣٨) ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، گرێبەستەکانی خولی دووەمیش بۆ کێڵگەکانی (غرب القرنه ٢)و (مجنون) و (الحلفایه)و (الغراف)و (بدره)و (القیاره) و (نجمه) کران، بۆ ئەوەی بەرهەمی نەوتی ئەو کێڵگانە تاوەکو ساڵانی (٢٠١٦–٢٠١٧) بگاتە (٤,٧٧) ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. واتە سەرجەمی نەوتی بەرهەمهاتوو لە عێراقدا بەگوێرەی ئەو دوو خولە گرێبەستە لە ساڵانی (٢٠١٦–٢٠١٧) دەگاتە (١١,١٥) ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا، هــەروەک بەگوێرەی ڕاگەیاندنەکانی بەڕێوبەرایەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستانیش، بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان، تا ساڵانی (٢٠١٦–٢٠١٧) دەگاتە (یەک ملیۆن بەرمیل) لە ڕۆژێکدا، واتە سەرجەمی بەرهەمهێنانی نــەوت لە عێراقدا دەگاتە نزیکەی (١٢,١٥) ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بایەزید حەسەن، ئاماژە بەوە دەکات: زۆر لە پسپۆڕانی نەوت پێیانوایە: کە عێراق نەتوانێت پلانی بەرهەمهێنانی نەوتەکە جێبەجێ بکاتو بیگەیەنێتە نزیکەی (١٢) ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا، هەر لەبەرئەوەشە دەوڵەتانی ڕێکخراوی ئۆپیکو ئەوانەی دەرەوەی ئۆپیکیش زۆر بەگرنگی نەڕوانن ئەو زیادبوونەی بەرهەمی نەوتی عێراق.

وتیشی: «لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو تاوەکو ئێستا، عێراق هەوڵی نەداوە ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی نەوتی لێدەکڕن زیادبکات، یاخود شێوازەکانی خستنە بازاڕی نەوتەکەی پەرەپێبدات و تازەی بکاتەوە، جگەلەوەش لــەمــاوەی حوکمی ڕژێمی بەعس، ژێرخانی کەرتی نەوتی عێراق وەکو بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوتوئەمبارەکانی هەڵگرتنی نەوتو توانای ئەمبارکردنیانو بەندەرەکانی نەوت ناردنە دەرەوە، ئەوانە هیچیان گەشەو پەرەپێدانو فراوانکردنو نوێکردنەوەیان بەخۆیانەوە نەبینی تاوەکو بەکەڵکی گواستنەوەو ئەمبارکردنو ناردنە دەرەوەی بەرهەمی نەوتی زیادە بێن، چونکە بەهۆی شەڕەکانی ڕژێمی بەعس، هەموو ئەو ژێرخانی کەرتی نەوتە تووشی وێرانکاریی و تێکدانو شاڵاوی تاڵانکردن بووەوە.



یەکێک لە پاڵاوگەکانی نەوت لە باشووری عێراق

ئەم وێنەیە لە ماڵپەڕی وەزارەتی نەوتی عێراق وەرگیراوە

زانکۆی ئەمریکی لە عێراق - سلێمانی: بیرکردنەوەی خوێندکاران دەگۆڕێت

راپۆرتی: هێمن لهۆنی



یەکێک لە هۆڵەکانی خوێندن لە زانکۆی ئەمریکی

سااڵی پار کاتێک، لەندە خەبات، نمرەی پۆلی دوانزەی وەرگرتەوە، دەستی بەگریان کرد، بەهۆی ئەوەی نمرەکەی بەشی کۆلیژی ئەندازیاری نەدەکرد. لەندەی (١٨) ساڵ ئێستا خوێندکاری زانکۆی ئەمریکییە لە عێراق – سلێمانی. ئەو وتی: فرمێسکەکانی لەبیرکردووە، «چونکە ئێستا ئایندەو توانا راستەقینەکانی خۆی دۆزیوەتەوە».

لەندە، رۆژانە لە سەعات (٨-٥) لە زانکۆ دەمێنێتەوەو بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: «بۆچی بێتاقەت بین هەموو ئاسانکارییو چالاکییەکمان بۆ دابینکراوە، ئەوەی بێتاقەم دەکات تەواوبوونی ئەمسااڵی خوێندنە، چونکە ئەوەندە خۆشبوو نەمزانی چۆن رۆیشت».

زانکۆی ئەمریکی لە عیراق – سلێمانی لە ساڵی (٢٠٠٧) لەسەر بیرۆکەی د. بەرهەم ئەحمەد سااڵح، سەرۆکی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوەو ئێستا خاوەنی نزیکەی (٣٧٠) قوتابییە، بەکااڵوریۆسی هەیە لە دیراساتی نێودەوڵەتیو بزنسو تەکنەلۆژیای زانیاری(ئا.تی)و ژینگە هەروەها خوێندنی ماستەر لە بەڕێوبردن و بزنس.

ئەم زانکۆیە ئێستا لە بینایەکی بچووکدایە، بڕیار وایە لە ساڵی داهاتوودا زۆرێک لە خوێندکارانی بچنە بینای ڕەسمیی زانکۆ، کە لە دەروازەی سلێمانی بە گوژمەی (٩٢) ملیۆن دۆلار بە دیزاینێکی جوان دروستدەکرێت.

خوێندن لەم زانکۆیە بە زمانی ئینگلیزییەوە گشت مامۆستاکانی پرۆفیسۆری بە ئەزموونی بیانین.

جۆشوا میتشڵ، ڕاوێژکاری ئێستای زانکۆی ئەمریکی بەوەکاڵەت، یەکێکە لە پرۆفیسۆرەکانی فەلسەفەی سیاسیی لە زانکۆی جۆرج تاونی ئەمریکی، وتی: «دوو ساڵ لەمەوبەر کە هاتم زۆر دوودڵ بووم لە پرۆژەکە، بەاڵم ئێستا کە تەماشای دواوە دەکەم دەبینم کارێکی گەورەو پربایەخمان ئەنجامداوە».

میشتڵ، ئێستا کۆنتراکتەکەی تەواوبووە، بەاڵم ئەو دەڵێت: کە بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدات لەم پرۆژە «سەرکەوتووە» دووربگەوێتەوە، چونکە «لێرە خوێندکاران دەرفەتێکی زۆریان لەبەدەمدایەو واجبێکی زۆریشیان لەسەرە».

زانکۆی ئەمریکی لە عێراق- سلێمانی زیاترە لە زانکۆیەک، ئێستا لەناو ئەم زانکۆیەدا چەندین گروپی ئەکادیمیو سەنتەری توێژینەوەو یانەی خوێندکاری هەیە.

سەنتەرەکانی توێژینەوە بریتین لە: سەنتەری دیراساتی ئاشتیو ئەمنی، سەنتەری دیراساتی ئیقلیمی، سەنتەری میزۆپۆتامیا بۆ دیراساتی مێژوو.

پرۆفیسۆر دینیز نەتالی، سەرۆکی سەنتەرەکان وتی: «ئەم سەنتەرانە دەرفەتێکی گەورەن لەبەردەم پرۆفیسۆرو توێژەرو خوێندکاران بۆ پەرەپێدانو گفتو گۆو دیبەیتی ئازاد».

خوێندکارانیش کە لە گشت ڕەگەزو ئایینیەکانی عێراقی تێدایە، ستایشی سیستمی زانکۆکەیان دەکەن.

بەیان سەاڵح، (٢٠ساڵ) خوێندکارێکی تورکمانە لەم زانکۆیە وتی: «من قوربانییەکی زۆرم داوەو لە شوێنێکی دوورەوە هاتووم بۆ خوێندن، تەنیا لەبەر ئەوەی لەم زانکۆ پێشکەوتووەدا بخوێنم».

زۆرێک لە خوێندکارانی عێراق گلەیی ئەوە دەکەن، کە لە زانکۆکانی دیکە شێوازی خوێندن زۆر کۆنەو خوێندکار بۆ خوێندن هاننادرێن.

بەیان، وتی: «لێرە پێچەوانەیە» وتیشی: «هەست بە ماندووبوون ناکەم، لێرە ڕۆحی هاوڕێیەتی لەنێوان خوێندکارو مامۆستاو خوێندکارو خوێندکار، زۆر بەهێزەو دۆستانەیە».

جۆن ئەگرێستۆ، عەمیدی زانکۆی ئەمریکی کە پێشتر ڕاوێژکاری خوێندنی باڵای پۆل بریمەر حاکمی مەدەنی عێراق بووە وتی: «زانکۆکەمان بۆ فێرکردنو بیرکردنەوەیە، لێرە فێری خوێندکار دەکرێت کە وانەکان دەرخ نەکات، بەڵکو بیربکاتەوە پێش ئەوەی قسەبکاتو خاوەنی ئەرگومێنتی خۆی بێت».

زانکۆی ئەمریکی دامەزراوەیەکی ئەهلییە، بۆیە بەبەردەوام پێویستی بە کۆکردنەوەی یارمەتییە بۆ بەڕەوپێشبردنی پرۆژەکان، ئەم زانکۆیە پشتی بەستووە بە بازرگانەکانی عێراق بەتایبەتی کوردستان.

شێخ سەعد، سەرۆکی گرووپی کۆمپانیاکانی قەیوان، کە تا کۆتایی ئەمسااڵ بڕی (٤) ملیۆن دۆلار پێشکەشی زانکۆ دەکات، دەڵێت: «ئێمە پێویستە وەک بازرگانانی وڵاتانی دیکە پاڵپشتی ئەم پرۆژەیە بکەین، چونکە ئەمە داهاتووی وڵاتەکەمان ڕۆشن دەکاتو پرۆژەیەکی شەخسی نییە».

وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە سەرەتاوە پاڵپشتی خۆی بۆ ئەم پرۆژەیە ڕاگەیاندووە، دواین پاڵپشتیش بریتییە لە ئایینیەکانی عێراقی تێدایە، ستایشی سیستمی زانکۆکەیان دەکەن.

بەیان سەاڵح، (٢٠ساڵ) خوێندکارێکی تورکمانە لەم زانکۆیە وتی: «من قوربانییەکی زۆرم داوەو لە شوێنێکی دوورەوە هاتووم بۆ خوێندن، تەنیا لەبەر ئەوەی لەم زانکۆ پێشکەوتووەدا بخوێنم».

زۆرێک لە خوێندکارانی عێراق گلەیی ئەوە دەکەن، کە لە زانکۆکانی دیکە شێوازی خوێندن زۆر کۆنەو خوێندکار بۆ خوێندن هاننادرێن.

بەیان، وتی: «لێرە پێچەوانەیە» وتیشی: «هەست بە ماندووبوون ناکەم، لێرە ڕۆحی هاوڕێیەتی لەنێوان خوێندکارو مامۆستاو خوێندکارو خوێندکار، زۆر بەهێزەو دۆستانەیە».

جۆن ئەگرێستۆ، عەمیدی زانکۆی ئەمریکی کە پێشتر ڕاوێژکاری خوێندنی باڵای پۆل بریمەر حاکمی مەدەنی عێراق بووە وتی: «زانکۆکەمان بۆ فێرکردنو بیرکردنەوەیە، لێرە فێری خوێندکار دەکرێت کە وانەکان دەرخ نەکات، بەڵکو بیربکاتەوە پێش ئەوەی قسەبکاتو خاوەنی ئەرگومێنتی خۆی بێت».

زانکۆی ئەمریکی دامەزراوەیەکی ئەهلییە، بۆیە بەبەردەوام پێویستی بە کۆکردنەوەی یارمەتییە بۆ بەڕەوپێشبردنی پرۆژەکان، ئەم زانکۆیە پشتی بەستووە بە بازرگانەکانی عێراق بەتایبەتی کوردستان.

شێخ سەعد، سەرۆکی گرووپی کۆمپانیاکانی قەیوان، کە تا کۆتایی ئەمسااڵ بڕی (٤) ملیۆن دۆلار پێشکەشی زانکۆ دەکات، دەڵێت: «ئێمە پێویستە وەک بازرگانانی وڵاتانی دیکە پاڵپشتی ئەم پرۆژەیە بکەین، چونکە ئەمە داهاتووی وڵاتەکەمان ڕۆشن دەکاتو پرۆژەیەکی شەخسی نییە».

وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە سەرەتاوە پاڵپشتی خۆی بۆ ئەم پرۆژەیە ڕاگەیاندووە، دواین پاڵپشتیش بریتییە لە ئایینیەکانی عێراقی تێدایە، ستایشی سیستمی زانکۆکەیان دەکەن.

بەیان سەاڵح، (٢٠ساڵ) خوێندکارێکی تورکمانە لەم زانکۆیە وتی: «من قوربانییەکی زۆرم داوەو لە شوێنێکی دوورەوە هاتووم بۆ خوێندن، تەنیا لەبەر ئەوەی لەم زانکۆ پێشکەوتووەدا بخوێنم».

زۆرێک لە خوێندکارانی عێراق گلەیی ئەوە دەکەن، کە لە زانکۆکانی دیکە شێوازی خوێندن زۆر کۆنەو خوێندکار بۆ خوێندن هاننادرێن.

بەیان، وتی: «لێرە پێچەوانەیە» وتیشی: «هەست بە ماندووبوون ناکەم، لێرە ڕۆحی هاوڕێیەتی لەنێوان خوێندکارو مامۆستاو خوێندکارو خوێندکار، زۆر بەهێزەو دۆستانەیە».

جۆن ئەگرێستۆ، عەمیدی زانکۆی ئەمریکی کە پێشتر ڕاوێژکاری خوێندنی باڵای پۆل بریمەر حاکمی مەدەنی عێراق بووە وتی: «زانکۆکەمان بۆ فێرکردنو بیرکردنەوەیە، لێرە فێری خوێندکار دەکرێت کە وانەکان دەرخ نەکات، بەڵکو بیربکاتەوە پێش ئەوەی قسەبکاتو خاوەنی ئەرگومێنتی خۆی بێت».

زانکۆی ئەمریکی دامەزراوەیەکی ئەهلییە، بۆیە بەبەردەوام پێویستی بە کۆکردنەوەی یارمەتییە بۆ بەڕەوپێشبردنی پرۆژەکان، ئەم زانکۆیە پشتی بەستووە بە بازرگانەکانی عێراق بەتایبەتی کوردستان.

شێخ سەعد، سەرۆکی گرووپی کۆمپانیاکانی قەیوان، کە تا کۆتایی ئەمسااڵ بڕی (٤) ملیۆن دۆلار پێشکەشی زانکۆ دەکات، دەڵێت: «ئێمە پێویستە وەک بازرگانانی وڵاتانی دیکە پاڵپشتی ئەم پرۆژەیە بکەین، چونکە ئەمە داهاتووی وڵاتەکەمان ڕۆشن دەکاتو پرۆژەیەکی شەخسی نییە».

وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە سەرەتاوە پاڵپشتی خۆی بۆ ئەم پرۆژەیە ڕاگەیاندووە، دواین پاڵپشتیش بریتییە لە پێدانی یەک ملیۆن دۆلار بۆ هاوڵاتییانی عەرەبی ناوچەکانی دیکەی عێراق بۆ خوێندن لەم زانکۆیە.

ئەو هۆکارانەی کەوا لە لەندەو هاوڕێکانی دەکات پەیوەست بە زانکۆکەیانەوە، تەنیا شێوازی خوێندن نییە، بەڵکو بوونی چەندەها یانەی خوێنکارانەیە لەوانە: دراما، ئای. تی، باسکە، توپێ پێ، دیبەیت، ئەمە جگە لە دەرفەتەکان بۆ چوونە دەرەوەی وڵات.

سااڵی پار (١١) خوێندکاری ئەم زانکۆی بۆ گەشتێکی زانستیو بە سپۆنسەری پرۆگرامێکی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی چوونە ئەمریکا، ئەمسااڵیش (١٢) خوێندکاری دیکە دەڕۆن، هەروەها ئەمە جگە لەوەی کە خوێندکارانی ئەم زانکۆیە لە چەندین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دیکەدا بەشداریی دەکەن.

شوان جەمال، (٢٣ ساڵ) خوێندکاری قۆناغی سێیەمی دیراساتی نێودەوڵەتی کە ئێستا ناوی دەرچووە بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە مۆسکۆ وتی: «بەهۆی ئەو باکگراوندە مەعریفییەی کە لێرە فێربووین، توانیومە تەنیا ئەمسااڵ بۆ چەندین کۆنفرانس فۆڕم پربکەمەوە».

شوان وتی: «بە دڵنیاییەوە گەر لە زانکۆیەکی دیکە بمخوێندایە ئەم دەرفەتەم بۆ ڕێک نەدەکەوت».

وتیشی: ئەو لەگەڵ (١٠) خوێندکاری دیکە بۆ ئەو کۆنفرانسە پەسەندکراون کە تایبەتە بە «ڕوسپاو سیاسەتی نێودەوڵەتی».

خاڵکی دیکە، کە ئەم زانکۆیە لە زانکۆکانی دیکە جیادەکاتەوە بریتییە لە بەشداریی کچان بە شێوەیەکی زیاتر لە کوڕ لە چااڵکییەکان، کچانی زانکۆ خاوەنی تیپێکی باسکەی بەهێزنو بۆ چەندین یاریی سەردانی شارەکانی عێراقیان کردووە.

بۆ ڕۆژنامەنووسانی زانکۆکەش، ڕێکخراوێکیان بۆ دانراوە، کە سەر بە کۆمەڵگەی ڕۆژنامەنووسانی پرۆفیشنااڵی ئەمریکییە، هەروەها زانکۆ ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیان هەیە کە یەکەمین ڕۆژنامەی سەربەخۆی خوێندکارانەو تێیدا چەندین خوێندکار لە پاڵ وانەکانیان فێری بنەمای ڕۆژنامەنووسی دەکرێن، ئەم کارەش لەاڵیەن جاکی سپینەر، یەکێک لە ڕۆژنامەنووسە پێشووە بەناوبانگەکانی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستەوە بەڕێوە دەبرێت.

کوشتنی ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان)، لە مانگی ڕابردوو، خوێندکارانی زانکۆی ئەمریکی نیگەران کرد.

دانا نەوزەر، (٢٢ ساڵ) خوێندکار یەکێک بوو لەو کەسانەی کە بەهەڵگرتنی دروشمی «ئازادیی و مەترسیی، نەک ئارامییو کۆیلایەتی» بەشداریی خۆپێشاندانێکی کردبوو لە دژی کوشتنی سەردەشت لە سلێمانی، وتی: «دەیان خوێندکاری زانکۆکەمان بەشداریی خۆپێشاندانەکەیان کرد، چونکە ئێمە فێرکراوین کە پاڵپشتی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی بکەین».

بەشداریو دروشمەکانی خوێندکارانی زانکۆی ئەمریکی،کەبەئینگلیزی نووسیبوویان لە خۆپیشاندانەکەدا بووبووە جێگەی سەرنجی خۆپیشاندەران و ڕێکخەرانی.

کەمال ڕەئوف، سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتی، یەکەمین ڕۆژنامەی ئەهلیی لە کوردستان، وتی: «خوێندکارانی زانکۆی ئەمریکی ڕۆڵی باشیان لەم خۆپیشاندانەدا هەبوو جێگەی دڵخۆشییە، دروشمەکانیان زۆر بە پێزە».

کاری خۆبەخش وانەکی دیکەیە، کە فێری خوێندکارانی ئەم زانکۆیە دەکرێت، ڕاوێژکاری زانکۆ دەڵێت: «ئەوەی ئەمریکا بەڕێوەدەبات، تەنیا دامەزراوە سیاسییەکان نییە، بەڵکو کاری خۆبەخشی هاوڵاتی ئەمریکیشە».

پرۆژەی یارمەتیدانی هەژارانو فێرکردنی بێنەوایان لەو پرۆژە خۆبەخشانەن کە خوێندکارانیش ئەم زانکۆیە بۆنموونە بۆچەندین جار کاری خۆبەخشو یارمەتی کۆکراوەتەوە بۆ ئاوارەکانی قالاوە لە سلێمانی.

دامەزرێنەرانو ڕێکخەرانی زانکۆی ئەمریکی ئومێدیان بەوەیە کە ئەم زانکۆیە بتوانێت گرووپێک لە سەرکردە پێکبهێنێت، کە بتوانن پێکەوەژیانو سیاسەتی سەردەم پەیڕەو بکەن لە عێراقدا، ئەو وڵاتەی ئێستا لەوپەڕی ناسەقامگیریی سیاسیدایە.

د.بەرهەم سااڵح، بە ڕۆژنامەی کریستیان ساینیس مۆنیتەری ڕاگەیاندووە: کە لەم زانکۆیەدا گرنگی دەدرێت بەو بوارانەی کە عێراق پێویستییەتی بۆ داهاتوو.

لە بۆردی زانکۆی ئەمریکی چەندین کەسایەتی سیاسیی عێراقیو بیانی تێدایە، لەوانە: ئەیاد عەاڵوی، زااڵمای خەلیل زاد، عادل عەبدولمەهدی، نێچیرڤان بارزانی.

هەروەها چەند ڕۆشنبیرێکی عەرەبیش لە بۆردی ڕاوێژکاری زانکۆکەدان لەوانە: کەنعان مەکیەو عەبدوالرحمان راشید.

مەرد عەلی، (٢١ ساڵ) خوێندکار دەڵێت: زانکۆکەی بۆیە پێخۆشە، چونکە هەستدەکات کە لە عێراقێکی بچووکدایەو گشت پێکهاتەکان بەبێ جیاوازیی ئایینو ئیتنیکی پێکەوە دەخوێنن.

مەرد، وتی: «هەمیشە بیرم کراوەیە بۆ جیاوازییەکانو هیچکات هەست بە دڵەڕاوکێ ناکەم لە وتنی بۆ و پرسیارکردن».

«خۆم لە دواڕۆژێکی ڕۆشندا دەبینمەوە، ئێمە کە خوێندنێکی پێشکەوتووی جیاواز بخوێنین، کەواتە سەرکردەیەکی جیاواز لەمانەی ئێستامان لێدەردەچێت».

مەرد، وای وت.

تێبینی: هەندێک لە لێدوانەکان لە سایتی ڕەسمیی زانکۆی ئەمریکیو ڕۆژنامەی AUISVOICE وەرگیراوە

دوکەڵی کارگەکان، دەربەندیخان دەخنکێنێت

شەمزین عەباس- دەربەندیخان

بەهۆی ئەو زیانەی کارگەکانی دەربەندیخان بە ژینگەو هاوڵاتییانی دەگەیەنن، خەڵکی دەربەندیخان داوای لابردنی ئەو کارگانە دەکەنو سەرۆکی شارەوانیش وەزارەتی کشتوکاڵ بە کەمتەرخەم دەزانێت.

گەڕەکی گوڵان یەکێکە لەو گەڕەکانەی شارۆچکەی دەربەندیخان، کە تەنیا چەند سەد مەترێک لەو کارگانەوە دوورەو دانیشتووانەکەی ناڕەزایی دەردەبڕن بەرامبەر بەوەی چەندجارێک داوایان ئاراستەی سەرۆکایەتی شارەوانیی دەربەندیخانو قایمقامیەتی قەزاکە کردووە، بەاڵم تائێستا ئەو کارگانە لانەبراون.

سازگار ڕەفیق، دانیشتوویەکی گەڕەکی گوڵانە، وتی: «داواکارین ئەو کارگانە لابببڕێن، چونکە ژینگە زۆر پیس دەکەن، بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا تۆزو خۆڵێکی زۆری هەیە».

ئەو هاوڵاتییە وا بەباشتر دەزانێت کە شوێنی ئەو کارگانە بکرێت بە باخچەیەک یان قوتابخانەیەک کە سوودی بۆ هاوڵاتییان هەبێت، پێشیوایە کە ئەو کارگانە تائێستا لە ڕووی تەندروستییەوە زیانی پێگەیاندوون.

سەرۆکایەتی شارەوانیی دەربەندیخانیش هاوڕان لەگەڵ پێویستی دوورخستنەوەی ئەو کارگانە بۆ دەرەوەی شارۆچکەکە، بەاڵم زەوییەکانی دەرەوەی شار زەوی کشتوکاڵینو پێویستی بە ڕەزامەندیی وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە.

حەسەن شێخانی، سەرۆکی شارەوانیی دەربەندیخان، بۆ ڕۆژنامە وتی: «نووسراومان بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ بەرزکردووەتەوەو داوامانکردووە زەویمان بۆ دابینبکەن لە دەرەوەی سنووری شارەوانیی دەربەندیخان بۆ ئەو کارگانە، بەاڵم تائێستا وەاڵمیان نەداوینەتەوە».

شێخانی باسی لەوەشکرد، ئەوانیش وەک شارەوانیی دەربەندیخان پێیانباشە ئەو کارگانە لابببڕێن، لەبەرئەوەی زیانی تەندروستی بۆ هاوڵاتییان هەیە.



یەکێک لە کارگەکان لە دەربەندیخان

فۆتۆ: شەمزین

بەڕێوەبەری ناحیەی سەرکەپکان:
زۆر داواکاری نایاسایی یەکێتیمان ڕەتکردووەتەوە

سازدانی: شاسوار مامە

هیوا قەرەنی، بەڕێوەبەری ناحیەی سەرکەپکان باس لەوە دەکات، نە حیزب دەستی لەکارەکانیان وەرداوەو نە ناحیەکەشیان ڕێگەیداوە حیزب دەست لەکاروباریان وەربدات، لەم چاوپێکەوتنەی ڕۆژنامەدا باسی چەند پڕۆژەیەکیش دەکات کە ڕۆتینیات دوایخستوون.

ڕۆژنامە: وەک یەکەم بەڕێوەبەری شارۆچکە، پلانتان چی بوو بۆ ئەوەی سەرکەپکان لە سیمای گوندەوە بگۆڕن بۆ شارۆچکە، بەتایبەت کە بڕیارە لە کۆمەڵێک فەرمانگەی پێویست بۆ ناوچەکە؟

* ئەگەر بمانەوێت گوندێک بکەین بە شارۆچکە پێویستی بە زۆری خزمەتگوزارییە، بە هاوکاریی پارێزگای سلێمانیو وەزارەتەکان، بەپێی ئەو بودجەیەی بۆمان دانراوە، توانراوە کۆمەڵێک پڕۆژەی خزمەتگوزاریی لە سەرکەپکانو دەوروبەری جێبەجێ بکرێن، بەرلەوەی سەرکەپکان بکرێت بە شارۆچکە تەنیا نووسینگەی پۆستەو گەیاندنی لێ بوو، بەڵام دوای بوون بە شارۆچکە (٣) فەرمانگە کرانەوە، کە پێکهاتبوون لە بەڕێوەبەرێتی شارۆچکەو شارەوانیو بنکەی پۆلیس، ئێستا زیاتر لە (٩) فەرمانگە هەیە لە سنووری سەرکەپکانو کارمان کردووە بۆ ئەوەی ئەو فەرمانگانەی هاوڵاتیان پێویستیان پێیەتی، بکرێنەوە لە سنووری شارۆچکەکەمان (٩) جۆگە بەپێی پێویستی گوندەکان جێبەجێ بکرێن.


هیوا قەرەنی، بەڕێوەبەری ناحیەی سەرکەپکان

ڕۆژنامە: تاکو ئێستا زۆر گوند هەیە ڕێگەوبانی خراپیان هەیە، لەکاتێکدا ڕێگە هەیە تەنیا بۆ کەسێکی نزیک لە حیزب، کە خۆی بەتەنیا لە گوندێک دەڕی پڕۆژەی ڕێگەوبانی بۆ جێبەجێ کراوە، بۆچی؟

* من نازانم ئەو ڕێگەیە چۆن چووە بۆ ئەو کەسەی نزیکە لە حیزب، بەڵام ئەگەر یەک ماڵ لە گوندێک هەبێت پێویستە هەموو خزمەتگوزارییەکی بۆ دابینبکرێت، چەندین گوندیش هەیە کە پڕۆژەی ڕێگەوبانی نەبووە، بەڵام بۆمان بردووە یان لە بەرنامەدایە جێبەجێی بکەین. زۆرینەی ئەو گوندانەی ئاوەدان نەکراونەتەوە، یان چۆڵکراون، هۆکارەکەی خراپیی ڕێگەوبان بووە،

ڕۆژنامە: لە سنوورەکەتان حیزب تا چەند دەست لەکارەکانتان وەردەدات؟

* حیزب بۆ گرفت دروستکردن لە کارەکان دەستی وەرنەداوەتە کارەکانمان بەهیچ شێوەیەک، نە ئەوان دەستیان لەکارەکانمان وەرداوەو نە ئێمەش ڕێگەماندواوە دەست لەکارەکانمان وەربدەن، ڕەنگە لەکاتی پێویستدا پێشنیازمان لە حیزب وەرگرتبێت، هەروەک لە خەڵکیش پێشنیازمان وەرگرتووە، تاکو ئێستا نەکەوتووینەتە ژێر کاریگەرییو بڕیاری هیچ لایەنێک، کە لە بەرژەوەندیی هاوڵاتییان نەبێتو هەر حیزبێک پێویستە ئەوەی دەیکات لە بەرژەوەندیی گشتییدا بێت، ئەگەر بەتەنیا لە بەرژەوەندیی کەسە حیزبییەکاندا بێت، بەدڵنیاییەوە ڕەتیدەکەمەوە، تەنانەت ئەگەر ببێتە هۆی ئەوەی لەکارەکەم دوورببخرێمەوە.

ڕۆژنامە: پێتوایە بەهۆی ڕەتکردنەوەی داوای حیزب لە کارەکەت دووردەخرێیتەوە؟

* مەرج نییە، نموونەم هەیە، کە زۆر داوای یەکێتیم ڕەتکردووەتەوەو لێپێچینەوەشم لەگەڵدا نەکراوە، چونکە داواکەیان نایاسایی بووە.

ڕۆژنامە: لە بودجەی (٢٠١٠)دا هیچ پڕۆژەیەک بۆ سەرکەپکان تەرخان نەکرا، ڕات لەوبارەیەوە؟

* جارێ زووە بڕیار لەسەر ئەوە بدەین چی دەکرێتو چی ناکرێت، ڕاستە زۆر پڕۆژە هەیە لەسەر بودجەی سالانی ڕابردوو بودجەی بۆ تەرخانکراوە، بەڵام ساڵی (٢٠١٠) جێبەجێ دەکرێت، چونکە بودجەکە پێشتر دیاریکراوە، بەڵام نەبووە، گرفتی ئێمە ئەوەیە بودجە بەپێی ژمارەی دانیشتووان دادەنرێتو دانیشتوانی سەرکەپکانیش کەمن، کە ئەوەش دەبێتە هۆی کەمیی پڕۆژە، زۆر جار هەبووە بڕیاردراوە پڕۆژە بکرێت، بەڵام تەنیا بڕیار بووەو بودجە لەڕاستیدا هەر نەبووە.

ڕۆژنامە: پڕۆژەی دوو سایدی نێوان ڕانیە- سەرکەپکان، چەندین ساڵە بڕیارە جێبەجێ بکرێت، بۆ تاکو ئێستا وەک خۆی ماوەتەوەو دەست بە جێبەجێکردنی نەکراوە؟

* دەکرێت لە شارەوانی ڕانیە بپرسن، من نازانم، بەڵام ئەوەی دەکەوێتە سنووری شارەوانیمان دەستمان پێکردووەو جێبەجێ دەکرێت، ئەو پڕۆژە بە هەماهەنگیی ئەو دوو شارەوانییە ناکرێتو هەر شارەوانییەو سنووری خۆی جێبەجێ دەکات.

ناحیەی سەرکەپکان دەکەوێتە سنووری قەزای ڕانیەوە لە پارێزگای سلێمانی، لە ساڵی (٢٠٠٥) بە بڕیاری حکومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی لە گوندەوە کرایە ناحیەو ژمارەی دانیشتوانی سنووری شارۆچکەکە زیاتر لە (٦٠٠٠) کەسە.

دوو پارچە زەوی سێ جار دەکرێن بە پرۆژە

ئاری لوقمان: چەمچەماڵ

دوو پارچە زەوی لە ناوەڕاستی چەمچەماڵدا بێسوود ماونەتەوە، لەکاتێکدا بۆ پارکی وەستانی ئۆتۆمبێلو گەراجی گواستنەوە گونجاونو پێشتریش بڕیاربووە بکرێن بە قوتابخانەو باخچەو پارک.

هەردوو پارچە زەوی ژمارە (١٣٣/١٣٤،٨٥/٨٥)، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری چەمچەماڵەوە نزیکەی (٢٢) ساڵە بەکارنەهاتووە بۆ هیچ پڕۆژەیەکو لەهەمانکاتدا شارەکە پێویستی بە دروستکردنی پارکو گەراجە، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنێکی گونجاوە بۆ دروستکردنی باخچەو سەوزکردنی شارەکە.

کامەران سەلام، دانیشتووی گەڕەکی سەرشەقام، بەپێویستی زانی ئەو زەوییە چۆڵانە سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ باخچەو سەوزکردنی شارەکە، وتی: «شوێنەکە زۆر گونجاوە بۆئەوەی سەوزبکرێتو دیمەنێکی جوان بە ناوبازاڕ بگەیەنێت، چونکە دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەوە».

کاروان جەمال، شۆفێری یەکێک لە هێلەکانی گواستنەوەی دەرەوەی چەمچەماڵ، ئاماژەی بەوەکرد: سالانێکە شارەکە کێشەی گەراجی هەیە، دەکرا بەسوودوەرگرتن لەو زەوییە چارەسەر بکرایە.

دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان، شارەوانیی چەمچەماڵ بە نووسراوی ژمارە (١٠٢)ی لە ٢٠٠١/١/٢٣-دا، کە ئاراستەی بەڕێوەبەرێتی گشتیی شارەوانییەکانی سلێمانی کردووە، داوایکردووە ئەو پارچە زەوییانە لە شوێنی دروستکردنی قوتابخانی دواناوەندییەوە بکرێتە باخچە، بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەیەوەو دواتر نووسراوی ژمارە (٢١٧٨) لە ٢٠٠١/٢/٢١، بەڕێوەبەرێتی شارەوانییەکان ڕەزامەندیی لەسەر نیشانداوە.

دوای نزیکەی (١٠) ساڵ، کە نەتوانراوە ئەو پارچە زەوییانە سەوزبکرێنو وەک باخچە سوودیان لێ وەربگیرێت، تا دیمەنێکی جوان بە شارەکە بدرێت، دووبارە لە ٢٠١٠/٣/١-دا نووسراوی ژمارە (٧٩٤)، شارەوانیی چەمچەماڵ داوای لە بەڕێوەبەرێتی نەخشەدانانی سلێمانی کردووە کە شوێنەکە بە کەڵکی باخچە نایەتو داوایانکردووە بکرێتە گەراجو پارک بۆ وەستانی ئۆتۆمبێل.

نەوزاد جەلال، سەرۆکی شارەوانیی چەمچەماڵ، سەبارەت بە سوودنەبینین لەو زەوییانە بۆ ڕۆژنامە وتی: «لە ڕابردوودا بەشێوەیەکی کاتیی ئۆتۆمبێلی تیادا وەستاوەو چەندجارێک لەپێش ئەویشدا داواکراوە ڕەگەزی زەوییەکە لە باخچەوە بگۆڕدرێت، بەڵام نەکراوە، چونکە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ڕەگەزی زەوی باخچە بۆ هیچ شتێکی دیکە ناگۆڕدرێت، بەکارهێنانی بۆ باخچە یان گەراج جیاوازی نییە، گرنگ ئەوەیە بتوانرێت سوود لەو پارچە زەوییە وەربگیرێت».

هەردوو پارچە زەوییەکە دەکەوێتە کەرتی یەکی شاری چەمچەماڵەوەو ڕووبەریان (٨٣٠٠) مەتر دووجایە.


داوادەکرێت ئەو دوو پارچە زەوییە بکرێن بە گەراج

تۆڕێنەوەکانی خوێندکارانی سۆران، بێ سەرچاوەن

ڕاپۆرتی: ئەحمەد باڵەکی

بەهۆی نەبوونی کتێبخانەو نەبوونی سەرچاوەی پێویست بۆ لێکۆڵینەوەو تۆڕێنەوەکانیان، خوێندکارانی کۆلێژو پەیمانگاکانی قەزای سۆران، ڕوو دەکەنە هەولێرو شارەکانی تر، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەم قەزایە زانکۆیەکی نوێی لێدەکرێتەوە.

ناسکە محەمەد، خوێندکاری کۆلێژی پەروەردەی سۆران لە بەشی عەرەبی، لەو بارەیەوە وتی: «ئەمساڵ زۆر هەوڵماندا بۆ دەستکەوتنی سەرچاوە لە سۆران، بەڵام دەستمان نەکەوت، هاوڕێیەکمان نارد بۆ هەولێرو لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر، سەرچاوەی بۆ هێناوین».

ئەو کچە خوێندکارە دەپرسێت، وا خەریکە سۆران دەبێتە پارێزگا، بۆچی تا ئێستا کتێبخانەی تێدا نییە، ئەگەرچی چەندین زانکۆو پەیمانگای تێدایە.

سۆران یەکێکە لەو شارۆچکانەی هەرێمی کوردستان کە لەدوای ساڵی (١٩٩١)ەوە بەشێوەیەکی خێرا ڕووی لەزیادبوون کردووەو ئێستا ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە (١١٨)هەزارکەسە.

ئەگەرچی ئەم شارە تارادەیەکی باش خزمەتی کراوە، بەڵام وەکو پێویستیش نەبووە، چونکە ئەگەرچی ئەم قەزایە لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر، گەورەترین قەزایە، بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانییە ئەوەیە، کە تا ئێستا کتێبخانەی گشتییو هوتێلێکی تێدانییە.

حەسەن خدر، خوێندکاری دواقۆناغی پەیمانگای تەکنیکیی سۆرانەو یەکێکە لەو خوێندکارانەی کە پێویستە لە ئەمسالدا ڕاپۆرتی کۆتایی بنووسێت، کە ئەمەش پێویستییەکی زۆری بە سەرچاوە هەیە، بۆیە حەسەن، دەڵێت: «لەگەڵ برادەرەکانی ترم زۆر هەوڵماندا، تا لە ڕەواندوزو هەولێر سەرچاوەمان بۆ هات، ئەمەش کاتێکی زۆری خایاند، جگەلەوەی کە لە ڕووی مادیشەوە لەسەرمان دەکەوێت».

لەدوای پڕۆسەی ئازادیی عێراقەوە لە (٢٠٠٣)دا، چەندین کۆلێژو پەیمانگا لە سۆران کراونەتەوە، لەوانە: کۆلێژی زمان، کۆلێژی پەروەردە، کۆلێژی یاسا، پەیمانگای تەکنیکیو پەیمانگای کۆمپیوتەر، لەئێستاشدا ئەم کۆلێژو پەیمانگایانە سەربەخۆنو لەسەر هەولێر نەماونو سەرۆکایەتییەکیان بۆ دانراوە بەناوی سەرۆکایەتیی زانکۆی سۆرانەوە.

سەباح خەیری، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی سۆران، لە بارەی نەبوونی کتێبخانەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «ڕۆشنبیرانو قوتابییانو خوێنەرانو نووسەران مافی خۆیانە داوای کتێبخانە بکەن، ئێمە خۆشمان نیگەرانین لەمە، چونکە سۆران شارێکی گەورەیەو پێویستی بە کتێبخانەیەکی هاوچەرخ هەیە».

بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی سۆران، لە بارەی نەبوونی کتێبخانەوە لە سۆران لەگەڵ بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانەی گشتیی هەولێر گفتوگۆیان کردووەو وابڕیارە لە ماوەیەکی کورتدا پلان بۆ دروستکردنی کتێبخانەی سۆران دابنێن.

لای خۆشیەوە کرمانج عیزەت، قایمقامی قەزای سۆران، بۆ ڕۆژنامە وتی: «کتێبخانە، یەکێکە لە پێداویستییە گرنگەکانی سنووورەکەمانو لە پلانی ئەمساڵماندا دامانناوە کە کتێبخانەیەکی گشتیی دروستبکەین، ماوەی دوو ساڵیش دەبێت کە کار لەسەر ئەمە دەکەین، ئومێدیشمان وایە کە ئەمساڵ کتێبخانەیەک دروستبکەین».

نەبوونی کتێبخانەو سەرچاوەی نووسینو خوێندنەوە، بە تەنیا کێشەی خوێندکاران نییە، بەڵکو ئەمە گرفتی نووسەرانو ڕۆشنبیرانیشەو هەمان ناڕەزایەتییان لە حکومەت هەیە.

عامر قادر، نووسەرو خوێنەر لە سۆران، باس لەوەدەکات، کە بەهۆی نەبوونی کتێبخانەوە، ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەسەر شەقامەکانو بەردەم ڕۆژنامەفرۆشەکان دەخوێننەوە.

ئەو نووسەرەی قەزای سۆران، وتیشی: «ئەگەر بمانەوێت بابەتێک بنووسین، هیچ شوێنێک نییە سەرچاوەی لێوەربگرین، دەبێت لە ڕەواندوز، یان لە هەولێر، یان لە هەرشارێکی تری کوردستان بەدوای سەرچاوەدا بگەڕێین».

پڕۆژەی «تواناسازیی» خوێندنی باڵا، کاردانەوەی توند دروستەکات

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان



مامۆستایانی زانکۆو خوێندکارانی ماستەرو دکتۆرا لە هەرێمی کوردستان، نارەزایەتی بەرامبەر بە بەرنامەی تواناسازیی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەردەبڕنو ئاماژە بەوە دەکەن کە بەرنامەکە نازانستییە.

نزیکەی مانگێکە وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێم، بەرنامەی گەشەپێدانی توانستو بەرزکردنەوەی کوالێتی دارشتووە بەمەبەستی گۆڕانکاریی لە خوێندنی ماستەرو دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمدا، بەڵام بەرنامەکە کەوتووەتە بەر ڕەخنەو نارەزایی مامۆستایانی زانکۆو خوێندکارانی ماستەرو دکتۆراو داواکاریشن کە وەزارەت بە بەرنامەکەیدا بچێتەوەو بەو شێوەیە نەیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

شوان خۆشناو، هەڵگری ماستەر ئەوە بۆ ڕۆژنامە ڕووندەکاتەوە کە ئەو پڕۆژەیەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، کەموکوڕیی زۆری تێدایە کە پێویستیان بەچاککردن هەیە.

هەروەک وتیشی: «مەرجی پڕۆفیشنالێتی لە زمانی ئینگلیزیدا کراوەتە پێوەر بۆ ئەو کەسانەی کە ماستەر یان دکتۆرا دەخوێنن، ڕاستە ئینگلیزی پێویستەو زمانێکی سەرەکییە لەدنیادا، بەڵام بۆ ژمارەیەک لە خوێندنەکان هیچ پێویستییەک بەو پڕۆفیشنالێتییە ناکات، بۆ نموونە زانستە مرۆڤایەتییەکانو ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە مێژووی ئیسلامدا توێژینەوە بکەن، چ پێویست بە پڕۆفیشنالێتی دەکات لە زمانی ئینگلیزیدا».

ئەو مامۆستایەی زانکۆ، پێی باش بوو کە ئەگەر ئەو خاڵە کرایە مەرج بۆ مامۆستایانی نوێی زانکۆ، پێویستە مەرجەکە مامۆستا دێرینەکانی زانکۆش بگرێتەوەو خولیان بۆ بکرێتەوەو هەوڵ بدرێت مەرجەکە بەسەر هەموواندا بچەسپێنرێت «نەک تەنیا ڕێگرێک بێت بۆ مامۆستایانی نوێ».

بەرنامەکەی وەزیری خوێندنی باڵا (د. دلاوەر عەلائەدین)، تەرکیز دەخاتە سەر دلنیایی جۆرییو ئاماژە بەوەدەکات، کە هەرێم پێویستی بەکادیرانی پیشەیی تایبەتمەند هەیە، بەتایبەت خاوەن بڕوانامەی بڵندی وەک ماستەر، کە ئامادەکردنی مامۆستایانو کادیرانی پێشکەوتوو یەکێکە لە ئەرکە قورسەکانو بەرهنگارییە مەزنەکانی بەردەم زانکۆ، هەربۆیە هەوڵدەدرێت لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی تۆکمەدا، چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

بەڵام مامۆستایانی زانکۆ، ئاماژە بەبوونی کەموکوڕیی لە زانکۆکاندا دەکەنو پێیانوایە: دەبێت ئەو گۆڕانکارییانە لەخوارەوە بۆ سەرەوە بکرێت، نەک لەسەرەوە دەستپێبکرێت.

هەربۆیە بە بڕوای مامۆستا شوان، پێویستە وەزارەت بیر لە فەراهەمکردنی موستەلزماتەکانی خوێندکار لە زانکۆدا بکاتەوە، «خوێندکارەکانمان لە هۆڵی تاقیکردنەوەدا ئارەقە بەنێوچەوانیاندا دێتەخوارێ بەبێ سپلیتو موبەریدەن، داتاشۆیان نییە، چۆن وانە بڵێمەوە لە کاتێکدا لە هۆڵەکانی خوێندندا کارەبا نییە، پێویستییەکانی مامۆستاو خوێندکار فەراهەم نەکراون».

هەربۆیە بە بڕوای مامۆستایانی زانکۆ، دلنیایی جۆریی کاتێک بەرزدەکرێتەوە کە سەرجەم کونو کەلەبەرەکانی تر خنرابنو تەنیا ئاستی سەرەوە مابێت دەستکاریی بکرێت، لەبەرئەوە شوان خۆشناو، پێیوایە: «پڕۆژەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر نەکراوەو کەمتەرخەم بوون لە خوێندنەوەیان بۆ توێژی مامۆستایانو ئەو خوێندکارانەی خوازیاری خوێندنی ماستەرو دکتۆران، هەربۆیە هەڵەو کەموکوڕیی زۆری تێدایەو دەبوو مامۆستایانی زانکۆش لە دارشتنەوەیدا بەشداربوونایە، تا بەهەموو لایەکیان پڕۆژەیەکی تۆکمەتریان ئامادەبکردایە».

دوابەدوای ڕاگەیاندنی پڕۆژەکە، (١٣٣) کەس لە هەڵگرانو خوێندکارانی بڕوانامەی دکتۆراو ماستەر لە زانکۆی سەڵاحەدینو کۆلێژی خوێندنی باڵا، لە یاداشتنامەیەکدا ناڕەزایی خۆیان سەبارەت بە بەشێک لە بەندو خاڵەکانی پڕۆژەی ریفۆرمی خوێندنی دکتۆراو ماستەر دەربڕیو داواکارن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کە پێداچوونەوەو چاوخشاندنەوە بەپڕۆژەکەدا بکات.

سالار عوسمان، مامۆستای زانکۆ بە ڕۆژنامەی وت: «پێمانوایە، ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ وەرگرتنی ماستەرو دکتۆرا دانراون لەگەڵ ئەوەی کە بەشێکی زۆرپان باشن، بەڵام لەهەندێک خاڵدا لەگەڵیدا ناکۆکین، هەربۆیە داوادەکەین کە باشتر دەرفەت بڕەخسێت بۆ قوتابیانی کورد کە خوێندنی باڵا تەواوبکەن، چونکە بە ڕای ئێمە هەندێک لەفلتەرەکانی ئەو پڕۆژەیە جۆرێک لە لەمپەر دروست دەکەن بۆ قوتابییانی ئەو بوارە».

لەلایەکی ترەوەو لە یەکێک لە خاڵەکانی پڕۆژەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵاداو بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا، ئاماژە بەبینینی خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی کراوە لە دەرەوەی وڵات، کە هیچکام لەخولەکان لە شەش مانگ کەمتر نەبێتو بەلایەنی کەمەوە دوو خول بۆ ئەو مەبەستە ببینرێت، ئەمەش بە بڕوای ژنانی خوێندکاری دکتۆرا، لەمپەرێکە لەبەردەم ژناندا بەشێوەیەک کە ئەو خوێندنە تایبەت دەکات بە پیاوان.

سومەییە نەجیب، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر، وتی: «فلتەری بینینی دەوراتی زمانی ئینگلیزی لە دەرەوەی وڵات بۆ ژنان قورسەو بەوهۆیەشەوە پێدانی بڕوانامەی دکتۆرا بە ژنان نزیکدەبێت لە مەحاڵەوە، هەربۆیە ئەو خوێندنانە تایبەت دەبن بە پیاوان، لەکاتێکدا دەبوو پڕۆژەکە زانستییانەتر دابڕێژرایەتەوەو پلانی تۆکمەتری پێبوایە».

سالانی پێشوو، هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا، ڕاستەوخۆ پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەکە پارچە زەوییەکیان پێدەبەخشرا، بەڵام دوو ساڵە ئەو بڕیارە ڕاگیراوە، هەربۆیە لە ئێستادا خاوەنی ئەو بڕوانامانە بێبەشن لە وەرگرتنی زەوی‌و هاوکات لە کەمپی زانکۆش، هەربۆیە مامۆستایانی زانکۆ لە یاداشتەکەیاندا، داواکارن کە پێداچوونەوە لەو بڕیارەدا بکرێت بە مەبەستی گەڕاندنەوەی ئەو مافانە کەپێشتر هەبوون.

لەلایەکی ترەوەو لە پڕۆژەی ریفۆرمی خوێندن لە ماستەرو دکتۆرادا، مەرجی تەمەن بۆ ماستەر (٣٥)ساڵ زیاتر نەبێتو بۆ دکتۆرا (٤٠)ساڵ زیاتر نەبێت دانراوە، کە ئەم خاڵەش دووبارە ناڕەزایەتی لێکەوتووەتەوە.

هەروەک شوان خۆشناو، وتی: «لەهەموو دنیادا، مرۆڤ کە دەگاتە تەمەنی (٥٠)ساڵ ئەو کاتە گەیشتووەتە لوتکەو تێگەیشتووە، بەڵام لێرە ئەو تەمەنە بێبەشدەکرێت لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆراو ماستەر، بۆیە زۆربەی خاڵەکانی پڕۆژەکە لە بەرژەوەندیی مامۆستایانی زانکۆدا نییە».

تۆپباران، گەشتەکان ڕادەگرێت

ئەحمەد باڵەکی: سۆران

ڕێژەی گەشتیارانی سەیرانگاکانی ناوچە سنوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو ئێران بەهۆی تۆپبارانەکانی ئێرانەوە کەمیکردووە، کە ماوەی مانگێکە ئەو تۆپبارانانە چووەتە حاڵەتی مەترسیدارەوە.

سنوورەکانی قەزای سۆرانو چۆمانو دەوروبەریان یەکێکن لە ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستانو زۆرترین شوێنی گەشتیاریی لەخۆدەگرن، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئێستا بەهۆی تۆپبارانەکانی ئێرانەوە ڕێژەی گەشتیاران لەم کاتەدا زۆر کەمیکردووە.

محەمەد غەریب، یەکێکە لەو هاوڵاتییانەی کە لە گەرمیانەوە هاتبووە هاوینەهەواری جوندیان بەمەبەستی گەشتکردن، باسی لەوەکرد، کە ئەگەرچی هاوینەهەوارەکانی سنووری سۆرانو دەوروبەری تا ڕادەیەکی زۆر دڵگیرن، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی تۆپبارانەکانەوە زۆر چۆڵبوون.

ئەو گەشتیارە چۆلبوونی سەیرانگاکانیشی بۆ چەند هۆکارێکی دیکەش گەڕاندەوەو وتی: «تاڕادەیەک نرخی کەلوپەلەکان گرانو پاکوخاوێن نینو هێشتا وەرزی تاقیکردنەوەی خوێندکارانیش تەواونەبووە».

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پاساوی بوونی گەریلاکانی پژاک لەو ناوچانە، بەردەوام تۆپبارانی ئەو ناوچانە دەکاتو لە ڕووی سەربازیشەوە لە هەفتەی ڕابردوودا (٢)کەم سنووری هەرێمی بەزاندووە، ئەمە جگە لەوەی هەزاران دۆنم ڕەزو باخو پاوەنی هاوڵاتییانی بەهۆی تۆپبارانەوە سووتاندووە.

بورهان موستەفا، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتیی گەشتوگوزاری سۆران، بۆ ڕۆژنامە جەختی لەوەکردەوە، کە ڕێژەی گەشتیاران لە ناوچەکەدا کەمیکردووەو هۆکارەکەشی بۆ تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی باڵەکایەتی گەڕاندەوە.

بورهان وتیشی: «ئەمساڵ ڕێژەی گەشتیاران بۆ سنووری باڵەکایەتی ڕوو لە کەمبوون دەکات، چونکە تۆپباران هۆکارێک بووە کە ترسو دڵەڕاوکێی بۆ گەشتیاران دروستکردووە».

ناوچە گەشتیارییەکانی سنووری قەزای سۆرانو دەوروبەری پێکهاتووە لە هەریەک لە سەیرانگاکانی بێخاڵو جوندیانو شەلالو بێڕۆیانو گەلی فەقیانو چەندین هاوینەهەواری دیکە لە سنووری چۆمانو مێرگەسۆر، کە لە جەژنی نەورۆزدا زیاتر لە (٢٠٠) هەزار گەشتیار تەنیا ڕووی لەم ناوچانە کردبوو.



لە بەرامبەر کەمیی کارەبا خەڵکی گەرمیان هەڕەشە دەکەن

هاوڕێ عەبدوڵڵا



دانیشتووانی گەرمیان ناڕەزایی دەردەبڕن لە کەمیی کارەباو ڕێکخراوەکانی سنووریشەوە داوا لە حکومەت دەکەن بەزوویی کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکاتو هەڕەشەی هەڵوێست وەرگرتن دەکەن.

کۆمەڵەی پەیام، کە کۆمەڵەیەکی سەربەخۆیەو کاردەکەن بۆ خزمەتکردنی ناوچەی گەرمیان، یاداشتێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی کارەبای هەرێم کردو ئاماژە بە نیگەرانیی خەڵکی گەرمیان دەکات لە بەرامبەر کەمبوونەوەی کارەبا، هەروەک لە یاداشتەکەدا هاتووە: «ناوچەی گەرمیان لە وەرزی هاویندا پلەی گەرمای لە چاو ناوچەکانی تر بەرزترەو ئەو گەرمایەش کاریگەریی بۆ سەرهەڵدانی نەخۆشیی هەیە، بۆیە داواتان لێدەکەین کاتژمێرەکانی کارەبا بۆ ناوچەی گەرمیان زیاد بکرێت».

هەروەها لە یاداشتەکەدا ئاماژە بەوەکراوە: «ئەگەر هاتو داواکارییەکانمان لەبەرچاو نەگرن، ئەوا ناچارین ڕێگەی مەدەنییانە بگرینەبەر».

عەدنان قوربانی، وتەبێژی کۆمەڵەی پەیام بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ماوەی دوو هەفتەیە کارەبای گەرمیان زۆر کەمبووەتەوەو تەنانەت سەعاتەکانی پێدانی کارەبا بە هەردوو کارەبای نیشتمانییو موەلیدە نەدەگەیشتە (١٥) سەعات، بۆ باشترکردنی کارەباو چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لە یاداشتێکدا داوای بەزوویی زیادکردنی کارەبامان کرد، چونکە گەرمیان ناوچەیەکی جیاوازەو گەرمترە لە ناوچەکانی دیکە، بۆیە دەبێت تایبەتمەندی پێ بدرێت.

بەهۆی بوونی کێشە لە وێستگەکانی کارەبا بەتایبەتی وێستگەی کارەبای هەولێر، وەزارەتی کارەبا نەیتوانی بۆ وەرزی هاوین پلانێکی ئاشکرا بۆ پێدانی کارەبا بەهاوڵاتیان دابنێتو لەم مانگەشدا ڕێژەی کارەبا کەمیکردووە، بەتایبەتی لە قەزاو ناحیەکاندا، ئەوەش نیگەرانییو ناڕەزایی هاوڵاتیانی لێکەوتووەتەوە.

لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو رێکەوتنانە دەکرێت، کە بۆ تۆپبارانەکان ئیمزا کراون

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان



بەهۆی تۆپبارانەکانەوە، ئاوارەکان ژیانێکی سەخت دەگوزەرێنن

فۆتۆ: رۆژنامە

فراکسیۆنی گـۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان هۆشداری دەدات لە بوونی هەر رێکەوتنێکی نهێنیو تایبەت بە پرسی تۆپبارانکردنی سنووردەکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ وڵاتانی ئێرانو تورکیادا.

ئەم فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنە لە رۆژی (٥/١٩)دا یاداشتێکیان سـەبـارەت بە تۆپبارانکردنی خاکی هەرێمی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ئێرانو تورکیاوە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووەو تێیدا داوای دانیشتنی نائاساییان کـرد بـۆ دۆزیـنـەوەی رێـگـە چـارەیـەک سـەبـارەت بە راگرتنی تۆپبارانەکانو گـەڕانـەوەی سـەروەریـی خاکی هەرێم، بەڵام ئەو کۆبوونەوەیە دواخراو لە رۆژی (٦/٨)دا کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەو مەبەستە بەڕێوەچوو.

کـــاروان ســالـح، ئـەندامـی لیژنەی نـاوخـۆی پەرلەمانی کـوردسـتـان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «داوامان لە هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتو پەرلەمان کرد کە هەڵوێستی بەپەلە سەبارەت بە تۆپبارانکردنی سنووردەکانی هەرێمی کوردستان بنوێنن‌و بۆ ئەو مەبەستەش داوا لە سەرۆک کۆماری عێراق بکرێت کە بە زووترین کات بانگی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق بکرێتو هۆکاری تۆپبارانەکانیان لەگەڵدا تاووتوێبکرێتو داوای هەرچی زووە راگرتنی بکرێت».

لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان لە یاداشتێکی هەشت خاڵیدا داوایـان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کـردووە، کە سەرۆکایەتی حکومەت ئاگادارببکاتەوە تا بە ئەرکو بەرپرسیارێتی خۆی سەبارەت بە راگرتنی تۆپبارانەکان هەستێتو تیمی فریاگوزاریی دروستبکات بۆ هاوکاریکردنی دانیشتووانی ناوچە لێقەوماوەکان.

ئەندامەکەی فراکسیۆنی گۆڕان وتیشی: «ئێمە پێمانوایە هەڵوێستی سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت سەبارەت بە تۆپبارانەکان لاوازەو لە ئاستی پێویستدا نییە، بۆیە ئەگەر ئەو دوو لایەنە سەبارەت بە سووتاندنی دێهاتەکانی کوردستان نەیەنە دەنگو نەچنە سەنگەری بەرگریکارەوە، ئەوا راستەوخۆ دەچنە سەنگەری دەستدرێژیکار، بۆیە لەسەر ئەو پرسە لەناو پەرلەمان زۆر بە راشکاویی قسەمان کردووە».

لە سەرەتای ئەم مانگەدا وەفدێکی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان سەردانی ئاوارەکانی سنووری پشدەریان کرد لە گوندەکانی (ئالیە رەش، سەرخان، زێوکە، قەڵاتوکان، ئەبوبەکرە، ورتە)، کە بەهۆی تۆپبارانەکانی ئێرانو تورکیاوە ئـاوارە بـوون، لـە سـەردانـەکـەیـاندا پەرلەمانتارانی گۆڕان تێبینی ئەوەیان کرد، کە رەوشی ژیانو گوزەرانی خەڵکی ناوچەکە لە دۆخێکی نالەبارو ناتەندروستدایەو سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان بۆ دابینەکراوەو زیانێکی ئابووریی زۆر بە ژێرخانی ئابووریی خەڵکی سنوورەکەو هەرێمی کوردستانیش کەوتووە.

ئەمە جگە لـەوەی کە لە سەردانی وەفدەکەی فراکسیۆنی گۆڕاندا بۆ لای وەزیـری دارایـی، داوای هاوکاریکردنی خەڵکی لێقەوماوی ئـەو ناوچانەیان لێکردووە، لە وەڵامـدا وەزیـری دارایی ئاماژەی بەوەکردووە، حکومەتی هەرێم پـارەی ئیحتیاتی بۆ ئەو جۆرە حاڵەتانە هەیە، بەڵام پێویستە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـرانـەوە فـەرمـان بە خەرجکردنی بکرێت، هەر بۆیە داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە کە بە نووسراو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئاگادارببکاتەوە بۆ خەرجکردنی پارەکە بۆ هاوکاریکردنی لێقەوماوانی ناوچە تۆپبارانکراوەکان.

د.زانا رەئوف، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گـۆڕانو ئـەندامـی لـیـژنـەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی بۆ رۆژنامە رووندکردەوە، کە لە دانیشتنی نائاسایی پەرلەماندا کە تایبەت بوو بە تۆپبارانکردنی سنووردەکانی هەرێمی کوردستان، باسیان لـە بەرپرسیارێتی حکومەتی هەرێم لـەو بـارەیـەوە کـردووەو ئاماژەیان بە کەمتەرخەمیی نوێنەرانی کوردیش لە بەغدا کـردووە، وتیشی: «نوێنەری کوردمان هەبووە لە بەغدا لە کێشەی سنووربەزاندنی ئێران بۆ سەر ناوچەی فەکە، زووتر هەڵوێستی هەبووە، وەک لە تۆپبارانکردنی خاکی هەرێم لەلایەن ئێرانەوە، کە ئەمە کەمتەرخەمییەکە ناتوانرێت چـاوی لێ بپۆشرێت».

هـاوکـات فـراکسـیـۆنـی گــۆڕان لە دانیشتنەکەدا هۆشداریی ئەوەیان داوە، کە ئەگەر هەستیان کرد جۆرە رێکەوتنێکی نهێنیی هەیە لەلایەن هەر بەرپرسێکی کورد کە تێوەگلابێت بە مەسەلەی مۆڵەتدان بە ئێران یان تورکیا بۆ تۆپبارانکردنی خاکی هەرێم، ئەوا زۆر بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکـەنو هیچ جۆرە رێکەوتنێکی نهێنیی یان سازشکردنێک ئەگەر زارەکیش بووبێت جێگای قبوڵ نییە.

لەوبارەیەوە زانا رەئوف وتی: «هەر بەرپرسێک کە لەو کـارەوە تێوەگلابێت، دەبێت دەسەڵاتەکانی لێ وەربگیرێتەوەو لە بەرچاوی خەڵکدا ئەوەی تێبگەیەنرێت، کە ئەوە تەجاوزکردنێکی مەترسیدارەو یاریکردنە بە ئاگر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان».

پەروەردەی سلێمانی بڕیاری گەڕاندنەوەی نانبڕاوەکان پێشێلدەکات

راپۆرتی: زمناکۆ ئیسماعیل

بەڕێوەبەرێتی پـەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی بە نووسراوێک ئەو سزادراوە سیاسییانە جارێکی تر نانبڕاو دەکاتەوە کە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیـران گەڕێنرابوونەوە جێگەی خۆیان.

پاش ئـەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هـەرێـمـی کـوردسـتـان بەمەبەستی گـەڕانـدنـەوەی سـزادراوانـی سیاسیی فەرمانێکی تایبەتی بە ژمـارە (٣٩٧٧) لە ٢٠١٠/٤/١٩-دا دەرکـرد، بـەڵام ئەو بڕیارە لەلایەن بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانییەوە جێبەجێ ناکرێتو هەڵدەوەشێنرێتەوە.

لە نووسراوێکی فەرمانی کارگێڕیی بەڕێوەبەرێتی پـەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، بە ژمـارە (٢٢٥١٧) کە لە ٢٠١٠/٥/٣١-دا دەرچـــووە، ئاماژە بەوەدەکات کە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێیان دراوە، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری پێشووی هەمان بەڕێوەبەرێتی دەدات، کە بە ژمارە (١٩٤٨٩) دەرچوو لە ٢٠١٠/٥/١٢-دا، ئەم بڕیارەش لەبەر رۆشنایی هـەمـان بـڕیـاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمدا دەرچووە.

لـە تـازەتـریـن کـاردانـــەوەی هـەڵـوەشـانـدنـەوەی ئـەو بـڕیـارەی ئەنجومەنی وەزیـرانـدا، بەڕێوەبەرێتی پـەروەردەی سلێمانی (٤) بەڕێوەبەر لە کارەکانیان دوورخەخاتەوەو لە پۆستی بەڕێوەبەرییەوە دەیانکاتەوە بە مامۆستاو ڕاسپاردە لە قوتابخانەکاندا، لەکاتێکدا هەریەکە لەم کەسانە پێشتر بەڕێوەبەری قوتابخانە بوون.

سەردار سادق، بەڕێوەبەری پێشووی قوتابخانەی هەواربەرزەی سەرەتایی، کە یەکێکە لە بەڕێوەبەرە دوورخراوەکان بۆ رۆژنامە وتی: «ئێمە تێناگەین ئەم بڕیارانە لەکوێوە بنەما دەگرێتو بە فەرمانی کێ دەکرێت، لە ٢٠٠٩/٩/٨وە تاوەکو دوا بڕیار کە لە ٢٠١٠/٥/٣١-دا دەرچـووە، (١١) فەرمانی دانانەوەو لابردنمان بۆ دەرچووە، پـەروەردە ئەوەندەی سەرقاڵی لابردنو دانـانـەوەی ئـەم چەند بـەڕێـوەبـەرەن، ئەوەندە پەیوەست نین بە بژێویی ژیانی مامۆستایان بێ جیاوازی».

ئەو مامۆستایە دەڵێت: «ماوەی (٣٠) ساڵ خزمەتی مامۆستاییم هەیە، (٢٠) ساڵە بەڕێوەبەرم، لەماوەی کارکردنیشمدا نزیکەی هەشتا ڕێزلێنانم وەرگرتووە، بەڵام ئێستا لە کارەکەم دوورەدەخرێمەوەو لەسەر بیرو بۆچوونی جیاواز پەراوێز دەخرێین».

ئـەو وتـانـەی ئـەو بـەڕێـوەبـەرە لەکاتێکدایە، کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە فەرمانێکی تایبەتی خۆی، کە لە پێنج بڕگە پێکهاتووە، جەختدەکاتەوە لەسەر نەمانی نانبڕینو ئاماژە دەکات بە «وەرگرتنی ئیجرائاتی یاسایی‌و ئیداریی بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەر بڕیارێک کە درابێت بە هۆکاری سیاسیی یان بەهۆی بۆچوونی جیاواز»، لەهەمان بڕگەی ئەو فەرمانەشدا، جەخت دەکاتەوە لەسەر «گەڕاندنەوەی کارمەندو فەرمانبەری حکومی بۆ سەر کارەکانیان بەهەمان پلەو مووچەی پێشوویان».

فازیل حسێن، بەڕێوەبەری پێشووی قوتابخانەی سەرکەوتنی بنەڕەتیی، پێیوایە: ئەمە دەستی حیزبی لەپشتەوەیەو دەڵێت: «ئـەوان توانیویانە لەماوەی چوار پێنج ڕۆژدا چەند فەرمانێک بگۆڕن، دەبێت تا چەندە باوەڕمان بەوان هەبێت بمانگێڕنەوە بۆ سەر کارەکەی خۆمان، ئەوان بە ترسو تۆقاندن ئەوەمان بەرامبەر دەکەن، ئەوان لە ئێمەوە دەستیان پێکردووەو وردە وردە قوتابخانەکانی دیکەش دەگرێتەوە».

ماموستا محەمەد حـەمـە سدیق، بـەڕێـوەبـەری پێشووی قوتابخانەی شاکر فەتاح، پێیوایە: ئەمە سیناریۆیەکەو دەیانەوێت جارێکی دیکە کێشەی نانبڕین بەجۆرێکی دیکە بهێننە ئـاراوەو دەڵێت: «هیچ هۆکارێک نییە بۆ لابردنی ئێمە، بە تەنیا بیرو بۆچوونی جیاواز نەبێت، لابردنەوەی ئەمجارەی ئێمە، شکاندنی بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمەو دەستی حیزبی لە پشتە».

ئـامـاژەی بـەوەشـکـرد: لە مـانـگـی (ئەیلول)یشەوە لەسەر بیرو بۆچوونی جیاواز لەسەر کار لابراون، بەڵام ئێستا لەسەر بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم دانراونەتەوەو جارێکی دیکەش فەرمانی لابردنیان پێ گەیشتووە.

پێشتر شێخ حسێن مستەفا، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی، رایگەیاندبوو: «هەموو مامۆستایان دەگێڕینەوە شوێنی خۆیان کە لەسەر بۆچوونی جیاوازی سیاسیی سـزادراون‌و دەبێت وا بزانن بڕیاری گەڕاندنەوەیان وا لەگیرفانیاندا».

کێشەی نانبڕاوەکان ماوەی چەندمانگێکە دڕێـژەی هەیە، ئەگەرچی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم بڕیاری گەڕاندنەوەی بۆ گشت نانبڕاوەکان دەرکـردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا لە فەرمانگە حکومیی‌و وەزاریەکاندا وەکو پێویست کار بەو فەرمانەی حکومەت ناکرێت.

پەیام ئەحمەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گـۆڕان‌و هەماهەنگی نـێـوان گـۆڕان‌و حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری نانبڕاوەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بۆ چارەسەری کێشەی نانبڕاوەکان بە تەنیا وەزارەتی پـێـشـمـەرگـەو وەزارەتی پەروەردە ئەو بڕیارەی سەرۆکی حکومەتییان جێبەجێ کردووە، ئەگەرچی وەزارەتـــی پـــەروەردە هاوکارییەکی باشی کردووین بۆ ئەو کەسانەی کە دەرکراون‌و نەگەڕاونەتەوە، بەڵام ئێستا سستی‌و ساردبوونەوەیەک بە کارەکانەوە دەبینرێت».



(ڕۆژنامە) چەندجارێک پەیوەندیی کرد بە مامۆستا کەمال نوری، بەڕێوەبەری پـەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، بەڵام ئامادەنەبوو لـەوبـارەیـەوە لـێـدوان بۆ ڕۆژنامە بدات.

کوردەکان ئەمجارە نافڕن



نەبەز گۆران

سەرکردایەتی کوردو سەرۆکایەتی هەرێم بەشێوە کۆن و کلتوورییەکە سەیری دانوستان دەکەن، ئەو شێوەیەی کە خێزانێک بۆ میوانێک یان بۆ دراوسێیەکی جێبەجێی دەکات

هەمیشە هەموومان ترسێکمان هەیە لە گفتوگۆکردن، ئەوەی لە شاخەکان بەدەستمان هێناوە لە ڕێگەی چەکو بەرگریکردنەوە، لەکاتی دانیشتنەکاندا ئەگەر نیوەیمان لەدەست نەچووبێت بەشێکیمان لەدەست چووە، ئاستی گفتوگۆکانی کورد لەگەڵ ئەوانەی دەرەوەی خۆی لە ئاستی خوانێکی خێزانیی تێنەپەڕیوە، هەمیشەش ئەو حاڵەتەی بووەتە هۆی لاوازکردنی کورد لەگەڵ دەرەوە، ئەو تێگەیشتنە خێزانی و ناسیاوییەیە بۆ دەرەوەی خۆی، ئێمە تائێستا لەناو هەرێمدا تیمێکی دیبلۆماسی شارەزای گفتوگۆمان نییە، تاکو ببنە خاڵی بەیەکبەستنی کوردو ئەوانی دی، ئەوەی هەمانە لەئاستی دیبلۆماسیدا نییە، بەڵکو لەئاستی خێزانی و حزبیدایە، هەمیشە شکست لەبەردەممانداییە نەک سەرکەوتن، گوتارێک ئەم دوو ئاستە کۆناکاتەوە، بەڵکو بەرژەوەندیی کۆیاندەکاتەوە، بەرژەوەندییەکانیش دەچنە ناو دااڵنە تاریکەکانەوە، نەک بەرژەوەندییەکی گشتیی و دەرکەوتەبن، بۆیە زۆرجار گفتوگۆکان لە خێزانێک یان چەند کارەکتەرێکی سیاسیی تێناپەڕن و ئەو هەوڵانەی پشت دانیشتنەکانیش ناخرێنە دەرەوە، تاوەکو بزانرێت دیوی ڕاستەقینەی ئیشکالەکان چین، تا خاڵە لاوازو گرنگەکان دەربکەون، بۆیە بەردەوام ئەوانەی دەرەوەی هەرێم پێیان باشە گفتوگۆکان لەم ئاستەدا بمێنێتەوە تاوەکو بتوانن لە سەروەختی بەهێزیی ئەواندا پاشەکشێی لێبکەن و ئاراستەی باڵانسەکە بەرەو بەرژەوەندیی خۆیان ببەن، لەئاستی هەڵەکان لێرەوە دەستپێدەکەن، واتە لە کورد خۆیەوە یان باشتر بڵێین لە ئاستی سەرکردایەتی کوردەوە هەڵەکان سەرهەڵدەدەن، ئەگەر لەئاستی هەرێمدا سیستمێک هەبێتو تیمێکی دیبلۆماتکاری تێگەیشتوو لەشێوەی گفتوگۆ ئامادەنەکرابێتو دانووستانەکان لەنێوان دوو بازنەی حیزبی و خێزانیی خول بخۆنەوە، زەرەرمەندی یەکەم هەرێمە نەک هێزەکانی دەرەوەی هەرێم، چونکە ئەوانەی دەوروبەرمان دەوڵەتیان هەیە و مانایەکی سیاسیی و گشتییان هەیە لە دەرەوە، بەاڵم بۆ ئێمە هێشتا ئەم حاڵەتە نەهاتووەتەدی، ئەگەر بە وردیی هەنگاونەنێین تووشی کەوتن دەبین، چونکە خوانەکە هی ئێمە نییە، هی ئەوانەو ئێمە دەچینە سەری، ئەگەر بە پـــرۆژەوە نەچینو شەفافانە دەرینەخەین لە هەموو حاڵەتێکدا برینێک بۆ کورد جێدەمێنێت، ناکرێت بەرلەوەی پەنجە بخەینە سەر هەڵەکانی هەرێم، دەست بۆئەوانی تر ببەین، ئـــەوەی زۆر نیگەرانیی لەگەڵ خۆی دەهێنیت سەرۆکایەتی هەرێم یەکێکە لەو شوێنە گرنگانەی هەرێم، کە هەرگیز ستراتیژێکی درێژخایەنو سیستماتیکی نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو شوێنانەی لە دەرەوەی هەرێمن، ئەگەر دانوستانێکیش هەبێت لە ئاستی دۆستایەتی زیاتر تێناپەڕێت، دۆستایەتیش لە بازنەی دیبلۆماسیدا یەکێکە لە خاڵە سەرەتاییەکان، ئەوەی گرنگە لە گفتوگۆ دانوستان، پرۆژەو ڕێکەوتنامەی گرنگە، نەک کۆبوونەوە لەسەر خوانی دۆستایەتی، سەرکردایەتی کوردو سەرۆکایەتی هەرێم بەشێوە کۆن و کلتوورییەکە سەیری دانوستان دەکەن، ئەو شێوەیەی کە خێزانێک بۆ میوانێک یان بۆ دراوسێیەکی جێبەجێی دەکات، لەنێوان دراوسێکاندا گرنگە خۆشەویستی هەبێت، بەاڵم لەئاستی هاونیشتمانی و هاوشارییووندا خاڵێکی گرنگە، لەم دوو بازنەیە چووە دەرەوەو بووە هــەرێمو دەوڵـــەت، ئیدی کۆمەڵێک بنەمای تر دێنە شوێنی زۆر لەوە گەورەترن بەشێوەی دۆستایەتی کۆتاییان بێت، کەچی سەرکردایەتی کورد هەر لەئاستە بچووکەکەدا مامەڵە لەگەڵ ئاستە گەورەکان دەکات.

کوردەکانی ناو بازنەی سەوز

عێراق هێشتا نەبووەتە دەوڵەتێک بتوانێت ئاراستەی سیاسیی خۆی بەڕێوەببات، دەوڵەتی عێراق لە ناوچەی سەوز خۆی داپۆشیوە، لە دەرەوەی ناوچەی سەوز هێزگەلێکی زۆر هەیە، کە زۆربەی شەقامو شوێنەکانی عێراق ئاراستە دەکەن، کورد دوای بەعس مامەڵە لەگەڵ ناوچەی سەز دەکات، مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەی عێراقی ناکاتو پێیوایە کێشەکانی کورد تەنیا لەئاستی سیاسیدان، سەردەمانی بەعس هەوڵێکی زۆر هەبوو بۆ شێواندنو ناکۆکیی نێوان کۆمەڵگەی عێراقی «واتە عەرەب» لەگەڵ کوردا، ئەم هەوڵەی بەعس هەوڵێکی سەرکەوتوو نەبوو، چونکە کێشەی کورد لەگەڵ عەرەب نەبوو، بەڵکو لەگەڵ سیستمی بەڕێوەبردنی بەعس بوو، بەاڵم پاش بەعس ئەم ناکۆکییانەی کورد لەئاستی سیاسییەوە هاتە ئاستی کۆمەاڵیەتی، هەڵەکەش لەسەرکردایەتی سیاسیی کوردبوو، چونکە ئەوان هاتن کێشەی کوردیان لەئاستی دەسەاڵتەوە خستە ئاستی کۆمەاڵیەتیش.


نەیانتوانی ئەو هەوڵەی بەعس کۆتایی پێبهێنن، بەڵکو ئەوەیان کرد کە بەعس دەیویست، ئێمە زۆرمـــان بیستووە لە سەردەمی حوکمڕانیی بەعس هیچ ئیشکالێک نەبووە بۆ کورد لە ڕووە کۆمەاڵیەتییەکەیداو مەترسییەک لەو پەیوەندییە نەبووە لەنێوان هەردوو نەتەوەدا هەبووە، بەاڵم بۆ دوای بەعس کێشەکە تەنیا لەئاستی سیاسەتو دەسەاڵتدا خۆی نەگرت، بەڵکو هاتە ئاستی کۆمەاڵیەتیش و لێکترازانێک ڕوویدا، گوناهباری یەکەمیش هــەردوو حیزبی دەســەاڵتدار بوون، چونکە ئەوان کاتێک چوونە ناو ئەو شارانەی هی کورد بوون و نەتەوەی تریان تێدابوو، چوونێکی عاقاڵنە نەبوو، چوونێکی میلیشیانەیان پەیڕەوکرد، چوونێک بوو هەم ئازاری بە کورد گەیاند لەو ناوچانەو هەم ئازاری بە ئەوانی دیکەش گەیاند، نەبوونی پرۆژە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هێزەکانی دیکەی دەرەوە، زیندووکردنەوەی دوژمنی خەوتووە، پارتی و یەکێتی کە دەموچاوی ئەوکاتی کوردبوون، دیوە ناشرینەکەی کوردیان پیشاندا، ئەم دیوە ناشرینەی کوردیش تەنیا لە ئاستە سەربازیی و سیاسییەکەیدا دەرنەکەوت، بەڵکو شـــۆڕبـووەوە بۆ ئاستی خـــوارەوە، بۆیە کوردبوون لەو شێوانەی کە پێشتر دەرکەوت شێواویی بەسەرداهات، هەرچۆن ئێستاش کێشەکان بەهەمان ئاقاردا دەچنو بە هەمانشێوەش لە ئایندەدا ئەگەر پەنجە لەسەر ئەو خاڵانە دانەنێین زۆر زەحمەتە کورد بتوانێت هەنگاوی گەورە بهاوێت.

مامەڵەی ئێستای کورد چەندە مامەڵەیەکی سیاسیی بێت لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی عـێـراق، گرنگیشە ئـەوەنـدە مامەڵەیەکی کۆمەاڵیەتیو ئایینیش بێت لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکان، نابێت کورد ستوونیی بچێتە ناو عێراقەوە، چونکە کێشەکانی ناو عێراق ئاسۆیین، ڕۆیشتنی ئێمە بە تاقە ڕێگەیەک بۆ ناو عێراق، گەڕانەوەمانە بۆ ڕابردوو بە دیوە خراپەکەیدا، هەرچۆن گرنگە لە ئاستی سیاسییو دەسەاڵتدا پرۆژەمان هەبێت بۆ قورسکردنی کـورد لە ناوەندا، ئاوەهاش پێویستە پرۆژەمان هەبێت بۆ تایپە ئایینیو کۆمەاڵیەتییەکەی تا دیوەکەی تری کورد پیشانبدەین، کە جیاواز بێت لەو دیوەی پارتی و یەکێتی کە لە پیشتردا پیشانیاندا، کێشەی کورد لەگەڵ عێراقدا تەنیا کێشەیەک نییە لەناو بازنەی ســـەوزدا بخولێتەوە، بەڵکو کێشەیەکە چەند تایپێکی دیکەی هەیە، تیمەکانی ئێمە با تەنیا بیر لە دەروازەی سەوز نەکەنەوە، بەڵکو بیر لە دەروازە ئایینییەکانی ناو عێراقو دەروازە کۆمەاڵیەتییەکانی ئاستی کۆمەڵگەش بکرێتەوە، چونکە کورد لەئاستی شەقامی عێراقیشدا بێزراوە بەهۆی هەڵەکانی ماوەی ڕابردووی، چاککردنەوەی ئەم دەردانە تەنیا لەئاستی سیاسیدا نییە، بەڵکو لەئاستی شەقامیشدایە.

خەمی کورسییەکان، یان خەمی گشتیی؟!

جگە لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، کە قسە لەسەر شتی گەورە دەکەن بۆ ئاییندەی کورد، خەمێکی دی بەدی ناکەین، ئەوەی دەیبینین لەناو گوتاری پارتیو یەکێتیدا، کە گوتاری دەسەاڵتە، بچووککردنەوەی داواکانی کوردە بۆ کورسییەک یان وەرگرتنی دەسەاڵتێک، هــەردوو هێز تا ئەم حاڵەتەش لە خەمی ئەوەدان شوێنێک بدۆزنەوە بۆ تاڵەبانی کە بەدڵی بێت، وەک ئەوەی بڵێین کێشەی کورد لەم سەردەمەدا تەنیا شوێنێکە بۆ تاڵەبانی، لە دەرەوەی ئەم حاڵەتە قسەیەکی تر نابینین باس لە بوونی کورد بکات لەناو دەسەاڵتدا، لە بری شوێنێک بۆ تاڵەبانی، دەبوایە سەرکردایەتی دەسەاڵتی کورد بیر لە وەرگرتنی ئەو شوێنانە بکاتەوە کە بەرژەوەندین بۆ کورد بەگشتیی، نەک بیر لەوە بکاتەوە بەرژەوەندیی بخاتە ژێر هەیمەنەی خەونی تاقە کەسێک، وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماریی هیچ حیکمەتێک بە ئاییندەی کورد ناگەیەنێت، لەبری ئەو پۆستە کورد بەشوێن وەزارەتە گرنگەکاندا بگەڕایە باشتر دەبوو، هەرچەندە زۆر قورسە کورد بەم ڕێژە کەمەی کورسیو بەم شێواوییەی ناوماڵی خۆیەوە بتوانێت قورسایی خۆی وەک پەرلەمانی پێشوو دەستنیشان بکات، بەاڵم وەستان لەسەر بابەتە گشتییەکان ئەرکی تیمی گفتوگۆیە، خۆ چیرکردنەوەش بۆ وەرگرتنی کورسییەک کۆتاییهێنانە بە دەستکەوتەکانی دی، ئەوەندەی بۆ کورد گرنگە کار بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی بکات لەناو دەسەاڵتو شەقامی گشتیی عێراقدا، ئەوەندە گرنگ نییە خەیاڵدانی خۆی بخاتە سەر یەک شوێن، بەاڵم ئەگەر دیدی پارتیو یەکێتی، دیدی هەموو کورد بێت بۆ ئاییندەی کورد لە عێراق، دیدێکی الوازە، کورد بەم دیدە حیزبیو بەرژەوەندییە تایبەتییەی خۆیەوە هەرگیز پێیناکرێت بەسەر عێراقدا بفرێتو ئاستی هەرێمیش لاواز دەکات تا ئەو ئاستەی ئیدی قورسە، بتوانێت بەو ڕێژە کەمەی خۆیەوە باڵانسی دەسەاڵت رابگرێتو بەرژەوەندییە گشتییەکانی خۆی بپارێزێت.

شارە بێخاوەنەکەم، کەرکوک...!!



داناعەسکەر

ئەگەر بەبیرتان بێت، ئێمە زۆرجار لافوگەزافی ئەوە لێدەدەین کە کەرکوک لە قۆناغی حەفتاکاندا مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کـــورد بـــووە، هــەمـــوو نـــووســـەرانو ڕۆشنبیرانی کورد لەم شـارەوە هەوڵو بڕەویان بەتوانای خۆیان کە یەکسانە بەتوانای کورد، داوە، بەاڵم هەمیشە ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقو بەتایبەتی بەعس، ڕۆڵێکی تێکدەرانەیان هەبووە لە پەرتەوازەکردنی چەمکی ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیرانی کورد لەم شارەدا، ئەم دۆخە لەدوای حەفتاکانەوە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر کایە ڕۆشنبیریی و هونەرییەکانی کورد هەبووەو بووەتە مایەی بێدەنگکردنی کـورد لەم شـــارەدا. حەفتاکان کەرکوک مەڵبەندی کۆکردنەوەی هەموو ڕۆشنبیرو هونەرمەندانی کورد بوو، بەعس کە هەستی بەم مەسەلەیە کرد، کەوتە پلاندانان بۆ دورخستنەوەی بەشێکی زۆری نووسەرو هونەرمەندانی کـورد، ئـەم سیاسەتەی بەهێزیشدا بەهۆی پەرژینکردنی دەسەاڵت لەاڵیەن دوو کارەکتەرەوە یان بڵێین دوو هێزی خێزانییەوە، ئەم حاڵەتەش تائێستا قبوڵ کراوەو بەهەموو هەڵەکانەوە بەسەر کوردا تێپەڕیوە، هێزێکیش لە دەرەوەی ئەم دوو شوێنەوە نەبووە، کە ببێتە فشار لە سەریان تاوەکو گفتوگۆکان بەمشێوە هەواڵگرییە نەمێنەوەو ببێتە گفتوگۆی دیبلۆماسی سیاسیی.

هەڵەکان لێرەوە دەستپێدەکەن، واتە لە کـورد خـۆیـەوە یـان باشتر بڵێین لە ئاستی سەرکردایەتی کـوردەوە هەڵەکان سەرهەڵدەدەن، ئەگەر لەئاستی هەرێمدا سیستمێک هەبێتو تیمێکی دیبلۆماتکاری تێگەیشتوو لەشێوەی گفتوگۆ ئامادەنەکرابێتو دانووستانەکان لەنێوان دوو بازنەی حیزبیو خێزانیی خول بخۆنەوە، زەرەرمەندی یەکەم هەرێمە نەک هێزەکانی دەرەوەی هەرێم، چونکە ئەوانەی دەوروبەرمان دەوڵەتیان هەیەو مانایەکی سیاسییو گشتییان هەیە لە دەرەوە، بەاڵم بۆ ئێمە هێشتا ئەم حاڵەتە نەهاتووەتەدی، ئەگەر بە وردیی هەنگاونەنێین تووشی کەوتن دەبین، چونکە خوانەکە هی ئێمە نییە، هی ئەوانەو ئێمە دەچینە سەری، ئەگەر بە پـــرۆژەوە نەچینو شەفافانە دەرینەخەین لە هەموو حاڵەتێکدا برینێک بۆ کورد جێدەمێنێت، ناکرێت بەرلەوەی پەنجە بخەینە سەر هەڵەکانی هەرێم، دەست بۆئەوانی تر ببەین، ئـــەوەی زۆر نیگەرانیی لەگەڵ خۆی دەهێنیت سەرۆکایەتی هەرێم یەکێکە لەو شوێنە گرنگانەی هەرێم، کە هەرگیز ستراتیژێکی درێژخایەنو سیستماتیکی نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو شوێنانەی لە دەرەوەی هەرێمن، ئەگەر دانوستانێکیش هەبێت لە ئاستی دۆستایەتی زیاتر تێناپەڕێت، دۆستایەتیش لە بازنەی دیبلۆماسیدا یەکێکە لە خاڵە سەرەتاییەکان، ئەوەی گرنگە لە گفتوگۆ دانوستان، پرۆژەو ڕێکەوتنامەی گرنگە، نەک کۆبوونەوە لەسەر خوانی دۆستایەتی، سەرکردایەتی کوردو سەرۆکایەتی هەرێم بەشێوە کۆن و کلتوورییەکە سەیری دانوستان دەکەن، ئەو شێوەیەی کە خێزانێک بۆ میوانێک یان بۆ دراوسێیەکی جێبەجێی دەکات، لەنێوان دراوسێکاندا گرنگە خۆشەویستی هەبێت، بەاڵم لەئاستی هاونیشتمانی و هاوشارییووندا خاڵێکی گرنگە، لەم دوو بازنەیە چووە دەرەوەو بـووە هــەرێـمو دەوڵـــەت، ئیدی کۆمەڵێک بنەمای تر دێنە شوێنی زۆر لەوە گەورەترن بەشێوەی دۆستایەتی کۆتاییان بێت، کەچی سەرکردایەتی کورد هەر لەئاستە بچووکەکەدا مامەڵە لەگەڵ ئاستە گەورەکان دەکات.

کوردەکانی ناو بازنەی سەوز

عێراق هێشتا نەبووەتە دەوڵەتێک بتوانێت ئاراستەی سیاسیی خۆی بەڕێوەببات، دەوڵەتی عێراق لە ناوچەی سەوز خۆی داپۆشیوە، لە دەرەوەی ناوچەی ســەوز هێزگەلێکی زۆر هەیە، کە زۆربەی شەقامو شوێنەکانی عێراق ئاراستە دەکەن، کورد دوای بەعس مامەڵە لەگەڵ ناوچەی سەز دەکات، مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەی عێراقی ناکاتو پێیوایە کێشەکانی کورد تەنیا لەئاستی سیاسیدان، سەردەمانی بەعس هەوڵێکی زۆر هەبوو بۆ شێواندنو ناکۆکیی نێوان کۆمەڵگەی عێراقی «واتە عەرەب» لەگەڵ کوردا، ئەم هەوڵەی بەعس هەوڵێکی سەرکەوتوو نەبوو، چونکە کێشەی کورد لەگەڵ عەرەب نەبوو، بەڵکو لەگەڵ سیستمی بەڕێوەبردنی بەعس بوو، بەاڵم پاش بەعس ئەم ناکۆکییانەی کورد لەئاستی سیاسییەوە هاتە ئاستی کۆمەاڵیەتی، هەڵەکەش لەسەرکردایەتی سیاسیی کوردبوو، چونکە ئەوان هاتن کێشەی کوردیان لەئاستی دەسەاڵتەوە خستە ئاستی کۆمەاڵیەتیش.

نەیانتوانی ئەو هەوڵەی بەعس کۆتایی پێبهێنن، بەڵکو ئەوەیان کرد کە بەعس دەیویست، ئێمە زۆرمـــان بیستووە لە هاتنەوە هۆشی خۆیان، بەاڵم ئەوەی مایەی نیگەرانیی نووسەرانو ڕۆژنامەنووسانی کەرکوکە، بەداخەوە هەرزوو ئەو دەزگا بەناو ڕۆشنبیرییانە پەشیمانبوونەوەو کەرکوکیان خستە ژێـر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانەوە، دەرگـای ئەو بەناو دەزگا ڕۆژنامەنووسیو ڕۆشنبیرییانەیان بچوککردەوەو بەبێ ئەوەی حیسابێک بۆ ئەو خەڵکانە بکەن کە پێشتر دامەزرابوون، ئەگەر خەمخۆرانی شارەکەمان ئەمانەبن، ئەی دوژمنەکانمان کێن.

من تێناگەم کە جیاوازی چییە لەنێوان ئـەوانـەی ڕۆشنبیرانی کەرکوکیان لە کـەرکـوک وەدەرنـــا لـــەگـــەڵ ئـــەوانـــەی ڕۆشنبیرانی کەرکوکیان پەراوێزخستووە، ئەوەتا ڕۆژبەڕۆژ ئەو دەزگایانەی کە پێشتر لە کەرکوک کرانەوەو بەناوی کەرکوکەوە لافوگەزافیان لێدەداو خۆیان لەسەر کەرکوک حسێب دەکرد، واخەریکە لە کەرکوکییەکانی تەسک دەکەنەوەو پشتیان تێدەکەنو بەبێ هیچ حیسابێک، دەیانێرنەوە ماڵەوە. ئەمەیە دڵسۆزیتان بەرامبەر کـەرکـوک، کوان ئەوانەی موزایەدە بەکەرکوکەوە دەکەن، کوا ڕۆژنامەی ئاسۆ کە زیاد لەچوارلاپەڕەی لە کەرکوک دەردەچـــوو، زیـاد لە «١٥» ڕۆژنامەنووسی ئەم شارە لەوێ کاریان دەکرد، ئەمە خەمخۆری ئێوەیە بۆ کەرکوک، یان نازانم ناوی بنێم چی، ئەوەتا دەزگای شەفەقیش بەدەردی ئەوانی دی، کەرکوکی لە کەرکوکییەکان کرد بەدۆزەخو بەشێکی زۆری ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ناردەوە ماڵەوە، بێئەوەی حیساب بۆ کەرکوک بکات، پێشتریش ڕۆژنامەی کەرکوکی ئەمڕۆتان داخست. ئەگەر ئێوەمانان بەم شێوەیە خەمخۆری کەرکوکن و دەتانەوێت کەرکوک کوردستانی بێت، حاشا کوردستانیبوونی کـەرکـوکـو کـارکـردن بـۆ چوانکردنی کەرکوک بەم شێوەیە نابێت، بەڵکو ئەوەی ئێوە دەیکەن، ناشیرینکردنی کەرکوکو گەڕانەوەی بۆ ئەو دۆخەی کە دوژمنەکانمان کاریان بۆ دەکرد، دەبوو ئێستا کەرکوک زۆرترین دەزگای ڕۆشنبیریی تێدا بووایە، نەک پەشیمان ببنەوە لەوەی هەشتانبوو، ئاخر ناهەقمە بڵێم، کەرکوک خاوەنی زۆرەو خەمخۆری نییە؟

ئـێـوە لـەبـری ئـــەوەی نـووســەرانـی کۆمەڵگەش بکرێتەوە، چونکە کورد لەئاستی شەقامی عێراقیشدا بێزراوە بەهۆی هەڵەکانی ماوەی ڕابردووی، چاککردنەوەی ئەم دەردانە تەنیا لەئاستی سیاسیدا نییە، بەڵکو لەئاستی شەقامیشدایە.

خەمی کورسییەکان، یان خەمی گشتیی؟!

جگە لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، کە قسە لەسەر شتی گەورە دەکەن بۆ ئاییندەی کورد، خەمێکی دی بەدی ناکەین، ئەوەی دەیبینین لەناو گوتاری پارتیو یەکێتیدا، کە گوتاری دەسەاڵتە، بچووککردنەوەی داواکانی کوردە بۆ کورسییەک یان وەرگرتنی دەسەاڵتێک، هــەردوو هێز تا ئەم حاڵەتەش لە خەمی ئەوەدان شوێنێک بدۆزنەوە بۆ تاڵەبانی کە بەدڵی بێت، وەک ئەوەی بڵێین کێشەی کورد لەم سەردەمەدا تەنیا شوێنێکە بۆ تاڵەبانی، لە دەرەوەی ئەم حاڵەتە قسەیەکی تر نابینین باس لە بوونی کورد بکات لەناو دەسەاڵتدا، لە بری شوێنێک بۆ تاڵەبانی، دەبوایە سەرکردایەتی دەسەاڵتی کورد بیر لە وەرگرتنی ئەو شوێنانە بکاتەوە کە بەرژەوەندین بۆ کورد بەگشتیی، نەک بیر لەوە بکاتەوە بەرژەوەندیی بخاتە ژێر هەیمەنەی خەونی تاقە کەسێک، وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماریی هیچ حیکمەتێک بە ئاییندەی کورد ناگەیەنێت، لەبری ئەو پۆستە کورد بەشوێن وەزارەتە گرنگەکاندا بگەڕایە باشتر دەبوو، هەرچەندە زۆر قورسە کورد بەم ڕێژە کەمەی کورسیو بەم شێواوییەی ناوماڵی خۆیەوە بتوانێت قورسایی خۆی وەک پەرلەمانی پێشوو دەستنیشان بکات، بەاڵم وەستان لەسەر بابەتە گشتییەکان ئەرکی تیمی گفتوگۆیە، خۆ چیرکردنەوەش بۆ وەرگرتنی کورسییەک کۆتاییهێنانە بە دەستکەوتەکانی دی، ئەوەندەی بۆ کورد گرنگە کار بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی بکات لەناو دەسەاڵتو شەقامی گشتیی عێراقدا، ئەوەندە گرنگ نییە خەیاڵدانی خۆی بخاتە سەر یەک شوێن، بەاڵم ئەگەر دیدی پارتیو یەکێتی، دیدی هەموو کورد بێت بۆ ئاییندەی کورد لە عێراق، دیدێکی الوازە، کورد بەم دیدە حیزبیو بەرژەوەندییە تایبەتییەی خۆیەوە هەرگیز پێیناکرێت بەسەر عێراقدا بفرێتو ئاستی هەرێمیش لاواز دەکات تا ئەو ئاستەی ئیدی قورسە، بتوانێت بەو ڕێژە کەمەی خۆیەوە باڵانسی دەسەاڵت رابگرێتو بەرژەوەندییە گشتییەکانی خۆی بپارێزێت.

ئێوە هێندە ڕۆشنبیری کەرکوکتان سوک کرد، تا گەیشتە ئەوەی پێمان بڵێن، بۆ کەرکوک ڕۆشنبیری تیایە!؟

گەڕەکی ئەنفالکراوەکان، بێ خزمەتگوزارییە

ئاری لوقمان، چەمچەماڵ

گەڕەکی ئەنفالەکانی چەمچەماڵ، داوای تەواوکردنی ئەو پڕۆژە خزمەتگوزارییانە دەکـات کە بەتەواونەکراوپی لەلایەن کۆمپانیای بەڵێندەرەوە بەجێهێڵراون.

بـەشـێـکـی زۆری پـڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی گەڕەکی (٥١)ی ئەنفالەکان کە دەکەوێتە خۆرئاوای شاری چەمچەماڵەوە، بەتەواونەکراوپی لەلایەن کۆمپانیایەکەوە بەجێدەهێڵرێنو ئەمەش ناڕەزایی لای هاوڵاتییان دروستکردووە.

سدیق عەبدوڵڵا، بە ڕۆژنامەی وت: «دانیشتووانی ئەم گەڕەکە، کەسوکاری ئـەنـفـالـکـراوانـن، دەبـووە زۆرتـریـن خزمەتگوزارییان پێشکەش بکرایە، نەک کۆمپانیایەک کارەکەی بەتەواونەکراوپی بەجێهێڵێتو تا ئێستا حکومەتیش سزای نەدابێت».

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەگەر بڕیپلانی نەبێت، پێویست بوو پێش دروستکردنی خانووەکان، پـڕۆژەی خزمەتگوزاریی تەواوبکرایە.

هاوڵاتی، ڕەعنا مەحمود، دانیشتووی ئـەو گـەڕەکـە، سەرقاڵی کـارکـردن بوو لـەخـانـووەکـەیـداو بـە ڕۆژنـامـەی وت: «پێویستمان بە قیرتاوکردنی کۆڵانەکانو ئاوی خواردنەوەو دروستکردنی ئاوەڕۆی گەڕەکەکە هەیە».

جـێـبـەجـێـکـردنـی پـڕۆژە خـزمـەتـگـوزاریـیـەکـانـی ئـاوەڕۆو تێکەڵەڕێژکردنی شەقامەکانو دانانی کریبستۆنو ڕاکێشانی تۆڕی ئاو بۆ گەڕەکی ئەنفالەکان، لەلایەن کۆمپانیای بانەڕەوە بووە کە لە (٢٠٠٩/١٠/١٢)ەوە دەستبەکاربووە تێیدا، ماوەی تەواکردنی پڕۆژەکە (٢٥٠)ڕۆژ بووە، بەڵام لە (٢٠١٠/٢/١٥)دا کۆمپانیاکە کارەکەی بەتەواونەکراویی بەجێهێشتووە.

ئـەنـدازیـارانـی سـەرپـەرشـتـیـار، عەبدولقادر محەمەدو ئەحمەد جەبار لە شارەوانیی چەمچەماڵ بە ڕۆژنامەیان وت: «ڕوونـکـردنـەوە لەسەر کارەکانی کۆمپانیاکەو چـارەسـەری تەواوکردنی پـڕۆژەکـە پەیوەندیی بە لیژنەی باڵای بووژاندنەوەی گەرمیانەوە هەیە».

لەبەرامبەردا نەجات نەقشبەندیی، ئەندامی لیژنەی بـاڵای بووژاندنەوەی گەرمیان، بە ڕۆژنامەی وت: «ئەو کۆمپانیایە، بەپێی یاسا کارەکەی لێوەرگیراوەتەوەو بڕیارە بدرێتە کۆمپانیایەکی دیکەو سزای یاسایی کۆمپانیای پێشووش، تەنیا (سحب العمل)ە».

گەڕەکی ئەنفالەکان، نزیکەی (٣٠٠٠) ماڵ دەبێتو پێشتر زەوییەکانیان لەلایەن شارەوانیی چەمچەماڵەوە پێدراوەو لەسەر بودجەی (٢٠٠)ملیۆن دۆلاری کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت لە گەرمیان، حکومەتی هەرێم بڕیاری دروستکردنی ئەو خانووانەی داوە بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال لە سنوورەکەدا.

دۆڵی ئاکۆیان، داوای چاککردنی ڕێگەکانیان دەکەن

ئەحمەد باڵەکی

شۆفێرانی دۆڵـی ئاکۆیان بەهۆی خراپی ڕێگەوبانەکانیانەوە لە ڕەوشێکی خراپدا هاتوچۆ دەکەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو ناوچەیە چەند سەیرانگەیەکیشی تێدایەو هاوڵاتیان بـەردەوام ڕووی تێدەکەن.

هـێـرش بـەکـر، یەکێکە لە شۆفێرەکانی دۆڵی ئاکۆیانو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەڕاستی ئەمە ژیـان نییە ئێمە تێیداین، چونکە کاتی خۆی ڕژێمی بەعس ئەم ڕێگەیەی بۆ لەناوبردنی کـورد دروستـکـردبـوو، بەڵام ئێستاش حکومەتی هەرێم ئەم ڕێگەیەمان بۆ نۆژەن ناکاتەوە».

زیاتر لە (١١) گوندی دۆڵی ئاکۆیان لەبەر خراپیی ڕێگەی سەرەکیی ناوچەکەیان دەناڵێنو شوفێرانی ئەم هێڵانەش باس لەوە دەکەن: کە دەبێت مانگانە چەند جارێک ئۆتۆمبێلەکانیان لای فیتەرەکان چاکبکەنەوە.

شوفێرێکی تر باس لەوە دەکـات: کە جگە لـەوەی ئەم ڕێگەیە (١١) گوندی لەسەرە، لە هەمانکاتدا ئەم ڕێگەیە چەندین شوێنی گەشتیاریی لەسەرەو سالانە بەتایبەت لە وەرزی هاوینداو بە هەزاران گەشتیار ڕوو لەم ناوچانە دەکەن.

لای خـۆشـیـەوە سـیـروان سیرینی، قایمقامی ڕەوانـدز بـەڕۆژنـامـەی ڕاگـەیـانـد: «لـە بـەرنـامـەی ئەمسالماندا قیرتاوکردنی ڕێـگـەی دۆڵـی ئاکۆیان لە سـنـووری قـەزای ڕەواندز هەیە، کە بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتـی ئـاوەدانـکـردنـەوە (ملیارێکو ٧٥٠ ملیۆن) دیناری تەرخانکردووە».

خراپیی ڕێگەوبانەکان یەکێکن لـە هـۆکـارە سەرەکییەکانی ڕووداوی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستاندا، بەپێی ئاماریکی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی هاتوچۆی هەرێمی کوردستانیش لە پێنج مانگی یەکەمی ئەمسالدا لە سلێمانی (١٠٣) هاوڵاتیو (٦٨) هـاوڵاتـیو لـە کـەرکـوک (٦٧) هاوڵاتیو لە دهۆک (٣٧) هاوڵاتی بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە گیانیان لەدەستداوە.

هێرش بەکر باس لـەوەش دەکات: کە مانگانە لای کەمی سێ جار ئۆتۆمبیلەکەی دەباتە لای فیتەر بۆ سیانەکردنی، ئەمەش بەهۆی خراپیی ڕێگەی سەرەکیی دۆڵی ئاکۆیان.

ڕێگەی دۆڵـی ئاکۆیان، کە زیاتر لە (١١) گوندی لەسەرە کە کاتی خۆی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دروستکراوە، بەڵام لەوکاتەوە حکومەتی هەرێم نۆژەنی نـەکـردووەتـەوە، ئەم سنوورەش لەڕووی ئیداریەوە سەر بە قەزای ڕەواندزە.



گەنجانی بنگرد: حکومەت پشتگوێی خستووین



ڕاپۆرتی: شاسوار مامە

گەنجانی ناحیـەی بـنـگـرد، نـیـگـەرانـن لە پەراوێزخستنیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوەو ئاماژە بەوەدەکەن لە ناحیەکەیاندا هیچ پڕۆژەیەکی خـزمـەتـگـوزاریـی تـایـبـەت بـە گەنجانیان بۆ جێبەجێنەکراوە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە بە وتەی بەشێک لەو گەنجانە، چەندینجار داوایان کردووە کە یاریگایەکی تۆپی پێو کتێبخانەیەکو سەنتەرێکی ڕۆشنبیریو مەلەوانگەیان بۆ دروستبکرێت، بەڵام داواکانیان پشتگوێخراون.

دلێر بایز، کە گەنجێکی ناحیەی بنگردە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هیچ پڕۆژەیەک کە خزمەت بە گەنجان بکات، لە ناحیەکەماندا جێبەجێ نەکراوە، چەندینجاریش داواکاریمان پێشکەشی بەرپرسان کردووە، یاریگایەکو کتێبخانەو سەنتەری گەنجانمان بۆ دروست بکرێت، بەڵام داواکەمان پشتگوێخراوە».

ئامارێکی ڕەسمیی نییە کە دەربـبـخـات لە ئێستادا لەسەدا چەندی گەنجی لادێکان هاتوونەتە شارەکانەوە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاریی لە لادێو ناحیەو قەزاکاندا، ئەو گەنجانەش کە ناتوانن بێنە شارەکانەوە نیشتەجێبن، ڕۆژانە بۆ کار دەچنە سەنتەری شارەکانەوەو ئێوارەن دەچنەوە لادێکانیان.

توانا محەمەد، کە گەنجێکی دیکەی ناحیەی بنگردە، خۆیو گەنجەکانی تری بنگرد بە بێبەش دەزانێت لە خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی هەرێمو داوا دەکات کە حکومەت ئاوڕیان لێ بداتەوە.

هـاوکـات، بەرپرسێکی ناوچەکەش، کەمیی بودجە وەک پاساوی ئەنجام نەدانی ئەو پڕۆژانە دەهێنێتەوە.

حسێن مەحمود، بەڕێوەبەری ناحیەی بنگرد، ئاماژە بـەوە دەکـات: ئەمسالْ لە ناحیەکەیاندا کتێبخانەیەکو یاریگایەک دروست دەکرێن، بەڵام بەهۆی کەمیی بودجەوە ناتوانن داواکارییەکانی دیکە جێبەجێبکەن.

بەڕێوەبەری ناحیەی بنگرد، وتیشی: «بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، دروستکردنی یاریگاکە دواکەوتووەو ئێستا چارەسەرکراوەو ڕەزامەندیی وەزارەتی ڕۆشنبیریمان وەرگرتووە بۆ دروستکردنی کتێبخانە».

حسێن مەحمود، پێیوایە: بەهۆی کەمیی بودجەوە، ناتوانین سەنتەری گەنجانو مەلەوانگە دروست بکەین، بەڵام هەوڵدەدەین لە ساڵی ئایندەدا ئەو پڕۆژانە جێبەجێ بکرێن.

کوا چارەنووسی باوکم؟

نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان:

– مام جەلال سەرکۆماری عێراق
– کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم
– د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆک وەزیرانی هەرێم
– پەرلەمانی کوردستان

بەڕێزان، وا بۆ حەوت ساڵ دەڕوات بریندی دووریی باوکمانِ ئازارمان دەدات، بۆ سۆراغی ئەو هەوڵی زۆرمـان داو لەدەرگای زۆر بەرپرسو دەسەڵاتمان دا، بەڵام بەداخەوە هیچ کەس بەتەنگمانەوە نەهات، لە کوردستانی ئێستادا نەنگییە شوێن بزربوونی هاوڵاتییەکی خەمخۆری وەک باوکمان، کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە چیدی لەهەمبەر ئەم ئازادییەدا ڕاچڵەکێینو باوەڕمان بە بوونی وەها ئازادییەک نەبێت، کە گومانمان لە ئەمنیەتی ژیانمان هەبێت، بۆیە وا حـەوت ساڵ بەسەر ئەم ناسۆرییەماندا دەگوزەڕێنینو دەنگمان دەگەیەنینە لای ئێوەی بەرپرسانی ئەم هەرێمە، بۆ ئەوەی لەهەر دۆخێکی گـوزەڕانو ژیانی باوکمان ئاگادارمان بکەنەوە، کە ئەگەر لەژیاندا ماوە ئەوا چاوەکانمان بە بینینی ڕووناک بکەنەوەو گەر گیانیشی سپاردووە ئەوا لاشەکەیمان بدەنەوە! با هیچ نەبێت جار جارە لەسەر گڵکۆکەی داخـی حـەسـرەتـی خۆمان هەڵڕێژین.

بـەڕێـزان تـکـایـە بـەتـەنـگ ئـەم داواکارییەمانەوە بێنو ژیانمان بە تەمەنی باوکمان ببەخشنەوە، چونکە ڕۆژانێکی سەختو دژوارو هەستیار ئـەم پیاوە خەباتی بۆ ڕووخانی ڕژێمی عەفلەقی سەدام کردووەو لەسەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەی ئیسلامییدا وەک پێشمەرگەو پێشتریش وەک خۆنەویستێک ڕووبەڕووی داگیرکاریی و دوژمنکارانەی شۆڤێنییەکان بووەتەوە، لە کارەساتی هەڵەبجەدا وەک یاریدەدەری پزیشک گیانی دەیان بریندارو جەرگ سووتاوی ڕزگارکردووەو بەردەوام لە هەوڵـی ئەوەدا بووە گوزەرانێکی باش بێتە ئاراوە تا بەرهەمی ڕەنجی خۆی ببینێت، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەو ئاواتەی نەهاتە دیو لەم ئازادییو ژیانەی ئێستا بێبەش بوو، ئێستاش ئەمە هەوڵێکی دیکەی ئێمەیەو لەو ڕێگەیەوە جەنابتان ئاگادار دەکەینەوە، کە مەهێڵن ژیانی باوکمان لەمە زیاتر شوێن پێ بزر بێتو لە تاریکیی ئەم کوردستانە ڕۆشنەدا بێت، ئەگەر تاوانێکی وەهای کردووە دەرهەق بە خەڵکی کوردستانو ئێوەی بەڕێز، یان هەر کەسێکی دیکە، با پێکەوە بیدەینە دادگایەکی ڕەهاو تۆڵەی لـێ بکرێتەوە، ئەگەر شتێکی ئاواش لەئارادا نییە بێن بەدەممانەوە، چونکە تائێستا، نە دادگاو نە زیندانو نە سۆراغی باوکی ئازیزمان نازانین، ئێوەش بە خەمخۆری ئەم ولاتەو باوکی نیشتمان دەزانین، تکایە لە گوزەرانی باوکمان ئاگادارمان بکەنەوە.

دووبارە هیوامان سەرکەوتنتانەو هەر شادبن

زانیار عابد
کوڕە گەورەی عابد حەسەن
ناسراو بە مەلا عابد

چەند سەرنجێک لەسەر قسەکانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە (کوردستان تیڤی)



عەبدوڵڵای مەلا نوری

قەدەغەکردنی راگەیاندنەکان بەرتەسککردنەوەی ئازادیی کاری راگەیاندنەو ئەمە پێچەوانەی مادەی (٣٨)ی دەستووری عێراق و مادەی (٥٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و مادەی (٢)ی یاسای کاری ڕۆژنامەگەرییە

لەبەرنامەی(ئەمڕۆ) ی کەناڵی (کوردستان تیڤی)، شەوی (٢٠١٠/٦/١٠) کە میواندارى بەڕێز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان) ی کردبوو، گفتوگۆ لە بارەی بەشێک لە کاروبارەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە کرا، لێرەدا بە پێویستی دەزانم، لەسەر چەند خاڵێک بدوێم کە لەو بەرنامەیەدا لەلایەن جەنابیانەوە وروژێنران.

پرسیارێکی پێشکەشکاری بەرنامەکە پەیوەندیی بەو دۆخەوە هەبوو کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان ڕێگریی دەکات لە ڕووماڵکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان لەلایەن کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، لە وەڵامدا بەڕێز، سەرۆکی پەرلەمان باسی ئەوەی کرد، کە لە وڵاتاندا حیزب کەناڵی تەلەفزیۆنی نییەو لە هیچ وڵاتێکدا شتی وا نییە، کەناڵی حیزبیی بچێتە ناو هۆڵی پەرلەمانەوەو بەکەیفی خۆی چی پێ باش بێت بڵاوی بکاتەوە، ئەمەشی بە دەستێوەردانی حیزب لە دەسەڵاتی پەرلەمان زانیو لەو بارەیەوە وتی: «هەموومان دەبیستینو دەڵێین حیزب لە دەسەڵاتەکان جیا بکەنەوە، باشە، پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی ئیعلامی حیزبەکانی لە پەرلەمان جیا کردەوە، ئێستا ئەوان ئینتیقادمان دەکەنو هەجمە دەکەنە سەرمانو دەڵێن، بۆ نایەڵن ئیعلامی حیزبەکان بێتە ناو قاعەی فەرمی پەرلەمان کە لە هیچ کوێی دونیا شتی وا نییە، ئەوە غەڵەتە، هەر حیزبێک تەلەفزیۆنەکەی خۆی بهێنێو هەر لەقتەیەکی بە دڵ بوو، بڵاوی بکاتەوەو ئەوەشی بە دڵی نەبوو لایدا»، لێرەدا ئاشکرایە، پاساوی بەڕێز، سەرۆکی پەرلەمان لە قەدەغەکردنی بوونی کەناڵەکانی راگەیاندن لەناو هۆڵی پەرلەماندا، ئەوەیە (دەسەڵاتی حیزبو پەرلەمان لەیەک جیابکاتەوە)، لە راستیدا ئەو هەنگاوە دوورو نزیک نایەتەوە لەگەڵ ئەو مەبدەئەی کە بەڕێزیان دەیانەوێت کاری لەسەر بکەن، لانیکەم لەبەر ئەم هۆکارانە...

یەکەم: ئەو کاتەی بەڕێزیان کەناڵەکانی راگەیاندنی قەدەغە کرد لە هۆڵی پەرلەماندا، تەلەفزیۆنی نەورۆزیشی گرتەوە کە بەناو کەناڵێکی بێلایەنەو چەند ساڵێک بوو دانیشتنەکانی پەرلەمانی راستەوخۆ پەخش دەکرد، بەم پێیە دەبوو، کەناڵی نەورۆز وەکو پێشتر رووماڵی دانیشتنەکانی بکردایە، لەلایەکی تریشەوە لە کوردستاندا چەندین کەناڵی سەربەخۆ وجودیان هەیە، خۆ ئەگەر ڕێگریی دەکەن لە کەناڵە حیزبییەکان، با دەرفەت بۆ کەناڵە سەربەخۆکانی تر بڕەخسێنرایە، بێلایەنانە رووماڵی دانیشتنەکان بکەن.

دووەم: بەڕێزیان باسی ئەوە دەکەن کە کەناڵەکان هەرچییان پێ باش بوو، بڵاوی دەکەنەوەو ئەوانی تر بە لاوە دەخەن، لە راستیدا حەقە سەرۆکایەتی لەبیریان نەچێت کە ئەوە خۆیانن دانیشتنەکان بە مۆنتاجکراویی ڕەوانەی کەناڵەکانی راگەیاندن دەکەنو بەو شێوەیەی کە ئارەزوویانەو ئەزموونی چەند مانگی پێشتر ئەم راستییەی سەلماند.

سێیەم: لەکاتێکدا لەو بەرنامەیەدا، ئەو هەنگاوە بە جیاکردنەوەی حیزبو پەرلەمان دەزانێت، بەڵام لە شوێنێکی تردا و لە کاتێکی تردا، بەڕێز، سەرۆکی پەرلەمان باسی ئەوە دەکات کە هۆڵی پەرلەمان بچووکەو جێگەی ئەو هەموو کامێراو راگەیاندنکارانەی تێدا نابێتەوە، بۆیە بڕیارياداوە هۆڵێکی تایبەتیان بۆ دروست بکەن، لێرەوە دەپرسم ئەمانە لە پای چی؟ ئەی ئەگەر هۆڵەکە بچووکە، بۆچی ئەو ڕۆژەی سەرۆکی هەرێم هاتە پەرلەمان، چەندین پاسەوانی تایبەتی لە ناو هۆڵەکەدا جێگەیان بووەوە؟ ئایا ئەمە بێڕێزیی نییە بەرامبەر بە حەرەمی پەرلەمان؟ ئایا ئاسایشی سەرۆکی هەرێم لە ئاسایشی (١١١) ئەندام پەرلەمان گرنگترە؟ ئایا ئەمە ناچێتە خانەی تێکەڵکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتو پەرلەمانەوە؟.

چوارەم: لە بەشێکی تری قسەکانیدا، بەڕێزیان دەڵێت، لە هەموو دونیادا شتی وا نییە کە کەناڵی راگەیاندن بچێتە ناو هۆڵی پەرلەمانو باسی ئەوەش دەکات کە بردنە ژوورەوەی مۆبایلیش قەدەغەیە، لەو ڕووەوە نموونەی وڵاتی بەریتانیا دەهێنێتەوە کە لە ماوەکانی ڕابردوودا بە سەرۆکایەتی شاندێک چوونە ئەوێ، بەڵام باسی ئەوە ناکات، لە پەرلەمانی بەریتانیادا هەشت دانە کامێرا بە سیستمێکی دیجتاڵی راستەوخۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان بۆ خەڵک دەگوازنەوە، هەروەک بەڕێزیان لە ئێمە باشتر دەزانن، لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە دانیشتنی لیژنە هەمیشەییەکانیش راستەوخۆ بۆ هاوڵاتیان دەگوازرێنەوە.

بۆیە، دەڵێم بەڕێز، سەرۆکی پەرلەمان، حەق نییە بەو شێوەیەی کە بۆ خۆتان پێتان باشە لێکدانەوە بۆ شتەکان بکەنو تەنیا یەک دیویان پیشانی هاوڵاتیان بدەنو ئەو لایەنانەی بۆ خۆتان بەباشی دەزانن بخنەڕوو، ئەوی تریشی وەلا بخەن، لە راستیدا ئەو دەربڕینانە ڕێک یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەو گومانەی کە جەنابتان پێتانوایە، کەناڵەکانی راگەیاندن تەنیا ئەو لەقتانە بڵاودەکەنەوە کە بەدڵی خۆیانە، چونکە لە گێڕانەوەی دەرئەنجامی سەردانەکەتان بۆ بەریتانیا، تەنیا ئەو گرتانە دەخنە بەرچاوی ڕای گشتیی کە خۆتان پێتان باشەو ئەوانی تر باس ناکەن.

ئەوەی جێی سەرنجە، بەڕێز، سەرۆکی پەرلەمان ئەم هەنگاوە بە جیاکردنەوەی حیزبو دەسەڵات وەسف دەکات، بێگومان، ئەم بابەتە نەک هەر ناچێتە چوارچێوەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە دەسەڵاتەکانی تر، بەڵکو ئەم هەنگاوە ڕاستەوخۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی کاری ڕاگەیاندنەو ئەمە پێچەوانەی مادەی(٣٨) دەستووری عێراقو مادەی(٥٢) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانو مادەی (٢) یاسای کاری ڕۆژنامەگەرییە کە پێشتر پەرلەمانی کوردستان دەنگی لە سەر داوە، بەم شێوەیە لە ئێستادا هیچ پاساوێک نییە بۆ ئامادە نەبوونی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەناو هۆڵی پەرلەماندا تا ئەو کاتەی بەدیلو میکانیزمێکی هەرە پێشکەوتوو ئامادە دەکرێت، خۆ ئەگەر کەناڵێکیش سەرپێچی یاساو ئیتکی کاری ڕۆژنامەوانی کرد، ئەوا باشترواية لە ڕێگەی یاساوە کار بۆ سزادانی بکرێت، نەک ئەوەی بە میزاج بڕیار لە سەر شتەکان بدرێتو هەموو شتەکان تێکەڵ بکرێن.

لەلایەکی ترەوە، ئەگەر مەبەست لەو هەنگاوە دوورخستنەوەی هەیمەنەی حیزب بێت لە پەرلەمانو حکومەتو دەزگاکانی تر، ئەوە کارێکی هەرە پیرۆزە، بەڵام هێشتا زۆر کاری گرنگتر هەن پێویست بوو بکرێن، کەچی پەرلەمان کاری جدییان لە سەر ناکات. باشتر وابوو، کار بۆئەوە بکەین کە دەزگای ئاسایشو زانیاریو پاراستنو دیوانەکانی چاودێریی دارایی و دەزگای مین هەرچی زووە یەک بگرنەوەو بە زوترین کات یاسای قەدەغەکردنی ڕێکخستنی حیزبی لەناو هێزە چەکدارەکان پەسەند بکرێت، یان پەرلەمان بەگشتیی بەهێز بکەین لە ئاست حیزبو حکومەتداو بەم شێوەیە حیزبو دەسەڵاتەکانی دی لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، بۆیە ئەوەی بەڕێز، سەرۆکی پەرلەمان لەسەر دەرکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وتی، جگە لە بەهانە هیچی تر نییە.

لەوەڵامی پرسیارێکی تری (کوردستان تیڤی)دا کە پەیوەندی هەبوو بە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنەوە بخەمە بەرچاوی بەڕێز، سەرۆکی پەرلەمان کە وەڵامەکەی ئەوان لە بارەی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا، ئەو ڕاستییەی سەلماند کە جەنابیان وەکو سەرۆکێکی بێلایەن لە ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات نارواتن، چونکە حەقە بزانن، ئەوە ئەرکی چاودێرێکی سیاسیی، یان ڕۆژنامەنووسان، یان ڕێکخراوێکی پەیوەندیدار، یان لانیکەم ئەندامانی پەرلەمانە کە هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات بکەن، نەک بەڕێزیان کە پەیڕەوی ناوخۆ ئەو حەقەی پێ نادات و ئەم تێڕوانینە یەک ناگرێتەوە لەگەڵ ئەو وتەیەی جەنابیان کە لە میانی هەمان بەرنامەدا وتی: «پێویستە سەرۆکی پەرلەمان لە هەرکۆ بێت، بێلایەنانە کارەکانی ئەنجام بدات»، دیارە بەرپرسیارێتیو پێگەی سەرۆکی پەرلەمان بەو مانایە نایەت کە لە بارەی کارەکانی پەرلەمانەوە قسەی نەبێت، بەڵکو ئەرکی گەورەتری لە ئەستۆیەو لەم ڕووەوە مافی خۆیەتی لە سەر ئەو هێڵە گشتییانە هەموو شتێک بڵێت کە بۆ هەموو ئەندامانو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان وەکو یەکن، بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە لەو بەرنامەیەدا، ڕاستە وەکو سەرۆکی پەرلەمان میوانداریی کرابوو، بەڵام ئەو سیفەتەی بە لاوە خستو زۆر لایەندارانە لە کەناڵێکی حیزبەکەیدا قسەی کردو بەمەش هیچ گومانێک لە سەر لایەنداریی سەرۆکی پەرلەمان نامێنێتەوە.

لەلایەکی ترەوە دەڵێت، زۆرمان پێخۆشە کە ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەی بەهێز هەبێت لەناو پەرلەماندا، لەم وتەیەدا دەردەکەوێت کە هێشتا ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە وجودی نییە کە بە دڵی ئەوان بێت.! کەواتە جێی خۆیەتی بپرسین کە دەبێت ئۆپۆزسیۆن لە گۆشە نیگای بەڕێزیانەوە چۆن بێت؟ ئایا(٣٥) ئەندام پەرلەمان کە ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون دوور لە پارەبەخشینەوە گوشارو نانبڕینو تەزویرات کە نوێنەرایەتی نزیکەی (٧٠٠٠٠٠) حەوتسەد هەزار دەنگدەری یاسایی ئەم هەرێمە دەکەنو خاوەن تێڕوانینی تایبەتن لەسەر شێوازی حکومڕانیو لەو ڕووەشەوە چەندین پرۆژەیاسای گرنگیان لە پەرلەمانی کوردستاندا، بەڕێز، سەرۆکی پەرلەمان دەڵێت: «زۆرم پێ خۆشە، ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەی بەهێز کە بە پرۆفیشناڵی بە کارەکانی خۆی هەڵسێت، بە نەفعی پەرلەمانە... بە شێوەیەک ئەگەر موعارەزەیەکی ڕێک لە پەرلەماندا کە تەمەنا ئەکەم هەبێتو ببێت، پاڵپشتە... من زۆر ئومێدمە کە هەبێت بەڵام، لەم ئەخیرە هەندێک بابەت دەوروژێنن، بەهەقیقەت دوورن لە ئیشی پەرلەمانو تەمەنا دەکەم، بێنەوە سەر سکەی ڕاست ...بە سپی بڵێن سپیو بە ڕەش بڵێن ڕەش، نەک وای پیشان بدەی کە هەموو شتەکانی حکومەت لە بەر ئەوەی لای لیستێکی ترە بە خراپی بزانیت، بۆ نموونە ئەگەر حکومەت کاربکات بۆ لەبەرچاوی خەڵکی ڕەش بکەیت، ئەمە ئیشی موعارەزە نییە، بەڵکو ئیشیان ئەوەیە کە هەڵەکان بدۆزنەوەو بەپێی قانوون پرسیارەکانی خۆیان بکەنو بەپێی ئەو دەسەڵاتەی بۆیان دانراوە بە دوای ئیشەکاندا بڕۆن، نەک بە کەیفی خۆیان هەوڵی تەشهیر بدەن». لەم ڕووەوە پێش ئەوەی بێمە سەر ئەسڵی بابەتەکە کە پەیوەندیی بە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتەوە هەیە، بە باشی دەزانم، ئەوە لە پەرلەمانی کوردستاندا، بەڕێز، سەرۆکی پەرلەمان دەڵێت: «زۆرم پێ خۆشە، ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەی بەهێز کە بە پرۆفیشناڵی بە کارەکانی خۆی هەڵسێت، بە نەفعی پەرلەمانە... بە شێوەیەک ئەگەر موعارەزەیەکی ڕێک لە پەرلەماندا کە تەمەنا ئەکەم هەبێتو ببێت، پاڵپشتە... من زۆر ئومێدمە کە هەبێت بەڵام، لەم ئەخیرە هەندێک بابەت دەوروژێنن، بەهەقیقەت دوورن لە ئیشی پەرلەمانو تەمەنا دەکەم، بێنەوە سەر سکەی ڕاست ...بە سپی بڵێن سپیو بە ڕەش بڵێن ڕەش، نەک وای پیشان بدەی کە هەموو شتەکانی حکومەت لە بەر ئەوەی لای لیستێکی ترە بە خراپی بزانیت، بۆ نموونە ئەگەر حکومەت کاربکات بۆ لەبەرچاوی خەڵکی ڕەش بکەیت، ئەمە ئیشی موعارەزە نییە، بەڵکو ئیشیان ئەوەیە کە هەڵەکان بدۆزنەوەو بەپێی قانوون پرسیارەکانی خۆیان بکەنو بەپێی ئەو دەسەڵاتەی بۆیان دانراوە بە دوای ئیشەکاندا بڕۆن، نەک بە کەیفی خۆیان هەوڵی تەشهیر بدەن».

لەم ڕووەوە پێش ئەوەی بێمە سەر ئەسڵی بابەتەکە کە پەیوەندیی بە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتەوە هەیە، بە باشی دەزانم، ئەوە لە پەرلەمانی کوردستاندا، بەڕێز، سەرۆکی پەرلەمان دەڵێت: «زۆرم پێ خۆشە، ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەی بەهێز کە بە پرۆفیشناڵی بە کارەکانی خۆی هەڵسێت، بە نەفعی پەرلەمانە... بە شێوەیەک ئەگەر موعارەزەیەکی ڕێک لە پەرلەماندا کە تەمەنا ئەکەم هەبێتو ببێت، پاڵپشتە... من زۆر ئومێدمە کە هەبێت بەڵام، لەم ئەخیرە هەندێک بابەت دەوروژێنن، بەهەقیقەت دوورن لە ئیشی پەرلەمانو تەمەنا دەکەم، بێنەوە سەر سکەی ڕاست ...بە سپی بڵێن سپیو بە ڕەش بڵێن ڕەش، نەک وای پیشان بدەی کە هەموو شتەکانی حکومەت لە بەر ئەوەی لای لیستێکی ترە بە خراپی بزانیت، بۆ نموونە ئەگەر حکومەت کاربکات بۆ لەبەرچاوی خەڵکی ڕەش بکەیت، ئەمە ئیشی موعارەزە نییە، بەڵکو ئیشیان ئەوەیە کە هەڵەکان بدۆزنەوەو بەپێی قانوون پرسیارەکانی خۆیان بکەنو بەپێی ئەو دەسەڵاتەی بۆیان دانراوە بە دوای ئیشەکاندا بڕۆن، نەک بە کەیفی خۆیان هەوڵی تەشهیر بدەن».

کەس ئاگای لە جێگری سەرۆکی حکومەت نییە



هیوا جەمال

دوای سێرچێکی زۆر بە سایتی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، گەیشتمە دواین چالاکی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، کە ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٦ بوو، ئەویش چاوی کەوتبوو بە کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کورستان.

کەمێکی تر گەڕامەوە بۆ مێژووی کارو چالاکییەکانی بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت لەماوەی مانگی نیساندا، یەک چالاکی لەسایتە ڕەسمییەکەی حکومەت بۆ نووسراوە، کە ئەویش ڕۆژی ٢٠١٠/٤/١٤بوو، کە پێشوازی لە باڵیۆزی ڕوسیا لە عێراق کردووە.

واتە لەماوەی زیاتر لە دوو مانگی ڕابردوودا جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، دوو چالاکیی بۆ نووسراوە ئەوانیش پێشوازی بوون.

بەپێی زانیارییەکان لەو کاتەدا کە یەکێتیو پارتی ڕێککەوتوون حکومەت پێکەوە پێکبێنن، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتیان بەشکردووە، لەو میانەشدا بەشێک لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی حکومەت دراوەتە جێگرەکەی، کە ئازاد بەروارییە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتییە.

ئازاد بەرواری، تەمەن (٥٤) ساڵ لەناو حیزبەکەیدا بەوە ناسراوە، کە کەمترین دەرکەوتنی لە ڕاگەیاندنەوە هەبووە، ئەگەرچی ساڵانی (٢٠٠١-٢٠٠٤) بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی بووە، بۆیە چاودێران ئەوە وەک خوێەک باسدەکەن لە کەسایەتی ئەو بەڕێزەدا.

ئەگەرچی باس لەوە دەکرێت، کە تایبەتمەندییەکان بۆ دەرکەوتن، یان دەرنەکەوتن لە ڕاگەیاندنەوە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو جێگەیەوە نییە، کە ناوی «جێگرە»، چونکە شوێنەکە لە جیهانی بەڕێوەبردندا مەکانەتی خۆی هەیەو بە یاسا ڕێکخراوەو کارەکانی دیاریکراون.

بەپێچەوانەی ناوەڕۆکەکەیەوە «جێگرەکان» لە هەرێمی کوردستاندا دەرهاویشتەی ناکۆکیی لایەنە سیاسییەکانو ڕێکنەکەوتنیانە لەسەر بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات، بۆیە لەدوای دامرکاندنەوەی شەڕی ناوخۆو پێکهێنانی کابینەی نوێ بەناوی «حکومەتی یەکگرتوو» مەسەلەی بوونی سەرۆکو جێگر وەک لازمو مەلزوم چەسپا، دیارە ئەوەش بەهۆی بڕوانەبوون، یان قبوونەبوونی لایەنەکانەوە بووە بەیەکتر.

ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی حکومەتو سەرۆکی هەرێم، جێگریان هەیە (ئەگەرچی تائێستا جێگری سەرۆکی هەرێم دەستنیشان نەکراوە)، ئەمانە لەنێوان یەکێتیو پارتیدا بەشکراون، وەزیرەکانیش کە بریکاریان هەیە بەهەمان شێوەن.

بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی یاسای هەموارکراوی حەوتەمی ئەنجومەنی وەزیران... ژمارە (٣) بۆ ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو، مادەی دووەم هەموارکراوە، بەم شێوەیە برگەی (٢) «سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێگرێکی دەبێت» برگەی (٣) ا. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە جێگرەکەی بدات، ب.لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا جێگرەکەی جێگەی دەگرێتەوە.

ئێستا سەرۆکی هەرێم جێگری نییە، هیچ لەکارەکانی پەکیان نەکەوتووە، ئەگەرچی ناوچەی سلێمانیو گەرمیانی پشتگوێخستووە، بۆیە ئەگەر سەرۆکی حکومەتیش جێگری نەبێت بڕواناکەم گرفت بۆ حکومەت دروست بکات، وەک دەریشکەوت، ئەم جێگرەی ئێستا بە «ئاشکرا» ڕۆلێکی ئەو تۆ ناگێڕێتو چالاکی نانوێنێت، بۆیە باشتر نییە بە بریارێکی پەرلەمان جێگرەکان پووچەڵ بکرێنەوەو لەو ڕێگەیەوە ئەگەر کەمێکیش بێت لە سەروەتو سامانی خەڵک بگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیانو لەو پۆستە داتاشراوانەدا بەفیڕۆیان نەدەن، هەروەها سیمای دووئیدارەییش بەرەو نەمان بچێت؟

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
ئازاد چالاک

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان ڕەشید – هیوا جەمال
٠٧٥٠١٥٢٣٥٢٨ – ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
serwan_rm@yahoo.com – hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای پەیپەر ٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١ – ٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی ئیسکان – تەنیشت سارەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

موزایەدە بە گەندەڵییەوە



هۆشیار عەبدوڵڵا

مـــوزایـــەدە بـە نیشتمانپەروەرییەوە دەکرێت، بەڵام ناکرێن بە نیشتمانفرۆشییەوە مـوزایـەدە بکەیت، مـــوزایـــەدە بـە دەستپاکییـەوە دەکـــرێـــت، بـــەڵام ناکرێت گەندەڵ بیتو پێنج پێنجیش قسە بکەیت، هەڵوێستێکی فراکسیۆنی گۆڕان بۆ رەتکردنەوەی پارەی ئۆتۆمبێلەکان، موزایەدەشی پێوە بکەیت کەس ناتوانێت ناحەقت بگرێت، چونکە تۆ بە کردار دەستبەردارى پارە بووید، بەڵام بێیتو وەریشی بگریتو سەرەڕای ئەوەش موزایەدە بکەیت، دەبێت یەکسەر پتناسنەوە تۆ یان پەرلەمانتارى فراکسیۆنێکى هەموو هەلوێستێکى پێ موزایەدەیە یان رۆژنامەنووسێکى بەناو سەربەخۆیتو لە یەکێک لەو رۆژنامە بەناو سەربەخۆیانەى سەنگەرى پێشەوەى حیزبن دەڵێیت: جا گۆڕان وەریبگرتبایەو بیدابا بە نانبراوەکانى باشتر نەبوو؟!، وەک ئەوەى پارەى خەڵک بۆ نانبراوەکان حەڵاڵ بێتو دەسەڵات نانبرێتو گۆڕان بێت بە پارەى خەڵکى دیکە ئەو عەیبەى دەسەڵات پەردەپۆش بکات...؟.

مەسەلەى موزایەدە، کە لاى من دەبێتە هاو واتاى زماندرێژیش لە دۆخى ئێستاى هەرێمى کوردستان باریکى سەیرى وەرگرتووە، بۆ نموونە ئەوەى مەلەفەکەى هێندەى لێفەیەک دەبێت زمانى درێژترە لەو تێکۆشەرەى هەموو عومرى خەبات بووە، ئەوەى تائێستاش خەرێکى فرۆشتنى ئەم میللەتەیەو تەنیا خۆى لەبیرە هەلدەشاخێت بەسەر ئەو زاهیدانەى کە هەموو ئومێدیان ئەوەیە ئاسۆى کورد تروسکاییەک ببینێت، ئەوەى سوپەر گەندەڵ قەرسیل خۆرە کەس ناوێرێت بڵێت ئەرێ کاکە خێرەو ئەم هەمووەت لەکوێ هێنا؟!، کە دەمى دەکاتەوە دەڵێت: کاکە بۆ کەممان کردووە؟، ئەوەندەمان پێ نابرێت، منەتى کەس نییە خوێنى خۆمە، بۆ هەر ئەوەندەى چەند ملیۆن دۆلارێکمان خێر کرد تەواو ئیدى دەبێت پێمان بڵێن: گەندەڵ؟! (پیاوێکى مەسیحى دەڕواتە مزگەوتێکەوەو چەقۆیەکى بە دەستەوەیەو هاوار دەکات کێ لە ئێوە مسوڵمانە؟ کەس جواب ناداتەوە تا یەکێکى ئازا دەڵێت: من مسوڵمانم، دەیباتە دەرەوەو پێیدەڵێت: ئەزیەت نییە ئەو مەڕەم لەسەر نەریتى ئیسلامیى بۆ سەر ببڕیتو کەولیشى بکەیت بۆم، ئەویش دەڵێت: بەسەر چاو بۆت سەردەبڕم، بەڵام نازانم کەولى بکەم بە یەکێکى تر بڵاّ، کابرا دواى سەربڕینى مەڕەکە ئەمجارە بە چەقۆى بەخوێنەوە دەڕواتەوە ناو مزگەوتو دووبارە دەڵێت: کێ مسوڵمانە؟ هەموویان بێدەنگ دەبنو بە پەنجە ئیشارەت بۆ ئیمامى مزگەوتەکە دەکەنو ئەویش دەڵێت: چییە؟ هەر تەنیا لەبەرئەوەى دوو رکعات نوێژم پێکردن تەواو بووم بە مسوڵمان)، خۆ لێرەش هەر وایە، کابرا چى کردووە تا پێى بڵێن موزایەدەچى؟ هەر تەنیا لەبەرئەوەى چوار دەفتەرى وەرگرتووەو ئەو بە خەڵک دەڵێت زماندرێژ، یان هەر تەنیا لەبەرئەوەى لەچاو تروکانێکدا بووەتە ملیۆنێرو دەشڵێت مافى خۆمە، تەواو ئیتر دەبێت پێى بڵێن گەندەڵ.

کە باسى سەروەت کۆکردنەوەش دەکەن نوکتەى سەیر دەڵێن، بۆ نموونە خۆیانو باب‌و باپیریان بە هەبوو ناودەبەنو هەمووى هى ئەوانە ماوتەوە، یەعنى بۆ وەڵامى ئەوەت لەکوێ هێنا پاساوى جوان جوانیان پێیە، کە بەشێکیشى خوا هەڵناگرێت واقعییە، بۆ نموونە لە یەکێک لە مەسئوڵە گەورەکانیان پرسیبوو باشە تۆ قسەت لەسەر زۆرەو دەڵێن: قەرسیلت زۆر خواردووەو گەندەلیى زۆرت کردووە، ئەگەر سەرۆکەکەت لێى پرسیت ئەمەت لەکوێ هێناوە تۆ دەڵێیت چى؟، ئەویش تۆزێک راماوەو وتوویەتى دەڵێم چى؟!، دەڵێم جەنابت لەکوێت هێناوە منیش هەر لەو شوێنەم هێناوە... ئەى راست ناکەت بۆ کورد خراپى وتووە تا گەورە ئاو نەڕێژێت بچووک فەنتەڕناشى تێدا ناکات.

با ئەوەشم بیر نەچێت، زۆرجار کە ئەوانە موزایەدە بە گەندەڵبوونى خۆیانەوە دەکەن، باسى ئەوە دەکەن چۆن دەوڵەمەند بوونو بەچى ئەو سەروەتەیان پێکهێناوەو چۆن بەرهەمى ئارەقى ناوچەوانیان دەخۆن، زۆر لەم نوکتەیەیە دەچن (گەنجێک لە یەکێک لە دەوڵەمەندەکان دەپرسێت، چۆن ئەم سەروەتەت پێکەوەناوە، لە وەڵامدا دەڵێت: لە راستیدا من زۆر پڕوەى هیلاک بووم، لە گرانییەکەدا تەنیا (١) دینارم هەبوو، هەستام بەو پارەیە کاسبیم کردو سێوێکم کڕىو پاکم کردەوەو جوانم کردو فرۆشتم بە (٢) دینارو دو سێوى ترم پێ کڕىو بەمشێوەیە مانگێک کاسبیم کرد، تا سەروەتەکەم کرد بە (٢٠) دینارو کاتێکیش خەزورم وەفاتى کرد دوو ملیۆن دۆلارى بۆ بەجێهێشتین، من بەمشێوەیە خۆم دروستکردووەو دەوڵەمەند بووم).

مـــن هـــەڵـــە بـــووم!



نازاد چالاک

کـامـە بـوو ئـەو کەسایەتییەى دروستمان کرد بۆ مرۆڤى کورد کە دەبێت ئەمڕۆ بە هەڕەشەو تۆقاندن بەرگرىى لێ بکەین؟

تا ئەمڕۆ بۆ داهاتووش ناوەڕۆکى وتـارەکـەى سـەرۆک لە پەرلەمانى کـوردسـتـان فـەزایـەک لـە تـرسو دڵەڕاوکێو بەدگومانیى دەخولقێنێو تادێت قسەو لێکدانەوەى لەسەر چرتر دەبێتو ئاماژە ترسناکو زەقەکانى دەبنە مایەى تێڕامانو هەڵوەستە لەسەرکردنى نووسەرانو ڕۆشنبیرانى کورد.

ئـەوەى لـێـرەدا دەمـەوێـت باسى لێوەبکەم دوو مەسەلەى بنەڕەتیى وتەکەى سەرۆک بوون، کە یەکێکیان پەیوەندیى بە کەسایەتى کوردەوە هەیەو ئەوى دیکەشیان بەو قسەیەى کە دەڵێت ئەم ئازادییەى ئەمڕۆى کوردستان بە هەوڵى هەموولایەک بەدەستهاتووەو دەبێت بپارێزین.

(١)
کەسایەتى ئینسانى کورد

دروسـتـبـوونـى کەسایەتى هەر مرۆڤـو نەتەوەیەک بەدرێژایى مێژوو بریتیبووە لە پرۆسەیەکى هەمەلایەنەى دوورودرێـژ، کە سیستمى سیاسىو بـارى ئابوورییو نەریتو کلتوورو فەرهەنگى کۆمەڵایەتى کارى تێدەکەنو سەبر سەبر دروستـى دەکـەن یان دەیڕوخێنن.

کـەسـایـەتـى مـــرۆڤ لـە نـاوچـە جیاجیاکانى سەر گۆى زەوى لە چاخە بەردینەکانەوە بە جۆرەها قۆناغ تێپەڕیوە تا گەیشتووەتە ئەمڕۆ، کە سەردەمى عەولەمەو ئەو دنیایە (کە هەمووى وەک دێیەکى بچووک وایە)و دیموکراسىو مافى مرۆڤـو ئازادییە جۆراوجۆرەکانى تیادا بـووەتـە وێـردى سـەر زمانى هـەمـووان، لە وڵاتانى پێشکەوتوو، حیزبـو سەرکردە سیاسییەکان لەڕێى یاساو ڕێزگرتن لە بەها مرۆییەکان کەسایەتى بۆ نەوەکانیان دروستدەکەنو نەوە لـەدواى نەوە لەسەرى دەڕۆن، پەیڕەوى ڕێساو ڕێنماییەکانى دەکەنو بە موو لێى لانـادەنِ، هەر لە تەمەنى یاک سالّو دوو سالییەوە هەوڵدەدەن منداڵەکانیان، نەوەکانى داهاتوویان، خاوەن کەسایەتى خۆیان بن، هەست بە بوونو قورسایى خۆیان بکەن لەناو کۆمەڵگەکەیاندا، فێرى خۆشەویستى وڵاتو ئینتیما بۆ خاکو یەکسانىو دادپەروەرییان دەکـەن، لەوێش وەک ئێرە پێیان دەڵێن، کە یاسا لە سەروو هەموانەوەیە، بەڵام لەوەش گرنگتر هەموویان ملکەچى ئەو یاسایە دەبنو تەنیا بۆ قسەو هەڵخەڵەتاندنى دەوروبەر ئەو قسەیە ناکەن!

منداڵان لەو وڵاتانە لە تەمەنێکى زۆر کەمەوە، کە هەندێکیان هێشتا زمانیان نـەپـڕاوە فێرى ئـەوەیـان دەکـەن کە کاغەزى ئەو شیرینىو ساردەمەنییەى دەیخۆن، دەبێت لەشوێنێ تایبەت فرێ بدرێت، بۆیە ئەو منداڵە توند توند ئەو کاغەزە دەگرێت بەدەستییەوەو رازى نابێت تەنانەت بیداتەوە دەست دایکى هەتا سەبەتەیەکى خۆڵفرێدان نـەدۆزێـتـەوە، بەچاوى خۆم بینیمو بەگوێى خۆم بیستم، منداڵێکى تەمەن (٤) ساڵ بە باوکى وت، کە ئۆتۆمبێلى لێدەخورى بیرت چـووە قایشەکەت ببەستىو ئەوە مەمنوعە، منداڵى ئەوانو بکەنەوەو خزمەتى گەلو نیشتمانەکەیان بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەو ناعەدالەتییەى کە حیزبو بەرپرسە کـوردەکـان تا ئەمڕۆ پەیڕەوى دەکـەن، گەنجەکانى ئەم وڵاتەیان بێ ئومێد کرد، چونکە بێ تەزکییەى حیزب، بێ واسیتەى ئەم مەسئوڵو ئەو مەسئول، کێ دەتوانێت بەتواناى خۆى پێشبکەوێت؟ حیزب لەجیاتى ئەوەى کەسایەتى بۆ گەنجى کورد بەهێز بکات، گەنجانیان ناچار کرد ملى ڕێگەى هاتو نەهات بگرنەبەرو وردە وردە ئینتیمایان بـۆ خـاکـو نیشتمانیش لاواز بوو، من وام دەزانى حیزبەکان خەبات دەکـەن بۆ ئەوەى جارێکى دیکە کەسایەتییەکى بەهێز بۆ مرۆڤى کورد دروست بکەنەوە، بەڵام دیسانەوە دەڵێم من هەڵە بووم!.

بۆیە هـەمـوو هەقمانە بپرسین مەبەست لەکامە کەسایەتییە کە دەمانەوێت بۆ مرۆڤى کورد دروستى بکەین، کە دەبێت ئەمڕۆ بە هەڕەشەو تۆقاندن بەرگرىى لێبکەین؟

(٢)
(ئەم ئازادییەى ئەمڕۆى کوردستان بە هەوڵى هەموولایەک بەدەستەوە هاتووە دەبێ بپارێزین)

کـەم جـار بـەرپـرسـانـى حیزبە کوردییەکان دان بـەوەدا دەنێن کە غەیرى خۆیان خەباتیان کردبێتو قوربانییان پێشکەشکردبێت، هەر لەم تێڕوانینەشەوەیە کە قوربانیدانى هاوڵاتییان دەکەن بە سەروەریى بۆ حیزبو حیزبەکەش حیزبى دایـکـو سەرکردە مێژووییەکانە، هەڵگیرساندنى شۆڕش هى ئەوانەو ڕەوایى حوکمرانیى ئەوان تا ئەزەل دەبێت لە بیرو جەستەى تاکەکانى کـورد بچێنن و پێیانوایە تەنیا لەڕێى ئەو مێژووەوەو لەڕێى خۆدەوڵەمەندکردنو خۆ پرچەککردن دەتوانن هەتا هەتایە ئەو شەرعییەتدانە بۆ نەوەکانى دواى خۆشیان بگوێزنەوە.

ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە وا سەیرى خەڵک دەکات وەک ڕەعیەتێکى بێهێزو بێدەسەڵات، کە دەبێت دایـم سازو ئامادە بێت بۆ خزمەتو ئیتاعەى حیزب، ئەگەرهاتوو کەسێک دەنگى هەڵبڕى بەرامبەر زوڵمو ستەمێک کە بەرپرسان شەو و ڕۆژ ئەنجامیدەدەن، ئەوا ئەو کەسە دەبێتە دوژمـنو نانیشتمانىو دەسـتـى دەڕەکـیـى لەپشتەوەیەو ئاژەوەچییەو فەوزا دەخولقێنێت!.

کاتێک سەرۆک دەڵێت: دەبێ ئەم ئازادییە کە بە هەوڵى هەموولایەک هاتووەتەدى دەبێ بپارێزین، دەشێت ئەو پرسیارە بکەین ئاخۆ سەرۆک بە چ شێوەیەک دەیەوێت ئەو ئازادییە بپارێزێتو چ ڕێگەیەک دەگرێتەبەر؟ بەدڵنیاییەوە ئەو ڕێگەیە گفتوگۆو حیوارو لێکتێگەیشتن نییە، چونکە ئەگەر وابوایە دەرگاى گفتوگۆى لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکانى کوردستان دەکردەوە، یاخود داواى لە دەزگاکانى ڕاگەیاندنى حیزبەکەى خۆى دەکـرد کە لەجیاتى جنێودانو تەخوێنى شۆڕشگێڕانو خەباتگێڕانى کوردو قەڵەمە ئازادەکان، دەرگـاى گفتوگۆى هێمنانە لەگەڵ ڕۆشـنـبـیـرانو ڕۆژنـامـەنـووسـانو هاوڵاتییان بکردایەتەوەو با هەرپەکە قسەى خۆى بکردایەو دواتر سەرۆک هەموو ئەو قسانەى هەڵبسەنگاندایە، ئەوکاتە بۆى دەردەکەوت خەڵک لەچى ناڕازییەو گلەییو کەموکورتییەکان چینو کامانەن!

جـاران وام دەزانـى کە سەرۆکى حیزبەکان ئاگایان لە قسەو باسى ناو خەڵکو گلەییو سەرپێچییەکانى بەرپرسان نییە، بۆیە هەندێجار وام بەباش دەزانـى کە چوومە حزوریان ئەوەندەى دەکرێت ئەو گلەییانەیان بۆ نەقڵ بکەم، چونکە پێموابوو کە ئەوان ئەو وردەکارییانە نازانن و ئەوەش زەرەر بە کوردو بە حیزبو بە خۆشیان دەگەیەنێت، بەڵام ئەوەى کە نەمدەزانى ئەوەبوو، کە نەخێر سەرۆک ئاگاى لە خشەى مارو مێروەوەو هەندێک دەزگاو کەس بە ڕاپۆرت ئاگاداری دەکەنەوەو زۆر لەوەش زیاتر کە من بەحیسابى خۆم پێموابوو نهێنییەو دەیزانم!.

دواتر بۆم دەرکـەوت کە زۆر لەو کارانە بە ئاگاداریو بە فەرمانى ئەوانەو هەرچى دەکرێتو هەرچى بەرزدەبێتەو هەرچى دەڕووخێت بێ ڕەزامەندیى ئەوان نابێت، بازاڕ ئەوان دەیسوڕێنن، کۆمپانیاکان هى خۆیانن، گرێبەستو کرێو فرۆشتن ئەوان لێى ئاگادارن، تۆ بڵێى سەرۆکەکانمان نەزانن دۆنمى ئەرزى زەراعى لە سیتەکو لەڕێى نێوان هەولێرو مەسیفـو قێلاکانى چووەتە چەنو دەوڵەمەندەکانى ئەمڕۆ کامانەنو ئەو پارانەیان لەکوێ هێناوە؟ بەڵا من وام دەزانى کە ئەوان بێئاگان، بەڵام من بێ ئاگاو هەڵە بووم!.

سەرکردەکانمان چى دەگۆڕنەوە بەچى؟

لەشەستەکاندا لە دێیەکى وەک چۆمان، کە ئێستا قەزایە دیمەنێک زۆر سەرنجى ڕاکێشام، بینیم لەدێ دوورەدەستەکـانـەوە ژنو پیاو بە ماستو پەنیرى سپى کوردى جوانەوە دەورەى کابرایەکیان داوە کە بە فەردە خورماى هەڵچنیبوو بەمەبەستى ئاڵوگۆڕ پێکردنى، ئەو ئاڵوگۆڕکردنەم زۆر لا سەیر بوو، خورماکە نەدەخورا، چونکە زۆر ڕەق بوو، بە (قەسپ) ناویان دەبرد، زۆرجار گوێم لە باوکم دەبوو باسى ئەو خورمایەى دەکردو بە کوردکوژە ناوى دەبردا!.

سەرکردەکانمان هەر لەمندااڵییەوە دەستیان داوەتە سیاسەت، هەندێکیان وەک پیشە کاریان بۆ کردووەو هەندێکى دیکەشیان هەر کە چاویان کردووەتەوە بەهۆى بنەماڵەکانیانەوە سیاسەتیان بە میرات بۆ ماوەتەوەو پاشان هەموو ژیانیان بۆ سیاسەتو حیزبایەتى تەرخانکردووەو بەقەدەر تەمەنیان شتێک کەمتر بە پێشمەرگایەتىو خەبات بۆیان حیساب کراوە.

ئەم مێژووە وا بەئاسانیى بەدەست نایەت، سەرەتاى هەشتاکان هەر کە خوێندنم تەواوکرد بووم بە پێشمەرگەو پێموابوو کە من زۆر دواکـەوتـووم، حەسودیشم بە هەموو ئەوانە دەبرد کە ڕۆژێک پێش من بوونەتە پێشمەرگە.

مـن وا تـێـگـەیـشـتـبـووم کە سەرکردەکانمان لە ئێمە شۆڕشگێڕترن، خـاوەن مەبدەئى تۆکمەو بەهێزن، هەمیشە لـە بـیـرى خـەمو ئـازارى نەتەوەکەى خۆیاندان، بۆیە ئەگەر بۆ ئێمەماناں جائیزە بڕوخێین، تەسلیم ببینەوە، بەرژەوەندیى خۆمانو تەماعى دنیا وامان لێبکات زوو ئەو ڕێگە پڕ چەرمەسەرییە بەربدەینو خەریکى کارو گوزەرانى خۆمان بین، ئەوا بۆ ئەوان هەرگیز ئەوە جائیز نییەو ئەو خەباتو مێژووەى خۆیان بەهیچ شتێک ناگۆڕنەوەو هەموو هەوڵەکانیشیان هەر لەپێناوى سەرکەوتنى میللەتەکەیانەو جیاوازى نێوان بنەماڵەکەى خۆیانو هاوڵاتییان ناکەنو بەیەک چاو سەیرى هەموان دەکەن.

ئـەوەى کـە واقـیـع دەریخستو سەلماندى ئەمەى سـەرەوە نەبوو، مێژووى خۆیانو ڕابـردووى خۆیان بـەڵاوە گرنگ نـەبـوو، نـە لـە خـەمو ئازارى میللەتەکەیان کەمکردەوەو نە دادپەروەرییو یەکسانییان پەیڕەوکردو نە کاریشیان کرد بۆ زەمینەخۆشکردنو گەشەکردنى ئازادییو دیموکراسى لە وڵات.

سەرکردەکانمان مێژووى خۆیان تۆڕ دا، خۆیانو بنەماڵەکانیان بوونە ملیاردێرو ملیۆنێرو خـاوەن هەموو شتێکى مـادیـى لـە کـوردسـتـانو لە دەرەوەو هەرچى بەخوێنى چێشت پێیان بگاتەوە خاوەن پۆستو دەسەڵاتە، ئیتر مەرج نییە چەندى پێیەو چەند دەزانێو چۆنیش خزمەتى هاوڵاتییان دەکات!.


ئەو ناحەقیەى سەرکردەکانمان بـەرامـبـەر خـۆیـانو ڕابـردوویـان ئەنجامیاندا، نەیارەکانیان هەرگیز نەیانتوانیوە ئەو زەبرەیان پێبگەیەنێ، بۆیە من لەو تێڕوانینەشم هەر هەڵە بووم!.

رای گشتی

پاشکۆیەکی مانگانەیە پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)
بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED)و لەگەڵ ڕۆژنامەدا بڵاوەدەکرێتەوە.


K.I.E
Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

ساڵی سێیەم ژمـــارە (٥) سێشەممە ٢٠١٠/٦/١٥




د. نوری تاڵەبانی : «کەموکورتی لە پرۆژەی دەستوردا هەیەو... ل ٢

ASK: پەرلەمان لەکۆی ٣٣ پرۆژەیاسا تەنها (٧) پرۆژەیاسای پەسەندکردووە ل ٢



عەلی کەریم: ڕێکخراوە ناحکوماییەکان داوایان کردووە دیموکراسیەت لە یاساکەدا بچەسپێنرێت ل ٣

لە ڕاپرسییەکدا: ٧٩٪ی هاوڵاتیان گەڕاندنەوەی پرۆژەی دەستور بۆ پەرلەمان بەپێویست دەزانن



ئا: ڕای گشتی

بەپێی ڕاپرسییەکی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE سەبارەت بەپرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لە ٧٩٪ی هاوڵاتیان جارێکی تر گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی دەستورەکە لەخولی سێهەمی پەرلەماندا بە گرنگ دەزانن و ٢١٪ی هاوڵاتیانیش پێیان باشە جارێکی تر دەستورەکە نەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان.

ئەم ڕاپرسییە لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (هەولێرو سلێمانیو دهۆک) ئەنجامدراوەو کۆی ژمارەی ئەو فۆرمانەی لەم سێ پارێزگایەدا دابەشکراون ٥٠٢٧ فۆرمە کە ٢٠٠٠ فۆرمی لەچوارچێوەی پارێزگای سلێمانیو ١٨٠٠ فۆرمی لە پارێزگای هەولێرو ١٢٢٧ فۆرمیش لە پارێزگای دهۆک دابەشکراوەو لە ٥٧٪ی بەشداربووان لە ڕەگەزی نێر بوون و لە ٤٣٪ی بەشداربوانیش لە ڕەگەزی مێ بوون و بەشی زۆری ڕاپرسییەکە تایبەت بووە بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا.

بەگوێرەی ئەنجامی ڕاپرسییەکە سەبارەت بە گەڕاندنەوەی پرۆژەی دەستور بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ هەموارکردنەوە.

لە ٧٢٪ی هاوڵاتیان پێیان باشە ئەو کەسەی پۆستی سەرۆکی هەرێم وەردەگرێت پۆستی حیزبی نەبێتو لە ٢٨٪ی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە ئەو دۆخەیان بەلاوە ئاساییە ئەگەر سەرۆکی هەرێم پۆستی حیزبی هەبێت. سەبارەت بە سەرومالی بەرپرسانیش لە سەدا ٨٢,٦٪ ی هاوڵاتیان داوا دەکەن کە دەقێکی دەستوریی هەبێت لەبارەی دیاریکردنی سەروسامانی بەرپرسانی دەوڵەتو کاربەدەستان پێش وەرگرتنو پاش کۆتاییهاتنی پۆستەکانیان و دیاریکردنی سەرچاوەکانی بەڵام لە ١٧,٤٪ی هاوڵاتیان ئەو دەقە دەستوریە بە گرنگ نازانن.

سەبارەت بە زۆری و فراوانی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم ٥٧,٥٪ بڕوایان وایە ئەو دەسەڵاتەی لەپرۆژەی دەستورەکەدا دراوەتە سەرۆکی هەرێم زۆرەو کاریگەری لەسەر سیستمی پەرلەمانی دادەنێت لەکاتێکدا ڕێژەی ٤٢,٥٪ لەو بڕوایەدان زۆری دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم کاریگەری لەسەر سیستمی پەرلەمانی نابێت.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستەیە ٥٤٪ی هاوڵاتیان ئەو پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانیان بەلاوە پەسەند نییەو لەبەرامبەردا ٤٦٪ی هاوڵاتیان ئەو پرۆژەیەیان بەلاوە پەسەندە کەئەمەش بەپێی ماددەی هەشتەم لەیاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٦)ی سالی ٢٠٠٨ی پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەوە دەخاتەڕوو کەپرۆژەی دەستورەکە لەڕاپرسیدا بەپەسەندکراو ناژمێردرێت چونکە دەنگی زۆرینەی دەنگدەرانی بەدەستنەهێناوە. لەپێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی زۆرینەی هاوڵاتیاندا ڕاپرسییەکە کلیلی چارەسەریی گەراندۆتەوە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کەداوا دەکات پرۆژەی دەستوورەکە بەمەبەستی گفتوگۆکردن بگەڕێتەوە بۆ بەردەم خولی ئێستای پەرلەمان بۆئەوەی لەوێش بتوانێت لانیکەم دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان (٧٥ ئەندامو بەرەو ژوور) لەسەر پرۆژەی دەستوورەکە بەدەستبهێنێت دیارە ئەمەش بەپێی برگەی یەکی ماددەی شەشەم لەیاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانە کەدەڵێت «پرۆژەی دەستور دەخرێتە بەردەم ڕاپرسی سەرتاسەرییەوە دوای پەسەندکردنی لەپەرلەمان بەرەزامەندیی لانیکەمی دوو لەسەر سێی ئەندامانیەوە».

کۆی ڕاپرسییەکە لە لاپەڕە ٤ی ئەم پاشکۆیەدا بخوێنەرەوە

زەڕەبین

دوو یاسا

لە چاوەڕوانی تاقیکردنەوەدان

ئارام جەمال *

بەپاساوی ئەوەی یاسایەکی تایبەت بەخۆمان نییە، ئێمە وەک هەرێمی کوردستان، بەشداریمان لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ٢٠٠٩/١/٣١ی عێراقدا نەکردو بەمەش ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم لەدوای ئەو هەڵبژاردنەوە شەرعیەتی یاسایی و دیموکراسییان نەما! ئەگەرچی خولی دووەمی پەرلەمان لەڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١ دا بەپشتبەستن بەبڕیاری ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٩ی سەرۆکایەتی هەرێم بڕیارێکی دەرکردنەوەی ١١ مانگی بۆ کارکردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان دەرکرد (واتە ڕۆژێک دوای تەواوبوونی وادەی شەرعی ئەنجومەنەکان) بەڵام ئەمەش نەبووەهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان لەو ماوەیەی بۆی دیاریکرابوو! لێرەدا قسە لەسەر ئەوە ناکەین کە بڕیاری دەرکردنەوەکە بۆ خۆشی جێگەی پرسیارەو هیچ پاڵپشتییەکی یاسایی و دەستووریی لەهەرێمو عێراقدا نییە بەڵکو تەنها بەحوکمی دەسەڵاتی یاسادانانی پەرلەمان خۆی بووە جگە لەوەی پەرلەمان دەیتوانی لەماوەی چوار ساڵدا (٢٠٠٥-٢٠٠٩) خەمێک بۆ دەرچوونی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان بخوات تا هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پێئەنجامبدرێت؟

لە ٦ی تەممووزی ساڵی ٢٠٠٩ دا یاسای ژمارە (٤)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستاندا بەپێی بڕیاری ژمارە ١٨ی سالی ٢٠٠٩ لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دەرچوێنراو دەقی یاساکە لە(٢٠٠٩/٧/١٣)دا لەڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستاندا بڵاوکرایەوەو بەمەش یاساکە هێزی جێبەجێکردنی خۆی لەماددەی ٣٥ی ناو خودی یاساکەوە وەرگرت کەدەڵێت «ئەم یاسایە لەمێژووی بڵاوبوونەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستاندا جێبەجێدەکرێت».

ئەگەر سەرنجبدەین کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم یاسایە لەوەقائیعی کوردستاندا دەکەوێتە ناوەڕاستی ماوەی ئەو بڕیاری دەرکردنەوەیەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە کە لەخاڵی یەکەمیدا دەڵێت» ئەنجومەنی ئێستای پارێزگاکانی هەرێم بەردەوام دەبن لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان تاکو هەڵبژاردنی داهاتوو بەمەرجێک پێش کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ بکرێ». کەواتە لانیکەم لەساتی دەرچوونی یاسای ژمارە ٤ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمەوە هیچ پاساوێک لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا (جا حکومەتی کار ڕاپەراندنی کابینەی پێنجەم بوو بێت یاخود کابینەی شەشەمی حکومەت) نەماوەتەوە بۆ بڕیاردان لەسەر دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان چونکە لەلایەکەوە بەپێی بڕیارەکە بێت ماوەیەکی یاسایی لەبەردەمدا بوو بۆئەوەی هەتا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ ئەم هەڵبژاردنە ئەنجامبدرێتو لەلایەکی تریشەوە بڕگەی یەکی ماددەی ٣١ی یاساکەش ئەم دەسەڵاتەی داوەتە ئەنجومەنی وەزیران کەدەڵێت «ڕۆژی هەڵبژاردن بەبڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیازێک لەدەستەوە دەستنیشان دەکرێت لەڕێگەی هۆیە جیاجیاکانی ڕاگەیاندنەوە بەر لەوادەی ئەنجامدانی بە (٦٠) شەست ڕۆژ ڕادەگەیەنرێ».

بەم پێیە بەرپرسیارێتی یاسایی دەکەوێتە سەرشانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دەرکردنی بڕیارێک سەبارەت بەدیاریکردنی کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لەلایەکەوە ئەم ئەنجومەنانە درێژە بەژیانی ناشەرعیبوونی یاسایی و دیموکراسیانەی خۆیان نەدەن و لەلایەکی تریشەوە هەڵبژاردن بکرێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ وەگەڕخستنی دوو یاسای خۆمالیی زۆر گرنگ لەسووری ژیانی ئەنجومەنە خۆجێییەکانی هەرێمدا کەئەوانیش بریتین لەیاسای ژمارە (٣)ی سالی ٢٠٠٩ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و یاسای ژمارە (٤)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستانە کە تا ئێستا نەخرانەتە واری کردارییەوەو لەچاوەڕوانی تاقیکردنەوەدان.

* بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن- KIE

ئاگاداری

بۆ ناردنی هەر بابەتێک بۆ ئەم پاشکۆیە لەسەر هەموارکردنی هەر یاساو پرۆژە یاسایەک یان پێشنیازکردنی پرۆژە یاسایەکی نوێ، تکایە وتارو شیکردنەوەو بابەتەکانتان بنێرن بۆ ئەم ئەدرەسانە:
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن- سلێمانی- گەڕەکی بەختیاری، شەقامی هەکاری، کۆڵانی ژمارە ١١٣، خانووی ژمارە ٤٤ (نزیک سەنتەری گەنجان).
aram.jamil@kie-ngo.org dana.jamil@kie-ngo.org
یاخود ژمارە تەلەفۆنەکانی: ٣١٨٧١١١، ٠٧٧٠١٥٧٣٢١٠

تێکشکاندنی ئاڵا



ئاکۆ حەمەکەریم*

لەمیانەی سەردانە فەرمییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیاو لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانو لەکۆنگرەی رۆژنامەوانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیادا، ئاڵای کوردستانو عێراق بەدی نەکرا، بەڵکو تەنیا ئاڵای تورکیا دانرابوو، هەرچەندە ئەمە لە بایەخی سەردانەکە کەم ناکەتەوە، بەڵام پرسیار لەسەر ئەدای دیبلۆماسیەتی کورد دروست دەکاتو بووەتە مایەی نیگەرانیو ناڕەزایی هاوڵاتیانی کوردستان.

چونکە ئاڵا ڕەمزو سیمبولی نەتەوەو نیشتمانەو ڕەنگو هێماکانی گوزارشت لە سەروەریو کەرامەتو ناسنامەی نەتەوە دەکەن. بەدرێژایی مێژوو، ئاڵا پێگەیەکی گرنگی لە ژیانی گەلاندا هەبووە، خزمەتو خەباتو فیداکاریی لەپێناو ئاڵاو بەیداخەکاندا کراوە، جەنگو ئاشتیو ناکۆکیو هاوکاری نێوان گەلان لەژێر سایەی ئاڵادابووەو لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتاندا گرنگییەکی زۆر بە ڕێزگرتنی ئاڵاو بەرزڕاگرتنی دراوەو لەچوارچێوەی عورفو یاسا دیبلۆماسییەکاندا ڕێکخراوە.

تورکیا، بەم ڕەفتارەی لە یاسای نێودەوڵەتی لایداو بنەمای پرۆتۆکۆڵو ئەتەکێتی دیبلۆماسی شکاند، کە دەبوایە وەفدی کوردی ئەوەیان قبووڵ نەکردایە، چونکە بەپێی ڕێککەوتننامەی ڤیەنای(١٩٦١) بۆ پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانو ڕێککەوتننامەی ڤیەنای(١٩٦٣) بۆ پەیوەندییە کونسوڵییەکان، پێویستە لەسەر دەوڵەتان لەکاتی سەردانو پێشوازی سەرۆکی دەوڵەتانو وەفدە دیبلۆماسییەکاندا، ئاڵای ئەو دەوڵەتە هەڵکەنو هەر لە شوێنی پێشوازیو لەسەر ئۆتۆمبێڵو لە هۆڵی کۆبوونەوەو کۆنگرەکانەوە تا مێزی دانوستاندن، تەنانەت نابێت ئاڵای دەوڵەتێک لە ئاڵایەکی تر بەرزتربێت، یاخود ئاڵای وڵاتێک گەورەتر بێت لە ئاڵایەکی تر. دانەنانی ئاڵا، سزای یاسایی و سیاسیی لێدەکەوێتەوەو زۆرجار دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندیی دیبلۆماسیو ڕەنگە بگاتە ئاستی جەنگ، چونکە سوکایەتیکردن بە ئاڵا، بە مانای سوکایەتیکردنە بە تەواوی نەتەوەو گەلو خاک.

ئەم ڕەفتارە ناشیرینەی حکومەتی تورکیا، بە ئەنقەستو بە مەبەست ئەنجامدراوەو مەبەست لێی دەرخستنی گەورەیی و باڵادەستی نەتەوەی تورکو خۆبەزلزانینە بەسەر نەتەوەکانی تردا، لەهەمانکاتدا بچووککردنەوەو بێئەهەمێتکردنی نەتەوەی کورد، ئەمەش بەشێکە لە نەتەوەپەرستی کەمالیی تورکو دان نەنانە بە نەتەوەی کوردو لێدانو تێکشکاندنی کەسێتیی کوردە لە ڕێگەی لادانو دانەنانی ئاڵای کوردستانەوە. هەروەک چۆن پێشتر دەیانویست، بە دروشمی (کورد تورکێکی شاخاوییە) ناسنامەو کەسێتیی کورد بسڕنەوە، ئەمڕۆ لە ڕێگەی دیبلۆماسییەتەوە هەمان شت دووبارە دەکەنەوە.

تورکیا بێبەوێت یاخود نا، هەرێمی کوردستانی عێراق واقیعێکەو بوونێکی یاسایی هەیە، بەپێی دەستووری (٢٠٠٥) عێراق، کورد نەتەوەی دووەمەو عێراق دەوڵەتێکی دیموکراسی فیدراڵییەو هەرێم کوردستان بەگەڵو پەرلەمانو حکومەتو سەرۆکەکەیەوە دانی پێدانراوە، هەروەک چون بەپێی مادەی(١١٧) لە دەستوور عێراق، هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا کاری دیبلۆماسی ئەنجامبداتو پەیوەندیی دەرەکی دروست بکات. ئەمڕۆ ئەو هەرێمانەی کە لە چوارچیوەی دەوڵەتی فیدراڵیدان، جۆرێک لە دیبلۆماسییەت ئەنجامدەدەن، کە پێی دەوترێت پارادیبلۆماسی Paradiplomacy کە بەشێوەیەکی گشتیی لەدیبلۆماسی دەوڵەتان بچووکترە، کە بەپێی دەستوور سەلاحیەتو دەسەلاتی ئەو هەرێمو کیانانە لە چالاکی دەرەوەدا دیاریدەکرێت، وەک پارادیبلۆماسی هەرێمی باسک لە ئیسپانیا، یان هانوڤەر لەئەڵمانیا، یان هەرێمی کوردستان لە عێراق.

پێویستە بەرپرسانی کورد لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەشو هاوسەنگی هێز پەیوەندی دیبلۆماسی ببەستنو ئاگاداری هاوکێشە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکان بن، پشت بە بنەماو یاسا دیبلۆماسییەکانو عورفو پرۆتۆکۆڵو ئەتەکێتەکان ببەستن، بەرامبەر لادانو کەمتەرخەمییەکانی دەوڵەتی بەرامبەر بێدەنگ نەبن، لەکاتی خۆیداو بەشێوازی گونجاو و یاسایی وەڵامیان بدرێتەوە.

* مامۆستای زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سلێمانی

پرۆژەی نیشتەجێبوونی
Dylan City
دیلان سیتی
کۆمپانیای هەستیار
بۆ بازرگانیو وەبەرهێنان
بۆ یەکەمجار لە کوردستان
دەستپێشخەرییەکی بێوێنە لە کۆمپانیای هەستیار
(پرۆژەی دیلان سیتی)یەوە
کۆمپانیای هەستیار بۆ یەکەمجار لە کوردستان، سیستەمی دابەشکردنی غازی مەرکەزی بۆ سەرجەم یەکە نیشتەجێییەکانی شاری دیلان سیتی دابین دەکات، کە ئەمە بۆ یەکەمجارە لە پرۆژە هاوشێوەکانی (دیلان سیتی)دا ئەم خزمەتگوزارییە دابین بکرێت.
پرۆژەکە ڕاکێشانی غازە بۆ سەرجەم یەکەکان بە نوێترین سیستەمی گەیاندنو سەلامەتیو کۆمپانیای هەستیار تەنها لە (٣٣٪)ی تێچوونەکەی بە قیستی (١٨) مانگ لە هاوڵاتیان وەردەگرێتەوەو باقییەکەی دەبێتە دیاری کۆمپانیا بۆ دانیشتووانی شاری دیلان.
بەو بۆنەیەوە داوا لە سەرجەم بەشداربووانی پرۆژەی (دیلان سیتی) دەکەین کە لە نزیکترین کاتدا سەردانی نۆفیسی پرۆژەکە بکەن بە مەبەستی ڕاییکردنی مامەڵەکانیان.
دیلان سیتی ئایندەیە
سلێمانی-شەقامی سەد مەتری-گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد 07710122221 - 07501220505 - 07480170505

بەیروت بیوتی سەنتەر
nalia co.
گەورەترین سەنتەری جوانکاری
پیاوان و ژنان لەشاری سلێمانی بەناوی
(بەیروت بیوتی سەنتەر) کرایەوە
سەرجەم کەرەسەکانی ئەم سەنتەرە لە
کەنەداوە هێنراون و ئێستاش لەلایەن ستافێکی
شارەزای لوبنانییەوە کە ئەزمونی چەند ساڵەیان
لەجوانکاریدا هەیە سەرپەرشتی دەکرێن
لە (بەیروت بیوتی سەنتەر) شەموو شێوازەکانی جوانکاری ژنان و پیاوان
بەنوێترین ستایل جیهانی و بەشێوازێکی زانستی ئەنجام دەدرێت،
لەوانەش:
- لێژەر بۆ لابردنی مووو لاوازبوون.
- ڤایشتگای ژنان بۆ جوانکاری.
فڕیرین، نینۆک دانان، پرچ دانان،
بدیکیر و منکیر.
- مەساج (ژنان - پیاوان)
- سەرتاشخانەی پیاوان.
- لەگەڵ فرێشنی هەموو جۆرە کەرەستەیەکی جوانکاری
ناوبەندی سلێمانی - بەردەم گوندی ئەڵمانی - نهۆمی پێنجەمی چاڤی مۆڵ
ژمارەی تەلەفوون: 0533239072

ریستۆرانتی دەرگەزێن
ئەگەر دەتەوێت لەکەشێکی دڵگیر و ئارامدا بە بەتامترین
خواردن، ڕۆمی خوانەکانت نۆش بکەیت سەردانی
ریستۆرانتی دەرگەزێن بکە
ریستۆرانتی دەرگەزێن لەدوا نهۆمی
(چاڤی مۆڵ)دایە و دەروانێت بەسەر
دیمەنێکی جوان و دڵرفێنی شاری
سلێمانی و گوندی ئەڵمانی
لەریستۆرانتی دەرگەزێن بەتامترین خواردنە ڕۆژهەلاتی
و ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ موزیکی زیندوو پێشکەش
دەکرێت
جگە لە نیوارانی پێنجشەممە کەتایەتە بەئەندامانی
یانەی دەرگەزێن. هەموو نیوەڕۆ و نیوارانێکی ڕۆژانی
هەفتە ریستۆرانتی دەرگەزێن پێشوازی لەهەموو
هاوڵاتیان دەکات
ژمارەی مۆبایل: 07701346060 - 07701376060

(چاڤی مۆڵ) کرایەوە
لەشەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود و لەبەردەم گوندی ئەڵمانی،
مۆڵێکی خوێندبی بە کەلوپەڵی باشترین مارکەکانی جیهان پێشوازیتان لێدەکات.
ئێستا (چاڤی مۆڵ) کراوەیە
لە (چاڤی مۆڵ)
بەناوبانگترین مارکەکانی جیهان
لەجلوبەرگی پیاوان و ژنان و منداڵان
لەگەڵ خوازدەمەنی و
پێداویستی ڕۆژانە دەستدەکەوێت
دوو نهۆمی ئەم مۆڵە تەرخانکراوە بۆ پارکی ئۆتۆمبێل و
نهۆمێك بۆ سوپەرمارکێت و کەلوپەلی جیاواز
سێ نهۆمی تریش بەجیا تەرخان کراوە
بۆ جلوبەرگی پیاوان و ژنان و منداڵان.
لەگەڵ کافتریا و شوێنی حەوانەوەی گونجاو
ئەگەر ئەتانەوێت جلوبەرگی مارکەی جیهانیتان
دەست بکەوێت، ئەوە ڕووبکەنە چاڤی مۆڵ.
(چاڤی مۆڵ) لەسەرجەم ڕۆژەکانی هەفتەدا و
لەکاتژمێر (9)ی بەیانییەوە تا (12)ی شەو لەپێشوازی نیوەی بەرێزتانیە.
ژمارەی تەلەفوون: 0533239073

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

عەلی کەریم:

پێویستە حکومەتی هەرێمو پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم زیاد لەوەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی داوای کردووە دیموکراسیەت لەیاساکەدا بچەسپێنن

دیمانە: رای گشتی

لـەم دیـمـانـەیـەدا عـەلـی کەریم چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنیو سەرۆکی ئینستتیۆی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەو بنەمایانە دەخاتەروو کە لەپرۆژەیاساکەی حکومەتدا هاتووە کە لەلایەن ٨٠ ڕێکخراوەوە تاوتوێکراو ڕادەستی حکومەتی هەرێم کرا، هەروەها بڕوایوایە ئەگەر تەواوی ئەو بنەمایانەی داواکـردووە لەپرۆژە یاساکەدا بچەسپێنرێت هێشتا بەشێکی کەمی مافەکانی کۆمەڵی مەدەنی دابیندەکرێت.

ڕای گشتی: پرۆژەیاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بە کوێ گەیشت؟

عەلی کەریم: لەماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا لەو کاتەوەی کە ڕێکخراوی ICSP ئەمەریکی بیرۆکەی پرۆژەیاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەلی مەدەنی ئامادەکرد، لەو کاتەوە تا ئێستا نزیکەی ٧ درافتی پرۆژەیاسای دیکە ئامادەکراون کەدوان لەو پرۆژانە ماونەتەوەو یەکێکیان سەرەکییەو بە بریاری ئەنجومەنی وەزیران لیژنەی بۆ پێکهێنراوە بۆ دارشتنیو چانسی قبولبوونی لەهەموو درافتەکانی تر بە هێزترەو لەکۆنفرانسێکی هەرێمایەتیدا کە نزیکەی ٨٠ ڕێکخراوی مەدەنی ئامادەبوون، کۆمەڵێک پێشنیازی زۆر بەرزکرایەوەو بەتایبەتی ٥ خاڵی زۆر گرنگی تێدا چەسپێنرا کە ئەوانیش بریتیبوون لە:

١- لـەبـارەی دامـەزرانـدنـی ڕێکخراوەکانەوە ئەوە چەسپێنرا کە دامەزراندنی ڕێکخراو بەپێی سیستمی تۆمارکردن بێت نەک مۆلەتپێدان.

٢- کـاروبـاری ڕێـکـخـراوەکـان لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن بەتایبەتی وەزارەتی دارایی‌و ناوخۆ بسەندرێتەوەو بدرێت بە دەزگایەکی تایبەتمەندی دیکە بە ناوی کۆمسیۆنی سەربەخۆی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٣- کۆمەکی دەوڵەت بۆ پرۆژەکانی کـۆمـەڵـی مـەدەنـی بـەشـێـوەیـەکـی تـازە چەسپێنرا کـە دادپـێـروەری تێدابێت‌و بەپێی پـرۆپـۆزەڵ کۆمەک بەڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بـدرێـت‌و لـەگـەڵ ئـەوەشـدا هەندێک خەرجی‌و تێچوونی دیاریکراوی زۆرکەم بۆ هەموو ڕێکخراوەکان دەستەبەر بکرێت.

٤- پەیکەری دامەزراوەبوون لەناو ڕێکخراوێکدا کە وەک دامەزراوە بوونی خۆی بسەلمێنێت.

٥- کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەرێمی کوردستاندا ببێت بە شەریکی دەوڵەت لەبەڕێوەبردنی پـرۆژەی ستراتیژی لەبەڕئەوە داواکـرا بەلایەنی کەمەوە ٢٪ی بودجەی گشتی بۆ پرۆژەکانی کۆمەڵی مەدەنی تەرخانبکرێت.

ئەم پێنج ڕاسپاردەیە لەگەڵ کۆی تێبینییەکانی تر جارێکی دیکە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندەوە پێداچونەوەی بۆ کراو ڕادەستی حکومەت کرا.

ڕای گشتی: ئەمە چەندەمین جارە پـرۆژەیـاسـا پێشکەشی حکومەت‌و پەرلەمان دەکرێت؟

عەلی کەریم: جارێک پرۆژەیەک پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کرابوو بەڵام هیچ ئاسەوارێکی بەجێنەهێشت، جارێکی تریش پـرۆژە پێشکەشی حکومەت کرابوو ئەویش هیچ دەنگێکی نـەبـوو، هـەروەهـا حکومەت پێشتر بۆخۆی ڕەشنوسی پرۆژەیاسایەکی ئامادە کردبوو خۆیان کێشایانەوە، دواتر بە بڕیارێکی ڕەسمی ئەنجومەنی وەزیـران لیژنەیەک بەسەرپەرشتی وەزارەتـی پلاندانان بۆ دارشتنی ئەو پرۆژەیاسایە پێکهێنرا. ئـەوەی ئێمە پێشکەشمان کرد پرۆژەیەکی نوێ نەبوو بەڵکو هەموارکردنێکی جدیانەی ئەو پرۆژەیەبوو کە لیژنەیەک لەحکومەتەوە ئامادەی کردبوو بۆ چەسپاندنی ئەو پێنج خاڵە گرنگەی کە باسکرا.

ڕای گشتی: تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە لەلایەن حکومەت‌و پەرلەمانەوە ئەو بنەمایانەی ئێوە چەسپاندوتانە لەپرۆژە یاساکەدا قبولبێت؟

عەلی کەریم: وەکچۆن ئەوەی ئێمە پێشنیازە بەهەمانشێوە هەتا دەگاتە ئەو کاتەی کە سەرۆکی هەرێم ئیمزا لەسەر پرۆژەیاساکە دەکات هەموو بابەتەکان دەبنە پێشنیاز بـەڵام ئەوەیە ئاستی پێشنیازەکان دەگۆڕێت. ئەو پێشنیازانەی لەکۆمەڵگەی مەدەنییەوە بەرزدەکرێنەوە دیـارە هـی کەسانی تایبەتمەندنو ڕاستەوخۆ پەیوەستن بەپرسەکەوە، بۆیە دەبێت پێشنیازەکانیان بەئیعتیبار وەربـگـیـرێـت، ئـەوەشـی لـەلایـەن حکومەتەوە دەروات دەبێتە پێشنیازی دەسـەڵاتـی جێبەجێکردنو ئەویش قووەتی خۆی هەیە.

ئێمە بڕوامانوایە حکومەتی هەرێم لەکابینەی شەشەمدا دەیەوێت گۆڕانکاری بکاتو پەرلەمانی ئێستا جێیاوازە لەپەرلەمانەکەی پێشوو دەیانەوێت شتێک بکەن کە لەپێشودا نەکرابێت یان شتێک تەواو بکەن کەپێشتر هەنگاوێکی بۆ نراوە. بڕوامانوایە کۆمەڵگەی مەدەنی لـەکـوردسـتـان بـەو حوکمەی ڕۆژ بـەڕۆژ لەگەورەبوونێکی زیاتردایەو ڕۆڵو پـێـگـەی لـەڕووە سیاسی‌و ئابوری‌و کلتوری‌و فەرهەنگییەکەوە بەهێز دەبێت، لەبەرئەوە فراوانبوونی کۆمەڵی مەدەنی‌و جیاوازیی حکومەتی هـەرێـمو پێویستبوونی بەکرانەوە بەرووی کۆمەڵگەدا هەروەها جیاوازیی پەرلەمانی کوردستانو هەماهەنگی بۆ دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لەرێگەی زەمینەسازی یاساییەوە وادەکات کە تارادەیەک گەشبین بین بەوەی ئەگەر هەموویشی نەبێت بەڵام تـارادەیـەک پێشنیازەکانی کۆمەڵی مـەدەنـی لـەیـاسـاکـەدا وەک خۆی وەربگیرێت.

لـەڕاسـتـیـدا ئـەگـەر هـەمـوو پێشنیازەکانی ئێمەش جێبەجێبکەن هێشتا لانیکەمی مافەکانی کۆمەڵی مەدەنییان دابینکردووە چونکە بەراستی ئێستا لەدنیادا کۆمەڵگەی مەدەنی شەریکێکی زۆر گرنگی دەوڵـەتـە لەئیدارەکردنی هەموو کۆمەڵگەدا لەسیاسەت لـەئـابـووری لەدانانی پلانی ستراتیژی لەگۆڕانکاری بواری فێرکردن‌و پـەروەردە. ئێستا لەدنیادا دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) زۆر بچوکە، ئەو تێگەیشتنە زۆر کاڵبۆتەوە کە حکومەت دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، حکومەت لەدنیادا تەنها پلان دادەنێت ئەویش دیسان بەهاوکاری ئەو خەڵکانەی کە تایبەتمەندن لەبواری کۆمەڵگەی مـەدەنـیـداو دواتـر سەرپەرشتی‌و چـاودێـری جێبەجێکردنی پلانەکان دەکات. لەبەرئەوە ئێمە چاوەڕێی ئەوە دەکەین‌و دەبێت حکومەتی هەرێمو پەرلەمانی کـوردسـتـان‌و سەرۆکی هەرێم ئەوە لەبەرچاو بگرن بەزیاد لـەوەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی داوای کـردووە دیموکراسیەت لەیاساکەدا بچەسپێنرێت‌و پشتیوانی ئابووری دەوڵـەت بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی تێدا دەستەبەربکرێت‌و ئـازادی‌و ئاسانی لەدامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی تێدا پێت هەروەها بەدامەزراوەکردنی کۆمەلی مـەدەنـی‌و پاشەکشێکردنی حیزب‌و دامەزراوە حیزبیەکان لەکۆمەڵی مەدەنی تێدا بچەسپێنن.



عەلی کەریم، چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی

ڕای گشتی: لـەگـەڵ ئـەو گۆڕانی واقیعە سیاسییەی کە هەیەو ئێوە پێی گەشبینن، ئیشی ڕێکخراوەکان لەوەدا کۆتایی دێت دوای ئەوەی پرۆژەکەتان پێشکەشکردووە؟

عەلی کەریم: نەخێر دوای ئەمە دوو هـەنـگـاوی زۆر گرنگی دیکە دەمێنێت یەکەمیان ئەوەیە کە دەبێت چاودێرییەکی ورد بکەین بۆئەوەی لەپەرلەمان‌و حکومەتدا پرۆژەیاساکە بە ئاراستەیەکدا نەبڕێت کە دژ بە ناوەڕۆکە دیموکراسییەکەی ئەو پرۆژە یاسایە بێت چونکە ئەوە لای ئێمەوە گرنگە کە ئەو یاسایە مـاف‌و ئازادییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زامن بکات، بۆیە دەبێت لەپەرلەماندا چاودێرییەکی وردی بکەین تا پاشەکشێ بە ناوەڕۆکە دیموکراسییەکەی نەکرێت.

دووەم: ئەگەر پرۆژەکە بە لاڕێدا برا ئەوکاتە ئالیەتی دیکە دەگرینەبەرو ڕەنگە لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمدا قسە بکەین‌و کەمپین بکەین، بەتایبەتی ئـەو هەوێنە زیـنـدووەی کۆمەڵگەی مەدەنی کەخۆیان لەچەند ڕێکخراوێکی چالاکی مەدەنیخوازدا دەبینێتەوەو ئەفکاری مەدەنییان پێیە دەتوانن قسەی خۆیان هەبێت‌و ئالیەتی نوێ دەگرنەبەر بۆئەوەی پرۆژەکە بەو ئاراستەیەدا بەرنەوە کە لەخزمەتی کۆمەڵی مەدەنیدا بێت.

ڕای گـشـتـی: ئـەوەی تێبینی دەکرێت زۆرێک ڕێکخراو نارازین لەو پرۆژەیاسایە بەتایبەتی لەبارەی نەمانی مینحەی ڕێکخراوەکانەوە، ئایا ئەمە نابێتە لەمپەر لەبەردەم کاری ئێوەو ئەو پرۆژەیاسایەی کە ئێوە خوازیارن بەوشێوەیە بکرێتە یاسا؟

عەلی کەریم: پێش ئەوەی دامەزراوە حیزبییەکان لـەبـەردەم گـەشـەی کۆمەڵگەی مەدەنیدا گرفتن زۆرجار کۆمەڵێک لەو دامـەزراوە سیاسی یان کۆمەڵایەتیانەی کەناویان لێنراوە کۆمەڵگەی مەدەنی گرفتن، ئەمانە نەک هەر کاری کۆمەڵگەی مەدەنی ناکەن بەڵکو گرفتیشن لـەبـەردەم گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، ئەمەش نەک هەر لەو پرۆژەیاسایەدا بەڵکو لەهەموو ڕووەکـانـی دیـکـەشـەوە، مـن لـێـرەدا ئامـاژە بە دوو خاڵ دەدەم:

یـەکـەم: ئێمە داوامـان کـردووە مینحەیەکی جێگیر بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بمێنێت واتا بە تەنها کرێی خانوو کرێی ئینتەرنێتو هێڵی تەلەفۆن، بۆ نمونە هەموو ڕێکخراوێک ملیۆن‌و نیوێک تا دوو ملیۆنی پێبدرێت بەڵام ئەگەر ڕێکخراوێک کاری نەکرد ئەو مینحەیەی لێوەربگیرێتەوە، ئەمەش بە مەرج دەبێت‌و کۆمسیۆنەکە دیاریدەکات. بۆ نمونە دوای ساڵێک دامـەزراندن ئـەو پارەیە بدرێت بەڕێکخراو یان هەلسەنگاندنی ڕێکخراوەکان بکرێت دوای شەش مانگ ئەگەر کاری نەکرد ئەوا مینحەکەی لێوەربگیرێتەوە.

دووەم: ئێمە داوامـان کـردووە بە پـرۆپـۆزەڵ بودجە بەڕێکخراوەکان بدرێت چونکە لەوە تێگەیشتین کە زۆرن ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕەنگە دەسەڵاتیش گوێیان لێبگرێت بـەڵام هیچ توانای کارکردنیان نییەو چاویان لەوەیە کە مانگانە مووچە وەربگرن.

ڕای گشتی: واتا نارازیبوونی ئەو ڕێکخراوانە ترسی تەسفیەبوون‌و نەمانی بەرژەوەندی کۆمەڵێک کەسە یان هۆکاری تر هەیە؟

عەلی کەریم: بەڵێ کەسانێک هەن بە ئاشکرا وتویانە ئەگەر مینحەمان ببڕن ئێمە یەک مانگ دەوام ناکەین چونکە کەسمان ئامادەنین کاری خۆبەخشی‌و مەدەنی بکەین! ئـەوان کاتێک کاری مەدەنی دەکـەن کە دەوڵـەت پارەیان پێبدات چونکە دواجار ئەوان پێیانوایە تـەواوکـەری پرۆژەیەکی سیاسیی‌و ئایدیۆلۆژین. بەربەستی ئەوان لێرەوە دێت‌و شەڕی گەورەی ئەو ڕێکخراوو دامودەزگا نامەدەنییانەی کە ناویان لێناون کۆمەڵی مەدەنی ناتوانن بەبێ مینحەیەکی جێگیر بەردەوامێتی بە خۆیان بـدەن چونکە لەبنەماوە وا دروستکراون کە هەندێک بەرژەوەندی سیاسی هەندێک لایەنی دیاریکراو لەبەرامبەر ئەوەدا معاشیان پێبدرێت.

«ئێستا لەدنیادا دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) زۆر بچوکە، ئەو تێگەیشتنە زۆر کاڵبۆتەوە کە حکومەت دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، حکومەت لەدنیادا تەنها پلان دادەنێت ئەویش دیسان بەهاوکاری ئەو خەڵکانەی کە تایبەتمەندن لەبواری کۆمەڵگەی مەدەنیداو دواتر سەرپەرشتی‌و چاودێری جێبەجێکردنی پلانەکان دەکات»

«زۆرن ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕەنگە دەسەڵاتیش گوێیان لێبگرێت بەڵام هیچ توانای کارکردنیان نییەو چاویان لەوەیە مانگانە مووچە وەربگرن»

د. نوری تاڵەبانی :

«کەموکورتی لە پرۆژەی دەستوردا هەیەو پێویستە پێش ئەوەی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە دەنگی لەسەر بدرێت چاکبکرێن»

دیمانە: رای گشتی

دکتۆر نوری تاڵەبانی پسپۆری بواری یاسایی و دەستووریی لەم دیمانەیەدا تیشکدەخاتە سەر ئەو ئیشکالیەتە یاساییانەی لەرەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هەیەو بروایوایە مانەوەی چەند برگەیەکی دەستوری لە رەشنوسەکەدا دەبێتەهۆی دروستکردنی فشاری سیاسی لەسەر کورد لەلایەن حکومەتو لایەنە سیاسییەکانی عێراقی و دەوڵەتانی ناوچەکەو دەوڵەتە زلهێزەکان، هەروەها ئەوەش دەخاتەروو لەبەرئەوەی سەرۆکی هەرێم راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە ئەوا بەرپرس نابێت بەرامبەر پەرلەمان کە راستەوخۆ دەنگدەران ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێتو بەرپرسیش نابێت بەرامبەر حکومەت چونکە سەرۆکی بالای دەسەلاتی راپەراندنە.

رای گشتی: بەرێزتان لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە باس لەگرنگی بوونی دەستورێک دەکەن بۆ هەرێمی کوردستان ئەو هۆکارنە چین بوونەتەهۆی ئەوەی تائێستا هەرێمی کوردستان دەستوری نەبێت؟

د. نوری تاڵەبانی: بۆ ڕێکخستنی تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستانو دامەزراوەو دەزگاکانی، دەبوو پاش پەسەندکردنی سیستمی فیدرالی لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢دا پەرلەمانی کوردستان هەنگاوێکی دیکە بنێت بۆ پەسەندکردنی دەستور بۆ هەرێمی کوردستان. لەهاوینی ساڵی ١٩٩٢دا بەهاوکاری کۆمەڵێک قانوننناسی کوردستان پرۆژەی دەستوورێکم بۆ هەرێمی کوردستان ئامادەکرد، بەڵام پەرلەمان لەبەر هۆکاری سیاسی تەماشای نەکرد. کەسانێک دەیانگوت پێویستمان بە دەستور نییە، هەبوو دەیگوت دەبێت چاوەڕێی دەستووری عێراق بکرێت. قانوننناسانی سەر بە هەردوو حیزبی سەرەکی کوردستان لەگەڵ ئەو بۆچوونە بوون کە دەبێت چاوەڕێی پەسەندکردنی دەستووری عێراق بکرێت.

لە مانگی تەممووزی ساڵی ٢٠٠٥دا پەنجاو نۆ پەرلەمانتاری سەر بەهەموو لایەنەکانی پەرلەمان لەداواکارییەکدا کە پێشکەش بە سەرۆکایەتی کرابوو، تێیدا داوای تاوتوێکردنی ئەو پرۆژە دەستوورەیان کرد کە پێشتر ئامادەکرابوو. جێگای داخە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەبەر هۆکاری سیاسی ئەو داواکارییەی نەخستە بەردەم پەرلەمان تا ئەو کاتەی دەستووری عێراق دەنگی لەسەردراو



دکتۆر نوری تاڵەبانی

پەسەندکرا.

رای گشتی: شارەزایانی قانوون و دەستوور باس لەبوونی ئیشکالیەت لەرەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستاندا دەکەن بەبروای بەرێزتان وەک پسپۆرێک لەو بوارەدا ئەو ئیشکالیەتانە چین کە لەڕەشنوسی دەستورەکەدا هەن؟

د. نوری تاڵەبانی: یەکێک لەو ئیشکالیاتانەی لەرەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا بەرچاودەکەون ماددەی دووەمی ئەو پرۆژەیەیە. ئەو ماددەیە تەرخانکراوە بۆ دیاریکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستانو لەبرگەی یەکەمیدا سنووری جۆگرافیای هەرێم دیاریدەکات، بەڵام لەبرگەی دووەمیدا باس لە سنووری سیاسی هەرێم دەکات بە پشتبەستن «بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق». ئەم دوو برگەیە پێچەوانەی یەکترن، برگەی دووەم کە برگەیەکی تایبەتە تەقییدی برگەی یەکەم دەکات کە برگەیەکی گشتییە. بەپێی پرەنسیپێکی قانونی (الخاص یقید العام)، برگەی دووەم کە دەستنیشانکردنی سنووری سیاسی هەرێمە بە پشتبەستن بە ماددەی ١٤٠ بەستوویەتیەوەو تایبەتە. هەروەها ئەو ماددەیە بۆ نەهێشتنی ئاسەوارەی سیاسەتی بەعەرەبکردن دارێژراوە بەپێی ئەو میکانیزمەی دیاریکردووە. تا ئێستا نازانین بە چ شێوازێکو کەی جێبەجێ دەکرێت؟!.

مانەوەی ئەم ماددەیە دەبێتە هۆکاری دروستکردنی فشاری سیاسی لەسەر کورد لەلایەن حکومەتو لایەنە سیاسییەکانی عێراقیو دەوڵەتانی ناوچەکەو دەوڵەتە زلهێزەکان، ئەوەش لە بەرژەوەندی دوارۆژی ئەو ناوچانەدا نییە کە ماددەی ١٤٠ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان دارێژراوە. ئەو برگەیە پێویستە وەک پێشتر چەندینجار داوامانکردووە لابرێتو لە پرۆژەکەدا نەمێنێت.

رای گشتی: تێگەیشتنێک هەیە کە بەرژەوەندی پارتە سیاسییەکان زاڵە بەسەر رەشنوسی دەستورەکەدا، بەبۆچونی ئێوە ئەم تێگەیشتنە تا چەند راستە؟ ئایا دەکرێت دەستور بەپێی بەرژەوەندیی پارتە سیاسییەکان ئامادە بکرێت؟

د. نوری تاڵەبانی: پرۆژەی دەستوور دەبێت بەپێی بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان دابڕێژرێت، نەک بەرژەوەندی پارتە سیاسییەکان. بە شێوەی گشتی گوێ لەو شارەزایانە نەگیراوە کە سەر بەو حیزبانە نەبوون، ئەوەش بۆتەهۆی ئەوەی کەبۆچوونە تایبەتییەکانیان لەدارشتنی بەشێک لە ماددەکانی ئەو پرۆژەیەدا دەرکەون.

رای گشتی: لە دۆخێکی نائارامداو لەسەروبەندی پێش هەڵبژاردنی ٧/٢٥ دا خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان پرۆژەی دەستووری پەسەندکردو ویستی بیخاتە ڕاپرسی جەماوەرییەوە بەتێگەیشتنی بەرێزتان دەبێت لەئێستادا پەرلەمانو دەسەلات چی لەو بارەیەوە بکەن؟

د.نوری تاڵەبانی: پەرلەمان دەتوانێت داوای تەماشاکردنەوەی ئەو پرۆژە دەستوورە بکاتەوە، بەڵام بەپێی قانوونی پەسەندکردنی دەستوور پێویستە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان دەنگ بۆ ئەو دەستکاریانە بدەن کە پێشنیازی دەستکاریکردنیان دەکرێت. لە راستیدا کەموکورتی لەو پرۆژەیەدا هەیە، بەشێکیان پێویستە چاکبکرێن پێش ئەوەی پرۆژەکە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە دەنگی لەسەر بدرێت.

رای گشتی: بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر دەستور پێویستە چ ئالیەتێک بگیرێتە بەر؟

د. نوری تاڵەبانی: ئەو ئالیەتە لە قانوونی پەسەندکردنی دەستووری هەرێمدا بە وردی دیاری نەکراوە. بۆ نموونە، ڕێژەی دەنگدەران دەستنیشان نەکراوە، ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە دەبێت بە چ ڕێژەیەک بەشداری بکەن، ٥٠٪یان کەمتر بۆ ئەوەی ئەو ریفراندۆمەی ڕێکدەخرێت پەسەند بکرێت.

رای گشتی: بەگوێرەی رەشنوسی دەستوری هەرێم سەرۆکایەتی هەرێم نزیکەی ٢٨ دەسەلاتی گرنگی پێدراوە، ئایا بوونی ئەم دەسەلاتە زۆرە لە ئایندەدا مەترسی تاکرەوی لەسەر سیستمی سیاسیی هەرێم دروست ناکات؟

قانوونناسانی سەر بە هەردوو حیزبی سەرەکی کوردستان لەگەڵ ئەو بۆچوونە بوون کە دەبێت چاوەڕێی پەسەندکردنی دەستووری عێراق بکرێت

د. نوری تاڵەبانی: بەشی زۆری ئەو دەسەلاتانەی بە سەرۆکی هەرێم دراون پێشتر دەبێت لەلایەن پەرلەمان یان ئەنجومەنی وەزیرانەوە بریاریان لەسەر بدرێت، ڕەزامەندبوونی سەرۆکی هەرێم لەو حالەتانەدا زیاتر پرۆتۆکۆلیە. بەڵام لەبەرئەوەی لەلایەن دەنگدەرانەوە ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت، بەرپرس نابێت بەرامبەر پەرلەمان کە ئەندامەکانی ڕاستەوخۆ لەلایەن دەنگدەرانەوە هەڵدەبژێردرێن، هەروەها سەرۆکی هەرێم بەرپرس نابێت بەرامبەر حکومەتیش چونکە سەرۆکی بالای دەسەلاتی ڕاپەراندنە.

رای گشتی: دەکرێت سیستمی سیاسی هەرێم پەرلەمانی بێت، بەڵام سەرۆکی هەرێم دەسەلاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەبێت وەک لە رەشنوسەکەدا هاتووە؟

د. نوری تاڵەبانی: کێشە لەوەدایە سیستمی حوکمرانی لە عێراق بەپێی دەستوورەکەی پەرلەمانیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا، لەبەرئەوەی سەرۆکی هەرێم ڕاستەوخۆ لەلایەن دەنگدەرانەوە هەڵدەبژێردرێت نەک لەلایەن پەرلەمانەوە، سیستمەکەی بەلای سەرۆکایەتیەوە هەژمار دەکرێت نەک پەرلەمانی.

ASK: خولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستان لەکۆی ٣٢ پرۆژەیاسا تەنها (٧) پرۆژەیاسای پەسەندکردووە

ئا: رای گشتی

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کوردی ASK خولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستان وەک پێویست چالاک نەبووەو لەماوەی ٩ مانگی کارکردنیدا تەنها حەوت یاسای دەرکردووەو نەیتوانیوە ڕۆڵی مەرجەع ببینێت لەمەسەلە چارەنوسسازەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان.

لە ڕاپۆرتەکەی ASKدا هاتووە کە «خولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستان بەهەردوو خولی گرێدانی یەکەم و دووەمەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ (٣٣) پرۆژەیاسا کردووە، لەکۆی هەموو ئەمانەشدا تەنها (٧) پرۆژە یاسا پەسەندکراوە، واتا پەرلەمان تا ئێستا (٧) یاسای دەرکردووە، ئەوانیش بریتین لە: (یاسای هەڵوەشاندنەوە و لێکدانی هەندێک لە وەزارەتەکانی حکومەت، یاسای هەموارکردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران، یاسای هەموارکردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٠، یاسای دەستەی گشتی جێناکۆکەکان، یاسای دەستەی پاراستنو چاککردنی ژینگە، یاسای دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ).

هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەداوە کە « هەر حەوت پرۆژە یاسا پەسەند کراوەکە لەلایەن حکومەتەوە نێردراوەتە پەرلەمانو هەریەکە لە فراکسیۆنەکانی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی تێبینی ئەوەیان کردووە کە پرۆژە یاساکانی ئەوان وەک ئۆپۆزسیۆن دوادەکەوێتو جیاوازی دەکرێت لەنێوان ئەو پرۆژانەی کە حکومەت ڕەوانەی پەرلەمانیان دەکات بەبەراورد لەگەڵ ئەو پرۆژە یاسایانەی لەلایەن فراکسیۆنە پەرلەمانییەکانەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت».

سەبارەت بەوەی کە پەرلەمان نەیتوانیوە ڕۆڵی مەرجەع ببینێت لە مەسەلە چارەنوسسازەکاندا لەڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەچەند ماددەو برگەیەکی یاسایی و دەستووریی دراوە کە ئەم مافەی بۆ پەرلەمان دەستەبەرکردووە لەوانەش: ماددەی (٤٠) لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان کە ساڵی پار لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا یاخود بەپێی بریاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمان یاخود بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان کەتێیدا هاتووە (پەرلەمانی کوردستان تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستوورییە بۆ بریاردان لەسەر پرسە چارەنوسسازەکانی گەلی کورد لە دیاریکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەسەلاتەکانی کۆماری فیدرالی عێراق جا بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە گەلی کوردستانەوە هەبێت). لەڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە کە پەرلەمان « لەڕووی واقیعی و کردارییەوە نەیتوانیوە ئەم ڕۆڵە بگێڕێت، بۆ نموونە تا ئێستا پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە چوار فراکسیۆنە کوردییە سەرکەوتووەکەی هەڵبژاردنی گشتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبکاتەوە کە ڕۆژی (٧-٣-٢٠١٠) ئەنجامدرا».

هەروەها لە ڕاپرۆتەکەی ASKدا هاتووە کە « پەسەندکردنی بەرنامەو پەیڕەوی هاوپەیمانێتی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمو لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەبێ گەرانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان هێما بوو بۆ بۆئەوەی کە ڕۆڵی پەرلەمان پشتگوێبخرێت سەبارەت بە مەسەلە چارەنووسسازەکانی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانی کوردستانیش لەم ڕووەوە بەشێوەیەکی ڕەسمی هیچ هەڵوێستێکی ناڕەزایەتی دەرنەبڕیوە».


پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن
KURDISH INSTITUTE for ELECTIONS
نە نجامی را پرسی
رەشنوسی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان

١/ وێنەی ئاماریی زانیاریيە سەرەتاییەکانی نموونەی راپرسییەکە

وێنەی ئاماریی ژمارە -١-

چۆنێتی دابەشکردنی فۆرمەکان بەپێی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان


پارێزگا	قەزا	ژمارەی فۆرمی دابەشکراو	ڕێژەی سەدیی
هەولێر	شەقلاوە، سۆران، هەولێر	١٨٠٠	٪٣٦
سلێمانی	حاجیاوا، کەلار، کفری، قەرەی سلێمانی، قەڵادزێ، رانیە، سەروچاوە، ڕزگاری، پێنجوێن، بارەدێر، جەمجەماڵ، شوڕش	٢٠٠٠	٪٤٠
دهۆک	دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ	١٢27	٪٢٤
کۆی گشتی		٥٠27	٪١٠٠



وێنەی ئاماریی ژمارە -٢-

تەمەنی نموونەیی بەشدارانی راپرسییەکە


تەمەن	ژمارەی بەشداربوو	ڕێژەی سەدیی
١٨- ٣٠ ساڵ	٣٨٨٩	٪٧٧,٣
٣١- ٤٠ ساڵ	٧٤١	٪١٤,٧
٤١-٥٠ ساڵ	٣٠١	٪٦
٥١ ساڵ و بەرەوژوور	٩٦	٪٢
کۆی گشتی	٥٠٢٧	٪١٠٠



وێنەی ئاماریی ژمارە -٣-

ڕەگەزی نموونەیی بەشدارانی راپرسییەکە


ڕەگەز	پرکەڕەوەی فۆرم	ڕێژەی سەدیی
نێر	٢٨٦٥	٪٥٧
مێ	٢١٦٢	٪٤٣
کۆی گشتی	٥٠٢٧	٪١٠٠



وێنەی ئاماریی ژمارە -٤-

ئاستی خوێندنی نموونەیی بەشدارانی راپرسییەکە


ئاستی خوێندن	ژمارەی بەشداربوو	ڕێژەی سەدیی
بنەڕەتی	٦١٥٥	٪١٢,٢
ئامادەیی	١١٠٠	٪٢١,٨
دیپلۆم	١١٣٧	٪٢٢,٦
بەکالۆریۆس	٢٠٤٥	٪٤٠,٦
ماستەر	٨٨	٪١,٩
دکتۆرا	٤٢	٪٠,٨
کۆی گشتی	٥٠٢٧	٪١٠٠



٢/ وێنەی ئاماریی وەڵامەکانی نموونەی راپرسییەکە بۆ پرسیارەکان

١- ئایا پێتباشە جارێکی تر پرۆژەی دەستور ببڕێتەوە بەردەم پەرلەمان؟

وەڵامەکان	ژمارەی دووبارەکان	ڕێژەی سەدیی
بەڵێ	٣٩٨٧	٪٧٩
نەخێر	١٠٤٠	٪٢١
کۆی گشتی	٥٠٢٧	٪١٠٠




٢- ئایا پێتباشە ئەو کەسەی پۆستی سەرۆکی هەرێم وەربگرێت پۆستی حیزبی هەبێت؟

وەڵامەکان	ژمارەی دووبارەکان	ڕێژەی سەدیی
بەڵێ	١٤٢٧	٪٢٨
نەخێر	٣٦٠٠	٪٧٢
کۆی گشتی	٥٠٢٧	٪١٠٠




٣- ئایا فراوانی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم کاریگەری لەسەر سیستمی پەرلەمانی دەبێت؟

وەڵامەکان	ژمارەی دووبارەکان	ڕێژەی سەدیی
بەڵێ	٢٨٩٤	٪٥٧,٥
نەخێر	٢١٢٣	٪٤٢,٥
کۆی گشتی	٥٠٢٧	٪١٠٠




٤- ئایا بوونی پۆستی جێگر بۆ سەرۆکی هەرێمو سەرۆک وەزیران هیچ بایەخێکی هەیە؟

وەڵامەکان	ژمارەی دووبارەکان	ڕێژەی سەدیی
بەڵێ	٢٨٠٣	٪٥٦
نەخێر	٢٢٢٤	٪٤٤
کۆی گشتی	٥٠٢٧	٪١٠٠




٥- ئایا پێتباشە حیزبەکان بودجە لە حکومەت وەربگرن؟

وەڵامەکان	ژمارەی دووبارەکان	ڕێژەی سەدیی
بەڵێ	٢٨٤٧	٪٥٦,٦
نەخێر	٢١٨٠	٪٤٣,٤
کۆی گشتی	٥٠٢٧	٪١٠٠



٦- ئایا پەپێویستی دەزانی دەقێکی دەستووریی هەبێت لەبارەی دیاریکردنی سەرو سامانی بەرپرسانی دەوڵەتو کاربەدەستان پێش وەرگرتنو پاش کۆتاییهاتنی پۆستەکانیانو دیاریکردنی سەرچاوەکانی؟

وەڵامەکان	ژمارەی دووبارەکان	ڕێژەی سەدیی
بەڵێ	٤١٥٤	٪٨٢,٦
نەخێر	٨٧٣	٪١٧,٤
کۆی گشتی	٥٠٢٧	٪١٠٠



٧- ئایا پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانت بەلاوە پەسەندە؟

وەڵامەکان	ژمارەی دووبارەکان	ڕێژەی سەدیی
بەڵێ	٢٣١٠	٪٤٦
نەخێر	٢٧١٧	٪٥٤
کۆی گشتی	٥٠٢٧	٪١٠٠

